# کلتووری کورد


Kurdish Culture Magazine

**گۆڤارێکی کلتووریی ڕۆشنبیریی گشتیی وەرزییە خانەی کلتووریی لەپزێڕین لە کۆیە دەریدەکات**

**ڕەزبەری ٢٧١٦ / ئەیلولی ٢٠١٦**

خاوەن ئیمتیاز
**د. عەتیە حەمە سەعید لەپزێڕین**

سەرنووسەر
**فازیل شەوڕۆ**

بەڕێوەبەری نووسین
**د. هاوژین صلیوە**

دەستەی نووسەران
**عەبدولکەریم شێخانی**
**د. هێمن عەبدولحەمید شەمس**

سەرپەرشتیاری چاپ و بڵاوکردنەوە
**دێدەوان یەعقوب**

ڕاوێژکاری یاسایی
**ئاسۆ هاشم**

دیزاین
**توانا ئەحمەد**

چاپ
**چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر**



ناونیشان
کۆیە، شەقامی سەرا، خانەی کلتووریی لەپزێڕین.

Email: kalturikurd@gmail.com
Mobile: (٠٠٩٦٤) ٠٧٧١ ٢٠ ٩٠ ٧٠٢
(٠٠٩٦٤) ٠٧٧٠ ١٥ ٣٠ ٢٩٣


## ڕەوتی گۆڤارەکە:

**-کلتووری کورد گۆڤارێکی کلتووریی ڕۆشنبیریی گشتیی وەرزییە، بایەخ بە ناساندن و خزمەتکردن و بەرزڕاگرتنی کلتووری کوردی دەدات، لە ڕێی داتەکاندنی تەپوتۆزی ڕۆژگارە ڕەشەکانی سەردەمی ژێردەستی و ئارایشتکردنەوەی ڕوخسارە جوانەکانی، بە مەبەستی بەرجەستەکردنیان لە ژیانی سەردەمیی ئیمڕۆ و ئایندەدا.**

**-دەوڵەمەندکردنی ئەرشیف و کانگای سەرچاوە کوردییەکان بە زانیاری دەربارەی کلتووری نەتەوەکانی دیکە و ئاشنابوون و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی مەڵبەندە کلتوورییەکانی دنیاو بەرهەمەکانیان.**

**-کاردەکات بۆ خولقاندنی کەش و هەوایەکی لەبار بۆ دانان و تۆمارکردنی ئینساکلۆپیدیای کلتووری کوردی.**

**-دەستی ئەو نووسەر و توێژەر و لێکۆڵەرانە دەگرێت کە خەمخۆری کلتووری کوردین و کار بۆ زیندووبوونەوە و گەشەکردنی دەکەن.**


ژمارە ٤

## لەم ژمارەیـەدا ئەم بابـەتانە بخوێنـەوە:

• رایەك.. بۆ لێکۆڵینەوە
كێ هونەرمەندە ؟
د.مەولود ئیبراهیم حەسەن.............. (٥)

• وەرگێڕانی وسەی قانوونی لەعەرەبییەوە بۆ
کوردی
د. نوری تاڵەبانی.................................. (١١)

• لەئەفسانەکانی کەلتوری کوردەواری
مەولود ژاکاو.................................(١٥)

• چەند سەرنجێ لە ماناکانی «کولتوور» و
«کەلەپوور»
د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ......................(١٦)

• پۆشاکی پێشمەرگە (لەدەڤەری کۆیە)
فازیل شەورۆ ..................................(٢٢)

• گریان لە دیدی کلتوور و زانستەوە
دکتۆرە عەتییە...........................................(٢٦)

• پێناسەو چەمکی بەیت
سابات حەمید مەجید غەفوری...................(٢٩)

• چیرۆکا عەلی بەگێ کەلا ئاشویتێ و کەوکا
گۆزەل
جەمیل محەمەد شێلازی .........................(٤٨)

• هەژمونی سیما کلتورییەکانی خێڵ
لەکوردستاندا
د. هێمن عەبدولحەمید شەمس.....................(٦٢)

• سەرپۆشەکەی دایکم
محەمەد کەریم نانەوا ..............................(٦٦)

• هێمنی موکوریانی: ویژدانی زیندووی گەل
عەبدولخالق یەعقووبی ............................(٧٠)

• بەرەو کلتوور
شێخ چاپوك هاتبوو خۆی بشوات
برزوو أسماعیل منسور ............................(٧٢)

• یەکەم مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی لە هەولێر
ئا: پ. د. عومەر پەتی..........................(٧٥)

• کفتەی سابوونکەران
ڕێبوار حەمەتۆفیق......................................(٨٠)

• چەند تایبەتمەندی و سیفاتێکی ئاژەڵان
د. هاوژین صلیوە .................................(٨٢)

• کەپر،ماڵە کاتییەکەی دەشتودەری کوردەواری
ئا: هەناسە کۆیی ...................................(٨٦)

• کارگەچییەتی (لبادچی) لە کۆیە
دێدەوانی یەعقوب ................................(٨٨)

• کلتوور و شانۆ (٢-٢)
کەیفی ئەحمەد..............................................(٩٢)

• کەو لە فۆلکلۆری کوردیـدا
باوکی ڕەسەن .........................................(٩٨)

• ناوبانگی شوێن لە بەرهەمدا
عەبدولوەهاب شێخانی.................................(١٠٣)

• پارچەشیعرێکی بڵاونەکراوەی
(د. ئەبوبەکر خۆشناو)
عبدالواحید ئیدریس ................................(١٠٥)

• یارییە فۆلکلۆرییەکان
هۆشیار بەکر عەزیز ................................(١٠٨)

* بابەتەکان گوزارشـت لە ڕای نووسـەرەکانیان دەکەن، گۆڤارەکە لێیان بەرپرس نییە.
* تکایە بابەتی بڵاوکراوە مەنێرن.

# سەروتار

# لەم عەولەمەدارییەدا چ لەکلتوور کەم؟!



## سەرنووسەر

هەمیشە دەڵێین، خۆشبەختانە، ئێمە خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندین لە کلتوور بە هەردوو باڵەکەیەوە: فۆلکلۆر و کەلەپور. واتا بەرهەمەکانی مەعنەویی و ماددیی کلتوور .،لێ، زۆریش دەبیستین، دەڵێن، جا لەم سەردەمەدا، کە سەرپۆشی عەولەمە لە هەموو بالآی جیهان ئالآوە، کێ لە کلتوور دەپرسێتەوە؟

وا نییە! کورد دەڵێ:» هەر شتە بەشتی خۆی.» ئەگەر دوێنێ،بازنەی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی کلتووریی زۆر بەرتەسك و سنووردار و تایبەتمەند بووبن، ئەوا تەکنەلۆژیای سەردەم و پێشکەوتنی زانستیی هاوچەرخ، بە دەیان و بە سەدان دەرگا و پەنجەرەی بە ڕووی ئەو کلتوورەدا کردۆتەوە، کە لەبەر چاوی هێندەکان، دەمێکە مردار بۆتەوە.

کێشەکەی ئێمە، ئەوەندەی لە بێئاگایی و ناهۆشیاریی و دەستوپێ سپیی خۆمان دایە، نیو ئەوەندە لە گەردنی عەولەمە و بچووکبوونەوی جیهاندا نییە. بە ئاوڕدانەوەیەك لە وڵاتە پێشکەتووەکان، کە سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ کلتووری خۆیاندا دەکەن و زیرەکانە لە بوارەکانی ژیاندا تەوزیفیانکردوە، تێدەگەین کە ئێمە نەك بەچاوی ئاوەژووکراوەوە سەیری کلتووری خۆمان دەکەین، بەڵکو غەدریشی لێدەکەین.

دەکرێ بوارە هەمەڕەنگەکانی زمان و زمانەوانی و فەرهەنگ بە هەموو ڕشتەکانیانەوە، دەوڵەمەند بکەین بە خواستنەوە و داتاشین و ئاڵوگۆڕکردنی هەزاران وشەو و زارە و سەرچاوە کە لە فۆلکلوری کوردیدا هەن، ئەمەیش زانستییانە لەڕیی واتاسازییەوە، ئەنجامدەدرێ، واتا لێرەدا تۆ دەبێ هەموو کلتوورناسی کارامە و هەم واتاسازیی دەستڕەنگینت هەبێ. کە بەداخەوە هەر دووکیان زۆر کەمن . .

دەکرێ لە هونەرەکانی شێوەکاری و شانۆ و سینەما و فۆتۆگراف و پەیکەرداتاشین ...تاد، دەست بۆ بەرهەمەکانی کەلتووری بەرین و بە ڕەنگ و دەنگ و قالب و ڕوخساری سەردەمییانە دیسان

دایانرێژینەوە  و لە شتی کۆنەکان، بیرۆکەی نوێی داهێنەرانە وەدەست بێنین. دەکرێ لە شێوازی پۆشاك و جلکوبەرگی جاراندا، مۆدێل و ستایلی هاوچەرخانە ببرین و بەرهەمی تازەبابەت بخەینە بەردەست. هەربۆ نموونە، کلێتەی خوری و دەزووی بە گوڵینگەی پیاوانە، کە لە شستەکانی سەدەی ڕابردوو ژنی کورد دەیانچنی، وا ئیمڕۆ لە وڵاتانی بەرازیل و ئەرژەنتین لە کارگەکاندا بەرهەم دەهێنرێن و بازاڕی جیهانیان ـ بە بازاڕی کوردستانیشەوە ـ داگیرکردوە، بەڵام ئێمە نەمانتوانی سەردەمییانە نوێیان بکەینەوە و داهاتی لێ وەدەست بێنین. دەکرێ لە شێوازی خانووبەرە و کۆشك و قەسروقسوور و قەیسەری و خان و شوێنەوارەکانمانەوە، نەخشەی تازە و دیکۆری تازە و شێوازی نوێ دابهێنین و ئاوێتەیانکەین بە شێوازە بەرچاوەکانی هاوچەرخ، دەرگا و پەنجەر و  تاق و کوڵەکەکانی جاران لە بونیاتە نوێیەکاندا نوژەن بکەینەوە، بە شکڵ و ڕۆحێکی جیاوازەوە. دەکرێ ئاواز و گۆرانی و مۆزیکی کۆنی کوردەواری بە لاساییکردنە و بەکارهێنانی ئامێرە کۆنەکانی مۆزیك و ئامێرە سەردەمییەکانی ئێستا کە هەستیارکراون بە تەکنەلۆژیایی سەردەم، سوودیان لێوەربگیرێت.  ئێوە دەزانن کە مۆزەخانە و کلتوورخانەکان، لە وڵاتاندا، سەرچاوەی باشی داهاتن. هەر بۆنموونە، وڵاتێکی چوار ملیۆن حەشیمەتی کۆماری ئایرلەندای باشوور، ساڵانە هەشت ملیون گەشتکەر سەردانیان دەکەن، جا دانەیەك لە ئینجیلێکی دەستنووسیان لەناو شووشەبەندێکی گوللەنەبڕ داناوە، هەر سەیرکردنی بە (١٥) یۆرۆیە. بۆیە ئێستا کلتوورخانەی ناحکومی دادەمەزرێنن و دەستکەوتی باشیان بۆ مسۆگەردەکات، هەر لە وڵاتی لوبنانی دراوسێماندا، چەندین کەس ماڵەکەی خۆیان کردۆتە مۆزەخانە و کلتوورخانە بۆ پارە پەیداکردن.

دەکرێ ساڵانە یان وەرزییانە لە شارەکاندا کەرنڤاڵ و فیستڤاڵی کلتووری ئەنجامبدرێت و خەڵکان لە شارەکانی دیکە و وڵاتانی دەرەوە بێن بۆ بەشداری کردن و سەردانی کردنیان. یان لە بۆنەکانی مەڵبەندە زانستیی و ئەدەبییەکاندا، وەك زانکۆ و پێشانگا نیوتەوڵەتییەکان و کۆڕ و کۆبونەوەی گەورەکاندا، کلتوور جێگە وپێگەی خۆی هەبێ، وەك ئەوەی  کە لە پێشانگای  نیوّدەوڵەتی کتێب کە ساڵانە لەشاری فرانکفۆرت بەڕێوەوە دەچێت. دەکرێ کازینۆ و کافتریا و چێشتخانەی کلتووری لە شارەکاندا بکرێنەوە و بەرهەمی بە تامولەزەتی کوردەواری پێشکەش بە کڕیار و  هاموشۆکەرانی خۆیان بکەن و دەستکەوتیشیان هەبێ.

لێرەدا  ناپرژێمە ناو جیهانی ئەدەب و نووسین، چونکە ئەدیب و شاعیر و نووسەرەکان، لە هەر بوارێکی ئەدەبیدا، بەهرەمەند بن، خۆیان بایەخ و سەنگ و قەدر و قیمەتی کلتووری نەتەوەکەیان دەزانن و هەمیشەش لە کێبڕکێی ئەوەدان، کە لە نوێترین داهێنانیاندا، باشترین سوودیان لە کلتوور وەرگرتبێ و زۆریشیان سنووری کلتووری نەتەوەیی یان بەزاندووە و شارەزایی باشیان لە کلتوورەکانی غەیرە زمانیش پەیداکردووە.

ڕەنگ بێ زۆر بوار مابێ کە بەندە بەلایدا نەچوو بم، دڵنیاشم زۆر بوار هەیە کە عەوجە بە کلتوورە بەڵام تاکو ئێستا دانەهێنراوە، خەون و خەیاڵەکانی نەوەکانی ئایندە شتی زۆر نوێتر وەبەردێنن کە ئێمەمانان زەفەری پێنابەین.

پەیامی گۆڤاری (کلتووری کورد)، لێرەدا تەنیا یەك ڕستەیە:» قەدرزانی کلتوورەکەتان بن، چونکە خوێنی خۆتانە و دەشتوانن لە سەردەمی عەولەمەشدا لە  زۆر ڕووەوە  لێیان سوودمەند بن.»

## ڕایەك.. بۆ لێكۆڵینەوە

# كێ هونەرمەندە ؟



دكتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

سالانیكی زۆرە لەنێو بەشە جیاجیاكانی میدیای كوردستاندا، وشە و نازناوی (هونەرمەند) لە زۆر شوێن و كاتی جیازوازدا.. زۆر بە ئاسانی و سەخاوەتەوە بە تەمەن و ئاستی جۆراوجۆری دنیای هونەر دەبەخشرێ و دەبەخشرێتەوە ! بێئەوەی حساب بۆ ئەوە كرابێ، كە (هونەرمەندبوون) مە رج و توانا و بە رهەمی تایبەت بەخۆی هەیە. ناكرێ هەر گەنجێكی تازەكار و هەر دەنگخۆشێك دەنگی هەڵبڕی، ئیتر بەئاسانی بیكەین بە هونەرمەند!! زۆر بەسانایی و بێ لێپرسینەوە و لەگەڵ هونەرمەندە هونەرمەندەكان.. بە یەك هەناسە و بە یەك ئاست پێیان بڵێین:– هونەرمەند.( ئێمە لێرە مەبەستمان تەنیا هونەرمەندی – گۆرانیبێژ – ) ە.



تابلۆی هونەرمەندان

ئەم ڕەوشەی میدیاکارانی وڵاتی ئێمە تێکەڵییەکی دروستکردووە و بازاڕێکی هێناوەتە پێش، کاڵاکان هەر هەمووی بەیەك نرخ بکڕێن و بفرۆشرێن!! ناکرێ بە مامۆستای مەقامات هونەرمەند (عەلی مەردان) بڵێین: هونەرمەند و هەر بەو ئاستەش بە گەنجێکی دەنگخۆش و ئارەزوومەندێك و بەهرەمەندێك و لاسایی کارێکی تازەکار بڵێین: هونەرمەند !! ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێ، کە ئەم گەنجانە دوارۆژ ببن بە هونەرمەند، بەڵام، دەبێ ئەوە بزانین ماوەی نێوان هونەرمەند و ئەم تازەکارانە ساڵانێکی زۆر و هەوراز و نشێوێکی زۆری دە وێت.

نازناوی هونەرمەند لە جیهانی هونەری گۆرانی گوتندا.. ڕێك بەرامبەر بە نازناوی (پرۆفیسۆر) دەوەستێتەوە، پرۆفیسۆری دنیای ئەکادیمیەت و زانستی و یاسایی. نەك ئەو پرۆفیسۆرییەی کە لە ڕۆژهەڵات و وڵاتە دواکەوتوەکاندا هەیە، کە زۆرتر بەرهەمی کات و ڕۆتین وخاتر و خۆترن !

لێرە ئەو بەهرەمەند و توانا ڕیزپەڕانەش لەبیر ناکەم، کە زۆرجار لە تەمەنی بچوك و سەرەتاوە بە توانایەکی زانستی و بەهرەیەکی گەورەوە دەردەکەون. بۆ نموونە هەندێجار گەنجی وا هەڵدەکەوێ لە تەمەنی ١٥ – ١٦ ساڵیدا دەگەنە – پلە – ی پرۆفیسۆری.. پاشئەوەی لە پسپۆرییەکی تایبەت داهێنانی پسپۆریی پێویست پێشکەش دەکەن، هەر بەمشێوەیەش دەکرێ گەنجێکی بەهرەدار و دەنگخۆش ئەویش لەمەیدانی گۆرانی گوتندا بەرهەمی شایستە دابهێنێ و پێی بگوترێ: هونەرمەند ! بەڵام، ئەمجۆرە لێهاتووانە نابن بە پێوانەی گشتی و ئەمجۆرە گەنجانە لە جیهاندا ژمارەیان کەمەو تواناو کەسایەتیی سەربەخۆیان هەیە.

## قۆناخەکانی بوون بەهونەرمەند :-

ئێمە لە ڕێگای بوون بە هونەرمەند چەندین قۆناخ دەبینین، هەروەها چەندین کەسایەتیش هەن دەکرێ بە خۆماندووکردن و بەردەوامیی ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە و دواجار – پلە – ی هونەرمەندیی بەدەستبهێنن، کە زۆربەی هونەرمەندان بەرهەمی ئەمجۆرە هەوڵدانەن.

ئێستاش پۆلێنبەندیی ئەمجۆرە کەسایەتیانە دەکەین کە دەتوانن پەرە بە توانای خۆیان بدەن و دواجار بگەنە ئەو ئاستەی پێیان بگوترێ: هونەرمەند.

## دە نگخۆ ش :-

– هەندێ منداڵ و گەنج هەن هەر لەسەرەتاوە بەسروشتی خۆیان دەنگیان خۆشەو دەتوانن لاسایی هەندێك لە هونەرمەند و گۆرانیبێژە ناسراو و ناودارەکان بکەنەوە، ئەمانەش ئەگەر بەردەوام بن و ڕێگای زانستی بدۆزنەوە زووتر و چاکتر دەتوانن ببن بە گۆرانیبێژو هونەرمەند. مەرجیش نییە هەموو دەنگخۆشێك ببن بە گۆرانیبێژو هونەرمەند، دەنگخۆش ڕێگای گەیشتنی بە هونەرمەندیی و گۆرانیبێژیی ئاسانترە لە لاساییکەرەوە و ئارەزوومەند.. ئەگەر بەردەوام بن، کەسانی واش هەبوون دەنگییان خۆش نەبووە ! بەڵام بەپێداگرتن

و كاركردنی بەردەوام و گرتنەبەری ڕێگای زانستی، بوونەتە هونەرمەندێكی دیار و ناسراو. مامۆستا (شەماڵ سائیب) دە فەرمووێ : (من دە نگم خۆش نەبوو بە خۆم دەنگی خۆم خۆشكرد).

## لاسایی كردنەوە:-

هەندێ گەنج لاسایی گۆرانیبێژ و هونەرمەندە دیار و ناسراوەكان دەكەنەوە، مەرج نییە لە لاساییكردنەوەدا سەركەوتووبن و یان دەنگیان خۆشبێت. هەندێ لە لاساییكەرەوەكان تەنیا لاسایی یەك هونەرمەند یان گۆرانیبێژێكی ناسراو دەكەنەوە، هەشیانە لاسایی زۆر هونەرمەند دەكاتەوە. لەنێو ئەمانەدا زۆریان سەر ناكەون و تاك تاكەش دەبن بە لاساییكەرەوەی یەكێ لە هونەرمەندەكان و هەتا سەر هەر بە لاساییكەرەوە دەمێننەوە، بەداخەوە ڕاگەیاندنەكان و خەڵك بەم بەڕێزانەش دەڵێن: هونەرمەند !! ئاخر چۆن دەبێت حەسەن زیرەك و ئایشەشان و كەرەبیتە خاچۆ و عەلی مەردان و محەمەدی ماملێ و مەزهەری خاڵقی و هۆمەری دزەیی و زۆری تر.. هونەرمەند بن و لاساییكەرەوەكانیشیان هەر هونەرمەند بن ؟! بۆ نموونە خوالێخۆش بوو (سادق حەریری) كە لاسایی هونەرمەندی گەورەی كورد (تاهیر تۆفیق) ی دەكردەوە.. هەروەك ئەو و بەیەك ئاست هونەرمەند بێت !؟ یان بەڕێز (سامان زیرەك) كە لاسایی هونەرمەندی ناودار (حەسەن زیرە ك) دەكاتەوە، بەهەمان ئاستی زیرەك هونەرمەند بێت، هونەرمەند خۆی و لاساییكەرەوەكەی بەیەك هەناسە پێیان بگوترێ هونەرمەند؟؟ دیارە قسە لەسەر ئەوە نییە كە لاساییكەرەوەكان بە گوتنەوەی گۆرانیی هونەرمەندان ڕۆڵیان نییە لەنێو كۆمەڵگادا، نا ئەوانیش لە نێوەندی هونەریدا چالاكیی خۆیان هەیە! دڵنیام بەڕێزان لاساییكەرەوەكان خۆشیان لەگەڵ ئەو بەراوردەدانین و باشتر وایە بەم بەڕیزانە بگوترێ: (گۆرانیبێژ) وا چاكە ئەوەش بڵێین ئەو بەڕێزانە دەكرێ لەكارێكی تردا هونەرمەند بن نەك لە لاساییكردنەوەدا.

لاساییكەرەوەكان بەگوتنەوەی (شیعرو ئاواز) لاسایی هونەرمەندی دیاریكراوی خۆیان دەكەنەوە، كەچی لەجۆری (گوتن) و (دەنگ) دا ناگەنە ئاستی هونەرمەندی مەبەست.

ئەگەر سەیر بكەین.. هونەرمەندان (قادر زیرەك و محەمەد جەزا) هەردووكیان لە سەرەتاو بۆ ماوەیەكی زۆر لاسایی هونەرمەند (حەسەن زیرەك) یان دەكردەوە و لاساییكردنەوەیەكی زۆر بە ئەشقەوە و زۆریان گۆرانی ئەو هونەرمەندەیان گوتەوە و گەروویان كرایەوە و گەیشتنە - دە نگ و گوتن- ی خۆیان، كەچی ئێستا كەس توانای ئەوەی نییە گوێ لەو گۆرانیانە بگرێ كە ئەو دوو هونەرمەندە لە سەردەمی لاساییكردنەوەدا گوتوویانەتەوە ! كەچی هەر ئەم دووانە توانییان قۆناخی لاساییكردنەوە ببڕن و بگەن بە دەنگی خۆیان و بە - پلە - ی هونەرمەندی بگەن، ئێستا ئەوان بەو گۆرانییانە هونەرمەندن كە گۆرانی لاساییكردنەوە نین، بەرهەم و داهێنانی خۆیانە و كەسێ كە بەم دووانە دەڵێ هونەرمەند مەبەستی هونەرمەندایەتیی گوتنی گۆرانییەكانی دوای قۆناخی لاساییكردنەوەیە.

## بەهرەمەند:-

لە زۆر ڕووی زانستی و هونەرییەوە كەسانێ هەڵدەكەون هەر لەمنداڵییەوە بەهرەمەندن و بەهرەكەیان زۆر زوو دەردەكەوێ، هەندێ لەوانە بەهرەی دەنگخۆشی و گۆرانی گوتنیان تێدایە، جا ئەوانەی خزمەتی ئەم بەهرەیە دەكەن و ناهێڵن بەهرەكەیان بپوكێتەوە و زانستییانە پەرە بە بەهرەكەیان دەدەن، دواڕۆژ هونەرمەندی گەورە و ناوداریان لێهەڵدەكەوێ.

زۆربەی ئەوانەش لە سەرەتاوە لاساییی هونەرمەندە دیار و ناسراوەکانیان کردووتەوە. ئەمانە لە ڕووی دەنگەوە هەر لە سەرەتاوە دەنگیان ئامادەیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و سەرنجی گوێگران بۆ خۆی ڕادەکیشێ. بەڵام دەرکەوتووە بۆ گەیشتن بە - پلە - ی هونەرمەندی هەر تەنیا بەهرە بەس نییە! کارکردنی بەردە وام و دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی دەوێ. زۆر کەسی بەهرەدار نەیانتوانیوە پەرە بە بەهرەکەی خۆیان بدەن و بزربوون، هەندێ کەسیش بێئەوەی بەهرەیەکییان هەبێ بە پێداگری خۆیان، دواڕۆژ ،لە دنیای هونەر ناوێکییان پەیدا کردووە.

## ئارەزوومەند :

- گەنجان لە سەرەتاوە ئارەزووی زۆر شت دەکەن، هەندێ لەو گەنجانەش ئارەزووی ئەوە دەکەن ببن بە گۆرانیبێژ و هونەرمەند، زۆربەشیان بەبێئەوەی دەنگیان خۆش بێت. ئەمانە زۆر کەمییان دەتوانن ئارەزوومەندییەکەی خۆیان بکەن بەهونەرمەندی و ئەوانی تر بزردەبن و هەندێکیشیان سەر بەلایەکی تردا دەکەن. بەڵام ئەوانەی کات و هێز بۆ ئارەزوومەندییەکەیان تەرخاندەکەن، دواڕۆژ دەگەنە ئارەزووی خۆیان و دە بن بە هونەرمەند.

## گۆرانیبێژ :-

- گۆرانیبێژ ئەو کەسەیە، دە نگێکی خۆشی هەیەو لاساییی زۆر هونەرمەند دەکاتەوە و خە ڵك گوێی لێدەگرن و ئەویش هەر لەسەر لاساییکردنەوە بەردەوام دەبێت و ناتوانێ گۆرانیی تایبەت بەخۆی بەرهەمبێنێ. بەڵام،دواتر گۆرانیی فۆلکلۆری و گۆرانیی هونەرمەندانی تر دەڵێتەوە و بەردەوام دەبێت لە گۆرانی گوتندا، دەکرێ پێیبگوترێ گۆرانیبێژ. بەڵام بەهیچ شێوەیەك نابێتە (هونەرمەند!!) ئێستاش لە نێوەندی گۆرانی گوتنی هونەری کوردیدا، گۆرانیبێژمان زۆرە و هونەرمەندمان کەمە! هەندێك لەو گۆرانیبێژانە بەهۆی چالاکیی خۆیان و بەردەوامییان ناو و ناوبانگێکی باش پەیدا دەکەن، هەندێکیشیان بەهۆی ئەوە ی لاسایی یەك جۆر گۆرانیی تایبەت دەکەنەوە زۆرتر بەرچاون و چاکتر دەناسرێن.

## هونەرمەند :-

- هونەرمەند ئەو کەسەیە کە لەبوارێك یان زیاتر لەبوارێك خاوەنی بەرهەمی داهێنراوی تایبەت بە خۆیەتی،بەرهەمەکان هەموو مەرجەکانی بەرهەمی داهێنراویان تێدایە، هەر لە سەرەتاوە لە لای - گوێگران- پێشوازی لێدەکرێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژو ساڵ بەساڵ ئەو بەرهەمە زیاتر نرخی هونەریی بەرز دەبێتەوە و زۆرتر بڵاودەبنەوە و سنوور و ناوچە و زمان و وڵاتەکەی خۆی دەبەزێنی و بەرە بەرە ڕە هەندی جیهانی وەردەگرێ و ناو پەیدا دە کات و گۆرانیبێژ و گەنجەکان لاساییی دەکەنەوە.

## مەرجە کانی بوون بە هونەرمەند :-

- هونەرمەند، ئەگەر لە سەرەتاوە بەهرە دار بووبێت یان خۆی خۆی پێگەیاندبێت،ئە وا دواجار هەر دەبێت مەرجەکانی هونەرمەند بوونی تێدا بێت و بەرهەمەکانی داهێنانبن، ئەو مەرجانەش بەڕای ئێمە ئەمانەن:-

١- دە نگخۆشی:

بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ دەنگخۆشی پێویستییەکی سەرەکییە، بۆ ئەوەی بە دەنگی خۆش بتوانێ گوێگر بۆخۆی پەیدا بکات و سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕاکیشێ و بەردەوام گوێی لێبگرن و بێزار نەبن، ئەو دەنگەش سۆزێکی تایبەت بەخۆی هەبێت

و جیای بکاتەوە لە دەنگی خۆشی هونەرمەندانی تر و نەبێت بە لاساییکەرەوەی کەسی تر. بەڵکو خەڵك لاساییی ئەو بکەنەوە. نموونەی ئەمجۆرە هونەرمەند و دەنگخۆشانەمان لە کوردەواریدا هەیە.

ئێستا بۆ نموونە باسی دوو جۆر دە نگ دە کەین:–

دەنگی یەکەم : هونەرمەند (تاهیر تۆفیق) خاوەنی دەنگێکی کوردانەی پڕ سۆز و بەرزە کە تایەر تۆفیق زۆر جوان و سەرکەوتوانە بەکاری دەهێنێ و لەگوتنی ئاوازە کوردییەکاندا زۆر سەرکەوتوو بووە و گوێگر دەخاتە دنیای ئەفسوناوییەوە و دەنگی لە دەنگی هیچ هونەرمەندێکی تر ناچێ ! تایبەتییەکی ئەو دە نگە ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە یەك دەنگە و هەتا کۆتایی هەروا بەجوانی مایەوە و تایبەتمەندیی هونەریی خۆی پاراست و تا ئێستاش ڕۆژ بە ڕۆژ گوێگر و هەواداری زۆرتر دە بێت.

دەنگی دووەم: دەنگی هونەرمەند (حەسەن زیرەك)ە، دەنگێکی کوردانە و چیاییانە و پیاوانە و کلتورییانە و زیرەکییانەی هەیە، دەنگێکی پڕاوپڕ لە سۆزی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگ تاوسی و پەلکەزێڕینەیی و ئاوەدانە لە بەرزو نزمی، لەگەڵ گۆرانی بارە دەروونییەکانی خودی زیرەکدا گونجاوە. ئەگەر سەرنج بدەین زیرەك هیچ گۆرانییەکی دووجار بە یەك دەنگ نەگوتووتەوە، دەنگی زیرەك بەردەوام لە گۆڕاندابووە، یەکێ لە نزیکەکانی زیرەك دەڵێ: لە ڕۆژدا چەندینجار دەنگی دەگۆڕا و سبەینان و نیوەڕۆیان و ئێوارانیش دەنگی گۆرانی بەسەردا دەهات!! لەگەڵ هەموو گۆرانێکدا دەنگی تازە و سۆزی نوێی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

جگە لە دەنگی ئەم دوو هونەرمەندە، زۆر هونەرمەندی تری کورد.. ئەوانیش خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیانن،بەجۆرێك هەر هونەرمەندێك کە



ژنێکی مۆزیکژەن

بەڕاستی هونەرمەند بێت ئەوا بێشك دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە.

٢- گوتن ( أداء ):–

هونەری گوتن واتە (أداو) هونەری هەرە بەرز و پێویستی هونەرمەندە، دەکرێ هونەرمەند شیعری باشی لەبەر دەست بێت و ئاوازی تازە و جوانی هەبێ و دەنگیشی خۆش بێت، بەڵام ئەگەر لەگوتندا شارەزا و دەنگناس نەبوو، ئەوا هەرگیز سەرکەوتوو نابێت! بۆ گوتن هونەرمەند پێویستی بە ناسینی چینەکانی دەنگی خۆیەتی و هەروەها ناسینی تەواوی ئاوازەکان.. بۆ ئەوەی هونەرمەند لە گوتنی گۆرانیدا سەرکەوتوو بێت وا چاکە بەجوانی و ڕەوانی شیعری گۆرانییەکە لەبەربکات و بە ڕە وانی ئاوازی وشەکان دەربڕێ و ماناکەی بگەیەنێ و پە یامی دە قەکە ون نەکات و لە کاتی گوتندا سنووری خۆی نەبەزێنی.

٣- ئاواز:-

له نێو هونەری ئـاوازدا.. جۆرەکانی ئاواز زۆرن، هونـەرمـەند دەبـێ بەچاکی شـارەزایـی ئـاوازەکـانـی نـەتـەوەکـەی خـۆی و ئــاوازی دەوروبــەر بـێـت، لە گوتنی گۆرانییەکەدا دەبێ - ئاواز و دە ق - لەگەڵ یەکتر گونجاو بن و مەبەست و پەیامی دەقـەکـە بە سەرکەوتوویی بگەیەنێ و لەگوتندا هەریەك لە شیعر و ئاوازەکە یەکتر تـەواو بکەن، ئـاواز گوتنـەوەی بۆ لاساییکەرەوە و ئارەزوومەند و دەنگخۆش و گۆرانیبێژ ئاسانە! واتە گوتنەوەی ئاواز ئاسانە، بەڵام، گوتنەوەی (گوتن) کارێکی زەحمەتە.

-٤- شیعر (دە ق):

گەرچی مەرج نییە هەموو جارێك هونەرمەند خۆی شاعیر بێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی شیعردا پێویستە وەك هەڵبژاردنی ئاواز ورد بێت و وا چاکە شیعرەکە پەیام و مەبەستی خۆی هەبێت. شیعر دەبێ بە زمانێکی ڕەوان و بێگرێ بگوترێ و ماناو مەبەستەکە بگەیەنێ و لەگەڵ ئاوازەکـەیدا بگونجێ، هەندێك لە هونەرمەندانیش خۆیان شیعر بۆ گۆرانییەکانی خۆیان دەنووسن و ئاواز و گوتنیش هەر هی خۆیانە.

## تواناکانی هونەرمەندان :-

هونەرمەندان هەموویان لەڕووی تواناو لێهاتووییەوە وەك یەك نین! ئێمە ئەم یەك نەبوونە دەکەین بە چوار بەش :-

یەکەم: هونەرمەند هەیە تەنیا (گوتن) هی خۆیەتی (شیعر و ئاواز و مۆسیقا) هونەرمەندانی تری نێوەندی هونەری یارمەتیی دەدەن، بەڵام لە گوتندا هونەرمەندە و حەق دەدات بەکۆی لایەنەکانی پێویست بۆ گۆرانیی سەرکەوتوو، ئەمەش هەر لەنێو کوردا نییە! لەهەموو جیهان هەروایە.

دووەم: هەندێك هونەرمەند (ئـاواز و گوتـن) هی خۆیانە و بۆ شیعر و مۆسیقا شاعیر و مۆزیسیان یارمەتییان دەدەن.

(مۆسیقا مەبەست ئەوەیـە کە هونـەرمـەند خۆی بتوانێ ئامێرێك بژەنێ).

سێیەم: هەندێك هونەرمەند توانا و بەهرەیەکی زۆریـان هەیە و دەتوانن هەموو کارەکانیان بەخۆیان بکەن، هەر لە (شیعرو ئاواز و مۆسیقا و گوتن)ەوە هەمووی کاری خۆیانە، هەندێجار هەندەك هونەرمەند بە هەر هۆیەك بێت بە تەنیا کار دەکەن و گۆرانی بێ مۆسیقا دەڵـێن: نموونـەی ئەمجۆرە گۆرانـی گوتنە دوا کاسێتی نەمر (حەسەن زیـرەك)ە، کە بەکاسێتی (بێ مۆسیقا) ناسراوە، بەڕای ئێمە ئەم کاسێتە دوا هاواری دڵ و دەروونی پڕ خەم و حەسرەت و ژیانی پڕ مەینەتی و دەربەدەری و بێ جێ و بێ ڕێگای خۆیەتی! ئەم کارە پڕ داهێنانەی زیـرەك دەکرێ لـەزۆر ڕووەوە لێی بکۆڵدرێتەوە، لەم کاسێتەدا زیرەك وەك ئەوەی هەستی کردبێت لەمردن نزیك بووەتەوە، هەوڵیداوە چەندی پێشی دەکرێ سۆز و ئاواز و خەم و حەسرەتی ناخی دڵی خۆی بکاتە دەرەوە! ئەم کاسێتە کەرەستەی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیی لەناوخۆدا هەڵگرتووە و نموونەیەکی کەم وێنەیە.

دواجـار مەبەستی ئێمە لـەم نووسینەدا ئـەوە بوو کە:-

یەکەم: لەمەودوا خەڵك بە گشتی و ڕاگەیاندنکار و میدیاکاران بەتایبەت.. بزانن بەکێ دەڵێن: (هونەرمەند).

دووەم: پسپۆرو مامۆستایانی هونەر و هونەرمەندان خۆیان و لێکۆڵەرانی هونەر ڕای خۆیان لەسەر ئەم بابەتە دە ربڕن و دەوڵەمەندی بکەن و ساغییان بکەنەوە.

# وەرگێڕانی وشەی قانوونی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی



د. نوری تاڵەبانی

دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا و نەبوونی قەوارەیێکی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستان یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی تێکەڵبوونی وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی بەزمانی کوردی. ئەم سێ زمانە دەمێکە لە بەشەکانی کوردستان لەسەر هەموو ئاستێك بەکارهێنراون، لەبەر ئەوەی زمانی ڕەسمی و خوێندن و فێرکردن بوون لە دەزگاکان و قوتابخانە و زانکۆکان، ئەوەش ڕێگای خۆش کردووە بۆ بەکارهێنانی وشە و زاراوە لەو زمانانەوە لە زمانی کوردیدا، چ لە نووسین، یان ئاخافتنی ڕۆژانەی خەڵك. بەکارهێنانی وشە و زاراوەی زمانێك لە زمانێکی دیکەدا، بەتایبەتی لە بواری تەکنیکی و بازرگانی کارێکی ئاسایی و دروستە، بەڵام سەپاندنیان لە بەشەکانی کوردستان دەچێتە شێوەی سەپاندنی زمانی وڵاتە کۆنە کۆلۆنیالەکان و داگیرکراوەکاندا لەو وڵاتانەی ساڵانێکی زۆر داگیرکراو ژێردەستە بوون، ئەوەش جێگای قبووڵ کردن نییە.

دیاردەی وەرگێڕانی وشەی عەرەبی بۆ کوردی لە باشووری کوردستان دەمێکە دەستی پێکردووە، بەتایبەتی لە بواری کارگێڕی و قانوونیدا. ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لە کاتی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی قانوونی کوردی بۆم دەرکەوت، بە سەدان وشە و زاراوەی قانوونی عەرەبی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و پرۆسەکە هەر بەردەوامە و تا دێت فراوانتر دەبی. کێشەکە لەوەدایە زۆر جار وشەی عەرەبی بە دەقاودەقی کراوە بە کوردی،

یان پاش دەستکارییێکی کەمەوە. بەشێك لەو زاراوە وەرگێڕاوەنە لە زمانی کوردیدا ئەو مانایانەی نییە کە لە زمانی عەرەبیدا هەیەتی، ئەو کەسانەی ئەو وشەو وزاراوانەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بایەخی زیاتریان بە مانای وشە عەرەبیەکە داوە، بۆیە بە دەقاودەقی وشەکەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەوە دەچی شارەزاییان لە زمانی عەرەبی زیاتر بێ تا زمانی کوردی.

بەشێك لەو وشە و زاراوە قانوونییانەی لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی، لە بنەڕەتدا وشەی فەرەنسی یان ئینگلیزین، بەڵام ئێستا وا تەماشا دەکرێن بەشێك بن لە زمانی عەرەبی، چونکە بە دەقاودەقی نەکراونەتە عەرەبی و هەموو کەسێك نازانێ سەرچاوەی وشەکە فەرەنسییە یان ئینگلیزی. بەشێك لەو وشەو زاراوانە بە هەڵە وەرگێڕاون، یان بە هەڵە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی و خەریکە جێگیردەبن.

دیاردەی وەرگێڕانی وشەی قانوونی عەرەبی بۆ کوردی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بەو دەوڵەتەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥، بەڵام پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەناو دەزگاکاندا، دیاردەکە پەرەی سەند و فراوانتر بوو، بێ ئەوەی دەزگایێکی زانستی سەرپەرشتی بکات. دەستووری عێراق و قانوونی زمانە فەرمیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ و قانوونی زمانە فەرمیەکان لە عێراق ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤ هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی زمانی ڕەسمین لەسەرتاسەری عێراقدا، بەڵام بە کردەوە تا ئێستا بەشێك لە دامەزراوە و دەزگاکانی هەرێم هەر زمانی عەرەبی بەکاردێنن، بە پاساوی ئەوەی تا ئێستا زمانێکی قانوونی کوردی نییە، یان بنەمایێکی پتەوی نییە. زمانی عەرەبی لەناو بەشی زۆری دەزگاکانی هەرێم بەکاردێت، چونکە بەشی زۆریان بە قانوونی عێراقی کار دەکەن و قانوونەکانیان بە زمانی عەرەبی ئامادەکراون و نەکراونەتە کوردی، بۆ نموونە، قانوونی مەدەنی و قانوونی سزادانی عێراقی. نەبوونی دەزگایێکی قانوونی پسپۆر و شارەزا بتوانێ زانستییانە وشەی قانوونی گونجاو بۆ ئەو وشە عەرەبیانە ئامادە بکات، بۆ ئەوەی وردە وردە لە زانکۆ و دەزگاکانی هەرێم بەکار بێنن هۆیەکی ترە بۆ بەردەوامبوونی ئەو دەزگایانە لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی. مەترسی لەوەدایە بەشێك لەو وشانەی بە هەڵە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی خەریکە جێگیر دەبن و دەچەسپێن، چونکە ڕۆژانە لە نووسین و لە میدیاکان و لە بەشی زۆری دەزگاکانی هەرێم بەکاریان دێنن. پرۆسەی ئامادەکردنی زمانێکی قانوونی ڕاست و مۆدێرن هەر بەرەو ڕووی کورد نەبووەتەوە، چەندەها کیان و دەوڵەتی تر پاش دامەزراندنیان خەریکی ئامادەکردنی وشە و زاراوەی قانوونی بوون و هەوڵیان داوە لەناو دەزگاکاندا بەکاریان بێنن و بیان چەسپێنن. بۆ نموونە، لە تورکیای پاش نەمانی دەوڵەتی عوسمانی، کە پاشماوەی ئەو دەوڵەتە گەورەیە بوو، زمانی تورکی بۆ چەند سەدەیەك بەکارهاتبوو، کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە کەوتنە ئامادە کردنی فەرهەنگێکی قانوونی مۆدێرنی گونجاو لەگەڵ باری تازەی وڵاتەکەیان و بەکاری بێنن لەناو دەزگاکانی دەوڵەتیدا. هەرچەندە پرۆسەکە بە ئاسانی جێبەجێ نەکرا، نەك لەبەر گۆڕینی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی لە نووسینی زمانی تورکیدا، بەڵکو لەبەر ڕانەهاتنی خەڵك و کارمەندانی دەزگاکان لە بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوە قانوونیانەدا.

لەم بەشەی کوردستان، کە زمانی کوردی کراوەتە زمانی ڕەسمی، پرۆسەی ئامادەکردنی وشە و زاراوەی قانوونی کوردی تا ئێستا بە جیدیەوە دەستی پێنەکراوە، ئەمەش بۆتە هۆی پەیدابوونی ئاڵۆزی و ناڕێکی لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی

قانوونی، چونکە هەریەکە بەپێی مزاجی تایبەتی خۆی وشە بەکاردێنێ. ئامادەکردنی فەرهەنگێکی قانوونی بەزمانی کوردی کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێ، کە وشەی قانوونی لە زمانی کوردیدا کەمە و پێشتر بەکار نەهاتووە. ئەو کۆمەڵە وشانەی بە دەقاودەقی لە زمانی عەرەبییەوە کراون بە کوردی، بەشێکیان وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، مانای خۆیان نابەخشن. بەڵام پیش دەستنیشانکردنی ئەو وشانەی بەهەڵە کەوتوونەتە ناو زمانی قانوونی کوردی، پێویستە لە خودی وشەی «یاسا» بکۆڵینەوە، تا بزانین چۆن و بە چ شێوەیەك کەوتۆتە ناو زمانەکەمان.

وشەی «یاسا» بۆیەکەم جار مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ بەکاری هێناوە لەو فەرهەنگەی لەگەڵ ئێدمۆنزدا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئامادەیان کردووە. (کۆڕی زانیاری کورد) لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پێشنیازی بەکارهێنانی ئەو وشەی کردووە، هەرچەندە دانی بەوەداناوە، کە وشەی (یاسا) لە بنەڕەتدا تورکی مەغۆلییە، بەڵام دەمێکە کەوتۆتە ناو زمانی کوردی. وشەی «یاسا» وشەیەکی تورکییە و ئێستاش لەو زمانەدا بەکار دێت، هەتا بە (دەستوور) دەوترێ: «ئەنە یاسا»، واتە دایکی قانوونەکان. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە، مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ پەشیمانی خۆی نیشاندەدا لە بەکارهێنانی ئەو وشە تورکییە. لە سەرەتای دەستپێکردنم بە ئامادەکردنی ئەو فەرهەنگە قانوونییەی لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٤دا خەریکی ئامادەکردنی بوم، داوای لێکردم وشەی «قانوون» بەکاربێنم، کە وشەیەکی یۆنانی کۆنە، لە «کانۆنیمۆس»ەوە وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا کراوە بە (قانوون). لە زمانی کەنەسی و لاهووتیدا وشەی (کەنۆن) تا ئەمڕۆش بەکاردێت. ئەگەر زانایەکی گەورەی وەکو تۆفیق وەهبی بەگ لە بەکارهێنانی وشەی «یاسا»، کە بۆ یەکەمجار خۆی بەکاری هێناوە پەشیمان بێتەوە، دەبێ ئێمەی شاگردی ئەو زانا گەورەیە پێدانەگرین لەسەر بەکارهێنانی ئەو وشەیە. سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی «قانوون» لە جیاتی «یاسا»ی تورکی مەغۆلی، لە چەند قانووناسێکم بیستووە وتوویانە ئەم وشەیە لەم ساڵانەی دواییەدا بەکارهاتووە، ئەگەر هەڵە بێت، نابێت بەردەوام بین لەسەر بەکارهێنانی. وشەی «پەرلەمان» لە جیاتی «ئەنجومەنی نیشتیمانی» بەکاردەهات، لە مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٤ ، کە خەریکی چاوگێڕانەوە بووین بە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بە تێکڕای دەنگی ئەندامان بڕیاردرا بکرێتە (پەرلەمان). ئومێدەوارم قانووناسی کورد وەکو زۆربەی قانووناسانی ڕۆژئاوا بە (کۆنسێرڤەتیڤ) نەدرێنە قەڵەم، بەو مانایەی حەز بە گۆڕانکاری نەکەن. لەو باوەڕەدام ئەگەر مرۆڤ بۆی دەرکەوت کارێك ڕاست نییە و بە هەڵەدا چووە، دەبێت خۆی ڕاستی بکاتەوە، چونکە ئەو دەمە کارەکەی بە دوو چاکە بۆی دەنووسرێتەوە لای خودا و لای خەڵکیش. ئەگەر تەماشای فەرهەنگە قانوونیەکان بکەین، کە بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی ئامادەکراون، دەبینین بە سەدان تێرمی یۆنانی و لاتینی تێدایە و ئێستاش بەکاریان دێنن، کە لەو دوو زمانەو لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراون و زۆریان بوون بە زاراوەی جیهانی.

ئەو وشانەی کەوتوونەتە ناو زمانی قانوونی کوردی و بەشێوەی خۆیان ماونەتەوە و دەستکاری نەکراون، بەشێکیان لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەرگیراون و بە بەردەوامی بەکار هاتوون، چونکە پەیوەندییان بە ئاینی ئیسلامەوە هەیە، کە بەشی هەرە زۆری کورد لەسەر ئەم ئاینەیە. ئەو وشانە لەبەر ئەوەی دەمێکە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی، ڕەگ و ڕیشەیان لەناو زمانەکەماندا داکوتاوە، پیاوانی ئاینی ئیسلام لە زانا و مەلاکانی کوردستان لە دێر زەمانەوە خزمەتی ئەم ئاینە و زمانەکەیان کردووە، کە زمانی عەرەبییە و

بەشی زۆری ئەو وشانە کەوتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە. جگە لەو کۆمەڵە وشانەی پێوەندیيان بە شەریعەتی ئیسلامەوە هەیە، کە نابێت دەستکاری بکرێن، کۆمەڵە وشەیەکی تر هەن بە دەقاودەقی لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی، کە دەبێ بەوردی لێیان بکۆڵینەوە و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدەین. لەوە دەچێت ئەو کەسانەی ئەو وشانەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی هەر شارەزای زمانی عەرەبی و کوردی بوون، نەك زمانەکانی دیکەی وەکو فەرەنسی و ئینگلیزی، کە بەشێك لەو وشانە لەو دوو زمانەوە وەرگیراون بۆیە کەوتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە. بۆ نموونە وشەی «محامی» عەرەبی دەقاودەق وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و وشەی «پارێزەر»یان بۆ داناوە، بەڵام ئەگەر تەماشای زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی بکەین، دەبینین تێرمێکی وایان بۆ داناوە گونجاوێت لەگەڵ ئەرکی ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵدەستن. لەم ڕوانگەوە، وشەی»دادیار»م بۆ پێشنیاز کردووە لەو فەرهەنگە قانوونییەی ئامادەم کردووە، کە بەمانای (دۆستی داد) دێت، چونکە ئەرکی سەرەکی دادیار بەپێی ئەو سوێندەی خواردوویەتی هاوکاریکردنی دادگا و دەزگاکانی دیکەیە بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی ڕاستی، هەرچەندە هەموو دادیاران بەو چەشنە ڕەفتار ناکەن، بەڵام دیاردەیەکی ناڕێکە و دوورکەوتنەوەیە لە ئەرکی پیشەیی خۆیان. ئەم دیاردەش هەر تایبەت نییە بە دادیاران، بەڵکو لەناو خاوەن پیشەکانی تریش هەیە وئەرکی خۆیان بە چەوتی جێبەجێ دەکەن. زاراوەی (دادیار) لە چەشنی «ئەندازیار»ە، کە دەمێکە لە زمانی کوردی بۆ (مهندس) بەکارهاتووە. خۆ بەستنەوە بە وەرگێڕانی دەقاودەقی وشە عەرەبییەکان تووشی هەڵەی گەورەتری کردووین، وەکو بەکارهێنانی وشەی «پارێزگا» و «پارێزگار» بۆ (محافڤە) و (محافڤ)، کە ڕەنبێ بۆ زمانی عەرەبی گونجاو بن، بەڵام بۆ کوردی ئەو مانایە نابەخشن کە لە عەرەبیدا هەیانە. وشەی «ئوستان»، کە وشەیەکی ئێرانی کۆنە و کوردیش دەتوانێ بەکاری بێنێ، گونجاوترە بۆ کوردی، چونکە وشەی (پارێزگا) هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو ئەرکانەی بۆ ئەم فەرمانبەرە ئیدارییە دانراوە، کە هەڵسووڕاندنی کاروباری ئیدارییە لەو ناوچەی بۆی دیاری کراوە. هەروەها بەکارهێنانی وشەی (ڕەگەزنامە) بۆ (جنسیە)، کە حاڵەتێکی قانوونیە لە ئاکامی پەیوەندیێکی قانوونی پەیدا دەبێت لە نێوان (کەسێك) یان (شتێك) وەکو کەشتی، لەگەڵ دەوڵەتێکدا و هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەگەزەوە نییە، زاراوەی (دەوڵەتنامە) یان (هاوولاتی نامە) لە وشەی (جنسیە) ڕاسترە. هەرچەندە لە وشە عەرەبیەکەوە دوورە. ئەمڕۆکە بە هەزارەها کوردی نیشتەجێی دەوڵەتانی دونیا ئەو پەیوەندییە قانوونیەیان پەیدا کردووە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە تێیدا دەژین، بێ ئەوەی ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن. سەبارەت بە وشەی (پەیمانگا) لە (معهد)ی عەرەبییەوە بە وەرگێڕانی دەقاودەقەوە کراوە بە کوردی، لە کوردیدا ئەو مانایە نابەخشێ کە لە عەرەبییەکەدا هەیە، وشەی (ئینستیتۆ) یان (ئەنستیتۆ)، کە وشەیەکی جیهانییە لە وشەی (پەیمانگا) ڕاسترە، چونکە (معهد) ئەو مانایەی نییە لە کوردیدا،(پەیمانگا) جێگای خوێندنە و ئەرکی سەرشانی ئەو دەزگایە فێرکردنە، نەك پەیمانبەستن.

ئومێدەوارم ئەم چەند وشانەی لێرەدا وەکو نموونە خراونەتە بەرچاو، بە هاوکاری هەموومان ڕاستبکرێنەوە پێش چەسپاندنیان لەناو زمانی کوردی و ئەو وشە و زاراوە تازانەی پێشنیازکراون لەلایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە زمانی کوردی و عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی لێکۆڵنەوەی زیاتریان لەسەر بکرێت، بە مەبەستی نوێکردنەوەو پاککردنەوەی زمانی قانوونی کوردی، کە پێویستە بەشێوەیەك ئامادە بکرێت خزمەت بە ئەمڕۆکە و پاشە ڕۆژی زمانی کوردی بکات.

هەولێر ٢٠١٦/١١/١٦

# له ئەفسانەکانی کەلتوری کوردەواری



مەولود ژاکاو

( شەواره )

ڕەنگە بەیت و ئیدیۆم و چیرۆکی فۆلکلۆری لە سەرتاسەری کوردستان لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی دیکە وەك یەك بێ ، ئەگەریش وەك یەك نەبێ کەمێ جیاوازی هەیە وەلێ مەبەست و ماناکەی یەك پێکانی هەیە، وادەبێ لەگەڵ وڵاتانی دەرو بەریش لەم بارە و یەکچونێك هەبێ، ئەوە دەبێ و زۆر ئاسایە، تەنانەت  لەگەڵ وڵاتانی بیانیش هەندێ ویەکچون دەبینرێ ، کەلێرە ماوەی ئەم بەراوردکاریەم نییە، وەلێ ئەوەی مەبەستمە لێرەدا دەمەوێ لەدیاردەیەکی ئەفسانەی شاری کۆیە بدوێم و وەبیر خەڵکی بخەمەوە کە(شەوارەیە) شەوارەش لە (شەوە) وە هاتووە ،بەگوێرەی گێرانەوەی باوباپیران و داوداوپیران شەوە خێوێك بووە کە وجاغی کوێربووە و مندالی نەبووە ،ئەمجا هەر ماڵێك کە منداڵی ببوایە بە رچاوی تەنگ دەبوو حەسوودی پێ  دەبردن و قینی لێ هەڵدەگرتن بۆیە لە هەر فورسەتێك کەبۆی هەڵکەوتبایە ئەوە خۆی دەگەیاندە ئەوماڵە و دەستی لە هەوکی (قورگی ) مندالەکەدەناو دەیخنکاند، بۆیە ئەوماڵانەی کەمنداڵیان ببوایە لە هەردوو ڕەگەز بەڵام بە تایبەنی کوڕ حەوت شەو ئێشکیان لەو منداڵە دەگرت لە ئێوارە تابەیانی نە دەنووستن و چاوەدێری ئەومنداڵەیان دەکرت ، لەبەر روناکای فانۆس و لالەو قەندیلە، بروایان وا بووە کە  شەوە لەتاریکیدا دێ و لەمنداڵەکە دەدا. ئەمجا ئەو شەوەیان بەگۆرانی و گێرانەوەی چیرۆك و خواردنەوەی چاو خواردنی شەوچەرە بەسەردەبرد، بروایان وابووە کەشەوە خۆی دەکاتە پشیلەیەکی چاوشین بۆیە ئەوشەوە لە هەرلایەك لەنزیك ئەوماڵە پشیلە بدیترابایە ئەوا ڕاودەنراو وەدەر دەخرا، دەڵێن هەندێ خێزان لە شەوە ناترسن و شەوارە بۆمنداڵەکانیان  ناگرن، گوایە باپیرە گەورەیان شەوەی گرتوەو (قولاب) سنجاقێکی لە لەتی داوە وە کردوویەتیە بە بەندەی خۆی  ، دەشڵێن شەوە نزای لەو ماڵە کردووە وگوتویەتی خوایە ماڵتان هەمیشە پیس بێ ،گوایە ئەو دوعایە گیرابووە، جا لە وەش سەیرتر هەر کەسێك لە و شەوە بە هەڵکەوت ببوایە میوانی ئەوماڵە دەبوا تابەیانی بمابایەوە  پێیان دەگوت تازە نابێت برۆی چونکە شەوارەت کەوتەسەر، ئەگەر ئەوکەسە میوانە هەزار ئیشی هەبوایە تازە پێوە بووە و ئیتر ئیزنیان نە دەدا! بەیانی بە هەڵە داوان لە ماڵمە دەر دەپەری .

# چەند سەرنجێ لە ماناکانی «کولتوور» و «کەلەپوور»



د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
زانکۆی سلێمانی

(١)

کاتێ قسە لەسەر هەر بابەتێکی کولتووریی یان فیکری دەکەین، دەبێ یەکەمجار مەبەستی خۆمان لە مانای زاراوەکان دیاری بکەین و تێگەیشتنێکی ڕوونمان بۆ ماناکانی هەبێ، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ڕوونیشمان بۆ ماناکان هەبێ، دەبێ مانای زاراوەکان لەناو مێژووی خۆیانداو پاشان لەناو کۆنتێکستی باسەکەماندا بناسێنین و جیایان بکەینەوە،

بۆ ئـەوەی تێکەڵاوبوونێك لە نـێوان مانای چەمك و زاراوەکاندا ڕوونـەدات و مەبەستەکانمان لێنەشوێنێ، وەك زۆرجـارو لە چەندین بابەتی لێکۆڵینەوەدا ئەم تێکەڵکردنە دەبینین‌و سەرەنجام ناوەڕۆکی سەرەکیی بابەتەکە بزر دەبێ‌و ئەمەش لە ڕاستیدا لە ناڕۆشنیی فیکری نوسەرەکەوە هەڵدەقوڵێ.

لە ڕۆشنبیریی کوردیدا تێکەڵاوکردنێکی سەیر هەیە لە نێوان مانای (کولتوور) و (کەلەپوور)دا کە زۆرجار بە یـەك مانا وەرگـێـراون و لە چەندین لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتندا ئەم تێکەڵاوکردن و جیانەکردنەوەیە ڕووی داوە و پاشان بە بێدەنگی تێپەڕیوە. نووسەرێکی کـورد لـە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەیـەکدا و لـە تـەواوی لاپـەڕەیـەکدا قسە لـەسـەر (کـولـتـوور) دەکـات و ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنێ کە لە بنەڕەتدا مەبەستی ئەوەیە باسی (کەلەپوور) بکات، سازدەری چاوپێکەوتنەکە و نووسەرەکەش ئاگایان لەو تێکەڵاوکردنە نییە، تەنانەت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیشدا بەشێك بۆ کەلەپوور هەیە کەچی ناوی کولتووری لێنراوە.

ئـەم تـێـکـەڵاوکردنە لـەنـێـوان ماناکانی کولتوور و کەلەپوردا گرفتێکە ڕۆشنبیریی هەندێ لە گەلانی دیشی گرتۆتـەوە، بۆ نموونە د. عـەلی وەردی باسی گرفتی وەرگـێـڕانـی زاراوەی کولتور (Culture) دەکـات بۆ زمانی عەرەبی، کە جیاوازیی لەلای نوسەراندا دروست کردووە، هەندێکیان دەیکەن بە ڕۆشنبیری و هەندێکی دیکەشیان دەیکەن بە ژیار یان شارستانیەت، هەندێکی دیکەش دەیکەن بە کەلەپوور. لێرەدا خوێنەریش لێی دەشێوێت کە ئایا مەبەست لە کولتوور ڕۆشنبیرییە یان شارستانیەت یا خود کەلەپور. لەراستیدا وەك عەلی وەردی

دەڵێ ئەم زاراوەیـە لە سۆسیۆلۆجیاو ئەنترۆپۆلۆجیاو زانستەکانی تریشدا بایەخێکی مەزنی هەیە. ماناکانی کـەلـەپـوورو کولـتـوور لای بیرمەندێکی دیـکـەی وەك محەمەد عابد جابری لە دوو ئاست و دوو ڕەهەندد‌ا لێکدەدرێـتـەوە: (ڕەسـەنـایـەتـی) و (هاوچەرخێتی)، ئەگەرچی لەئەنجامی توێژینەوە و دیالۆگێکی زانستیدا دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە ئەم دوو زاراوەیەش (واتە ڕەسەنایەتی و هاوچەرخێتی) دەشێت هەندێجار مانای هاوبەش و مانای بەنێویەکداچوو لەخۆ بگرن، چونکە مەرج نییە هەموو ڕەسەنایەتییەك تەنها بچێتە خانەی کەلەپوورەوەو مەرجیش نییە هەموو هاوچەرخێتییەك بچێتە خانەی مۆدێرنەوە.

وەك دەزانـیـن (کـەلـەپـوور) لـە عـەرەبـیـدا (الـتـراث) و لـە ئـیـنـگـلـیـزیـدا (Tradition) یـان بـە مـانـای (Heritage) دێ کـە لـە ژیـانی کـۆی ئـەو نەریتانە هـەر میللەتێکدا تـایـبـەتـمـەنـدیـی هـەبـووە و دەشـێ بەردەوامیشی وەرگرتبێ، سا ئەو نەریتە نووسراوبێ یان نەنووسراو، جۆری بیرکردنەوەو تێگەیشتن بێ لە دنیا یان جۆری کارکردن و کەرەستەکان‌و جلوبەرگ‌و



نمایشی پۆشاکی کوردی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام (کولتوور) کە لە عەرەبیدا (الثقافة) و لە ئینگلیزیدا (Culture) یان (Education) بە مانای کۆی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرییە کە لە سەردەمێکدا دیدو تێڕوانینێکی نوێ بۆ دنیاو شتەکان بەرهەم دەهێنێ.

بێگومان ئەم جیاکردنەوەیە بۆ هەموو ساتەوەختێك جیاکردنەوەیەکی ڕەها و یەکلاکەرەوە نییە، واتە کولتووری سەردەمێکی دیاریکراو دەشێ لە سەردەمێکی دواتردا ببێ بە کەلەپوور، واتە لە دۆخی (دیاکرۆنی)و پەرەسەندنی مێژووییدا جۆرێك لە هاومانایی ئەم دوو وشەیە دەردەکەوێ، بەڵام کاتێ لێکۆڵینەوەیەکی سانکرۆتی لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیریی ساتەوەختێکی ڕابردوو یان واقیعی ئێستای ژیانی کولتووری دەکرێ، ئەوسا ناشێ ئەم جیاکردنەوەیە لەبەرچاو نەگیرێ.

(٢)

لێرەدا پتر لە دیدگایەك و پتر لە تێڕوانینێك بۆ کەلەپوور هەیە کە ناشێ بونیادو پێکهاتەو ماناکانی لە چوارچێوەی پێناسێکی دیاریکراودا بەند بکەین. بۆ نموونە دەکرێ بڵێین کەلەپوور کۆیەکە یان سیستمێکە لەو بەهاو پێوەرە جێگیرو سێنترالیزمانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵێکی مێژوویی کۆن و لە ڕێگەی کۆنەستەوە یان لە ڕێگەی خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی یان کۆی نائاگایی زەینیو مۆراڵیی نەتەوەیەك شێلگیر دەبێ، یان دەکرێ بڵێین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باوەو لە هەموو سەردەمێکدا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێو لەهەر سەردەمێکیشدا بەشێکی لێ بەجێدەمێنێو دەچێتە ناو مۆزەخانەی یادەوەریی مێژووییەوە کە لەوانەیە بە هۆی یاسا حەتمییەکانی گۆڕانی مێژوویی ژیانی مرۆڤەوە بەشێکی زۆری بەرەو لەناوچوون بڕوات.

دیدگایەکی تر وایدەبینێ کەلەپوور نۆرمێکە یان نموونەیەکی ئۆرجیناڵی ڕەسەنە کە ڕەفتاری تاکەکان و گرووپەکان دیاری دەکات و کۆمەڵێ بەهای ئەخلاقیو ڕۆحی بەسەر (گشت)دا دەسەپێنێ، لێرەوە ئەم دیدگایە پێیوایە مومکین نییە کەلەپوور ببێتە ڕابردوویەکی دابڕاو لە زەمەن، بەڵکو لە میانی خەیاڵگەی کۆمەڵایەتیو ئەزموون و ئاگایی کۆمەڵایەتییەوە ئامادەبوونێکی هەمیشەیی هەیە، لێرەدا خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی خاڵی هاوبەشی نێوان کولتوورو کەلەپوورە کە هەردووکیان لە هەناوی ئەو خەیاڵگەیەوە بە شێوەی جیاواز لە دایك دەبن، بەو مانایەی خەیاڵگە ئەو فەزا عەقڵییەیە کە بارگاوی کراوە بە وێنەو هێماو خەیاڵو بە دوای میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی شێوازێکی تری خەیاڵ دەگەڕێ.

کەواتە لەنێو دیدگا جیاوازەکاندا بۆ کەلەپوور خوێندنەوەی جیاجیا هەیە کە ئایدیۆلۆژیا جیاجیاکانی بیرکردنەوە دەردەخەن و دەکرێ لەوێوە خوێندنەوە و دیدگای تازەگەری جیابکەینەوە، واتە دیدگایەك هەیە تێڕوانینێکی کەلەپوورییانەی بۆ کەلەپوور هەیە کە نایەوێ کەلەپوور دەستکاری بکرێو هەوڵدەدا لە بەردەم گەردەلوولەکانی گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا داکۆکی لە بەهاو بونیادو توخمەکانی بکاو بە پیرۆزی بیهێڵێتەوە، لە بەرامبەر دیدگایەکی تردا کە باوەڕی بە حەتمیەتی گۆڕانی هەموو شتەکان هەیەو هیچ شتێ لە دنیادا تا سەر پیرۆز نییەو بە جێگیری نامێنێتەوە،

ئەوەی دوێنێ جێگیرو پیرۆز بووە، ئەمڕۆ نهێنییەکانی ئەو پیرۆزییە ئاشکرا دەبێ و چیتر کەڵکی بۆ ژیانی نوێی بەشەر نامێنێ. بۆیە دەبینین لە سەردەمە جیاوازەکانی راپەڕین و ڕێنیسانسی میللەتاندا هەڵوێست لە بەرامبەر کەلەپووردا بووە بە یەکێ لەو فاکتەرانەی گروپەکان لە یەکتر جیادەکاتەوەو ململانێکان توندتر دەکاتەوە.

سەبارەت بە کولتووریش بیروڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە کە فکری بەشەرییان بەسەر چەندین ڕەوت و ئاراستەی جیاجیادا دابەش کردووە، ئەگەر کۆگیرییەك لە ناساندنی کولتووردا بکەین لەوانەیە بتوانین بڵێین ئەو مەعریفەیەیە کە لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا شکل ناگرێ ئەگەرچی لە بنەچەدا شوێنکاتی دیاریکراوی خۆی هەیە بەڵام دواجار دەبێ بە مەعریفەیەکی گشتی کە کولتوورەکان لە تێکەڵبوون و بەنێویەکداچوونێکی شاراوە یان ئاشکرادا بەرهەمی دەهێنن و دەبێتە بەرهەمی مەعریفیی مرۆڤایەتی لە هەموو ئاستەکانی زانست و فەلسەفەو ئەدەب و هونەرو بیرکردنەوەو حوکم و ئیرادەی حوکمکردن و شێوازەکانی بەڕێوەبردن، یان با بڵێین کولتوور ئەو گشتە ئاڵۆزەیە کە سەرانسەری توانا مەعریفییەکانی مرۆڤایەتی لە بیروباوەڕو هونەرو یاساو مۆراڵ و نەریتەکان دەنوێنێ و دەشێ سیما و فۆرمی جیاجیا بە شارستانییەتە مرۆڤایەتییەکان ببەخشێ، یان کولتوور بونیادێکی سەرخانییە و سەرجەمی ئاگاییە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

(٣)

کەلەپوور سیستمێکی نەریتگەرایی دیاریکراوە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و لەنێو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگادا سەقامگیر دەبێ، بەڵام کەلەپوور هەر لەم چوارچێوەیەدا قەتیس ناکرێ، دەشێ کەلەپوور نەریت و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە کە ئایین و نەریتی ژیانی ڕۆژانە و فیکری باو لەناو خۆیدا هەڵدەگرێ و لەوێوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك جۆری جلوبەرگ و شێوازی بووك گواستنەوە و کەرەستەکانی کارکردن و شێوازەکانی بەرهەمهێنان و.. هتد دیاری دەکات. دیسان دەشێ کەلەپوور کۆی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بگرێتەوە کە لە مێژوویەکی دوورتردا بەرهەم هێنراون و لەوێوە کەلەپووری ئەدەبی و کەلەپووری هونەری یان کەلەپووری ئایینی و کەلەپووری ژیاری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جیادەکرێتەوە، واتە ئەم چەمکە ڕووبەرێکی بەرینتری هەیەو لەناو کۆی سۆسیۆ-کولتووریی نەتەوەیەك یان ناوچەیەك یان ژیارێك لقی دیکەی لێدەبێتەوە، بەمجۆرە ئاسان نییە چەمك و ماناکانی کەلەپوورو هەروەها کولتووریش ڕیزبەندی بکەین و هەست بە هیچ کێشەیەك



زۆپەی داری کوردەواری

نەکەین.

(٤)

وشەی کەلەپوور لە کولتووری کوردیدا وشەیەکی نوێیە و پێشتر بەکارنەهێنراوە، یان لانیکەم بەو چەمك و مانایەی ئێستا بەکارنەهێنراوە، کەلەپوور لە گوتاری رۆشنبیریی هاوچەرخدا بە شێوەیەکی جیاواز ماناکانی خۆی کردۆتەوە کە لە بنەڕەتدا ماناو لێکدانەوەکانی لە کولتووری خۆرئاواییەوە بۆ ئێمە گواستراونەتەوە، واتە کەلەپوور بەو مانایەی کە نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و کەلتووری و ئەدەبی و هونەری دەگرێتەوەو لە رۆشنبیریی هاوچەرخی ئێمەدا بەکاردەهێنرێ، پێشتر لە گوتاری کولتووری کوردیدا ئامادەیی نەبووە، لە راستیدا کەلەپوورو ماناکانی کەلەپوور، زاراوەیەکی وەرگیراوی نوێیەو ناوەرۆکی خۆی لە تەك کۆی ئەو ماناو زاراوانەی دیکەدا وەردەگرێ کە ژیانی مۆدێرن سەدەیەکە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێ (لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە چەمك و زاراوەکان– وەك بیرمەندان دەڵێن– نیشتمانی تایبەتی و دیاریکراویان نییە، بەڵکو ئەمانە بەرهەمی کۆشش و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتین)، بەڵام هەندێجار ئەو چەمکانە لە لایەن هەندێ رەوتی کۆنەخواز یان پەرگیرەوە مۆرکێکی ئایدیۆلۆژییانەی دەدرێتێ، یان لە لایەن بزوتنەوەی فەندەمینتالیزمەوە مۆرکێکی تەواو ئایدیۆلۆژیی ئایینی بەبەردا دەکرێ و لە بەرامبەر مۆدێرنەدا داکۆکییەکی کوێرانە لە ئەسڵەکان و کەلەپوورە کۆنەکان دەکرێ و بە بارگەیەکی سیحری و پیرۆزگەرایی تێڕوانینێکی تەمومژاویی بۆ بەرهەم دەهێنرێ، هەوڵدەدرێ توخمە بەسەرچووەکانی لەگەڵ ژیانی ئێستادا بگونجێنرێ، ئەمەش تێڕوانینێکی ئایدیولۆژیی مەبەستگەرایە بۆ کەلەپوور کە هەندێ لە رەوتەکانی کولتووری هاوچەرخیش لە بەرامبەر تازەگەریدا برەوی پێدەدەن.

بەڵام فۆرمی مەعریفییانەی کەلەپوور لە گوتاری رۆشنبیریی هاوچەرخدا فۆرمێکی تەواو جیاواز وەردەگرێ، ئەم فۆرمە هەوڵدەدات لە تێڕوانینێکی تازەگەریانەوە کەرەستەکانی کەلەپوور بگۆڕێ و تێگەیشتنی کەلەپوریانەی کەلەپوور تێپەڕێنێ و لە شوێنکاتی ئێستای دابڕێنێ و تێڕوانینێکی هاوچەرخانەو زانستانەی بداتێ، بێگومان تێڕوانینی زانستی و نوێش بەو مانایە نییە کە سەرانسەری کەلەپوور رەتبکرێتەوەو دابڕانێك لەگەڵ رابردوودا دروست بکرێ بە قەدەر ئەوەی بەو مانایەیە کە مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووردا بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی رەخنەلێگرتن بە پێی پەرەسەندنە فیکری و ژیارییەکانی ژیانی مۆدێرن لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا. لە راستیدا باسکردنی تازەگەری و فیکری مۆدێرن بەبێ دیاریکردنی جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووردا دەبێتە باسێکی کەموکورت و ناتەواو.

ئێمە خاسیەت و توخم و مەوداکانی کەلەپوور جیادەکەینەوەو هەموو دیوەکانی ئاشکرا دەکەین و بەرگی پیرۆزو سیحری تیا دادەماڵین بۆ ئەوەی بە جۆرێکی ترو بە تێڕوانینێکی تر لە مامەڵەکردنەکانی ئێمەدا ئامادە بێت بە جۆرێ نەبێتە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و زەینی و فیکرییەکانی ژیانی ئێمەدا، واتە کەلەپوور وەك بابەت و وەك ئامادەبوونی (دوێنێ) نەتوانێ هەژموونی بەسەر بابەت و ئامادەبوونی (ئەمڕۆ)دا هەبێ و دەسەڵاتەکانی

خۆی لە هەموو ئاستەکاندا پیشان بدات، کە بە داخەوە ئەمڕۆ لە ئاستە گرنگەکانی پەروەردەییو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەنانەت ڕۆشنبیریشدا ئامادەبوونێکی گەورەی هەیە، کتێبێك یان کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی قووڵو هەمەلایەن نابینین بە جۆرێ سیحرو پیرۆزیی ڕەمزەکانی بەتاڵ بکاتەوە و ڕەهەندەکانی ئاشکرا بکات.

ئەمڕۆ توێژێکی فراوانی خوێندەواران تێگەیشتنێکی ئایدیۆلۆژیانەیان بۆ کەلەپوور هەیەو جگە لەو تێگەیشتنە سەلەفیو کەلەپوورییانە بۆ کەلەپوور، تێگەیشتنو ماناکانی دیکە بۆ کەلەپوور ڕەتدەکەنەوە، لە هەموو تێگەیشتنێکی تازەگەرانەشدا مانای دارمانو لادانو لاساییکردنەوەی خۆرئاواو زۆر ناوی دیکەی لەو جۆرە دەدۆزنەوە بێ ئەوەی ئەوە لە بەرچاوبگرن کەلەپوور بەرهەمی زەمەنێکی ترە کە لە ڕابردوودا بەرهەم هێنراوە، پێداویستیەکانی ژیانی سەردەمێکی تر بۆ سەردەمی خۆی دروستی کردوونو مەسافەیەکی زەمەنی لە ئێستای جیادەکاتەوە، بە پێی گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی سەردەم کەلەپوور دەکەوێتە شوێنێکی تر کە ڕابردووەو بەشێکی زۆری لەگەڵ دیدگاو جۆری ژیانی ئەمڕۆدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە. کەلەپوور لە ساتەوەختی خۆیدا قسەی خۆی کردووەو تەواو بووە، ناتوانێ هەموو توخمەکانی خۆی بە هەژموونێکی گەورەوە بگوازێتەوە بۆ ساتەوەختی ئێستا، واتە ئەو قسەیەی کەلەپوور کردوویەتی قسەی ڕەهاو کۆتایی نییە کە بۆ هەموو سەردەمێكو بۆ هەموو شوێنێ بگونجێ، بەڵکو قسەکردنێکە تەنها بۆ سەردەمی خۆی کراوە.

(٥)

کەلەپوور لە سەردەمی پێشکەوتنە گەورەکانی دنیادا، لە سەردەمی شۆڕشی دیجیتاڵیو تەکنیکیدا، لە سەردەمی گلۆباڵیزمو پێکەوە ژیانی فرە ڕەگەزی و فرە نەتەوەییدا، شوێنی پرسیارکردنێکی گەورەیە، کەلەپوور لەم سەردەمەی ئێستادا بە خێرایی شوناسەکانی خۆی دەگۆڕێو لە بەردەم ژیانی مۆدێرنەدا جێلەق دەبێو بە ناچاری پاشەکشە دەکات، ئەم حاڵەتەش لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتدا دۆخێکی پڕ لە دژایەتی و توندوتیژی دەخوڵقێنێ کە هەر لە ئێستاوە ئاسۆکانی ئەو دۆخە دەرکەوتوون ، یەکێك لەو دژایەتییانە بریتییە لە ناکۆکی و دژایەتیی نێوان مۆدێرنەی مادی و مۆدێرنەی فیکری، واتە ئەوەی کە کۆمەڵگاکانی ئێمە لە ڕوکارو شێوەدا مۆدێرنەیە بەڵام لە جەوهەرو فیکردا مۆدێرنە نییە، یان ئەوەی کە عەلی وەردی باسی دژایەتی و دووفاقیەکانی ئینسان و کۆمەڵگاکانی ئێمە دەکات بەوەی لەلایەك هەڵگری نەریتی دەوارنشینین لەلایەکی ترو هاوکات هەڵگری نەریتی شارستانیین کە ئەم دژایەتیی ئینسانەکان دوچاری دووفاقیی کەسایەتی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری تێکچوونی کۆمەڵایەتی یان نارێکیی کۆمەڵایەتی.

## سەرچاوەکان:

١- محمود امين العالم، مواقف نقدية من التراث، دار الفارابي . بيروت، ١٩٩٧.

٢- د. محمد عابد الجابري، التراث والحداثة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩١.

٣- د. محمد عابد الجابري، نحن والتراث، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٦.

٤- حميد المطبعي، علي الوردي يدافع عن نفسه، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، منشورات المكتبة العالمية، بغداد، ١٩٨٧.

٥- جون سكوت، علم الاجتماع المفاهيم الاساسية، ترجمة: محمد عثمان، الشبكة العربية للابحاث والنشر، بيروت، ٢٠١٣.

# پۆشاکی پێشمەرگە
# (لە دەڤەری کۆیە)

**فازیل شەوڕۆ**



پێشمەرگەی دەڤەری کۆیە ١٩٧١

(ئەحمەدی حاجییەمینی)

بەدرێژایی مێژوو، دەڤەری کۆیە، سەربە شەڕوشۆڕ و پێکدادان وراپەڕین بووە، تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووش، ئەم سێ دیاردەیە لەوێ هەبووە: هێندێ جار بنەماڵە چەکدارەکانی ناو شاری کۆیە، (بنەماڵەی غەفووری و بنەماڵەی حەوێزی) یەکان، بەڕووی یەکتریدا هەڵدەشاخان و خوێنیان لە بەیندا دەڕژا، هێندێ جار هێزی دەرەکی، وەکو شێخ بوزەینیەکان، پەلاماری شاریان دەدا، جاریش بوو، چەکدارانی کۆیی بەشداری شۆڕش و بزووتنەوەکانی ناوچەکانیان دیکەیان کردووە، وەك بزوتنەوەی شێخ مەحمودی حەفید و دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان لە مەهاباد. ئەوەی کە پیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە، لە هەموو ئەو دەورانە و ئەم ڕووداوانەدا، شەڕکەر و جەنگاوەرەکان، پۆشاکێکی تایبەت بە خۆیانیان نەبووە هەر ئەو جلکوبەرگەیان پۆشیوە کە لە ڕۆژانی ئاسایی ژیانیاندا پۆشیویانە، تاکە جیاوازی ئەوە بوو کە ئەوان چەکدار بوون، بە گوێرەی ئەو چەك و چۆڵەی کە لەو سەردەمەدا هەبووە.

پۆشاکی پیشمەرگە، لێرەدا، ناونیشانێکی سەربەخۆی پێدراوە، چونکە لە گەڵ یەکەم بڵێسەی شۆڕشی ئەیلول لە (١٩٦١)، بزووتنەوەیەکی دەستەجەمعی ڕێکخراو و ئامانجدار، لە سەر گۆڕەپانی کوردستان، وەکو دیاردەیەکی سەربازی و سیاسی لەدایک بوو کە تاکو ئێستاش بوون و ماهییەتی بەردەوامە. ئاماژە کردن بە پۆشاک و کەرەستەکان، بۆ بەئەرشیڤکردنی سەردەمێکی دیاری کراو، لایەنی ئەرێنی خۆی هەیە.

شۆڕشی ئەیلول لە سەرەتادا، هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پارتێکی کوردیی سیاسی بوو، ڕابەرایەتی دەکرد، پێیان دەگوت (شۆڕشی عەشایر یان شۆڕشی پۆلیسان)، بۆیە زۆر ئاسایی بوو لە سەرەتادا، پێشمەرگە هەر ئەو پۆشاکەی لەبەر کردبێ کە پێی چۆتە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی، تەنانەت پۆلیس و سەرباز و ئەفسەریش، هەبووە بە پۆشاکی پۆلیسی و سەربازییەوە چۆتە شاخ و تا ماوەیەك جلکوبەرگی کوردیی چەنگ نەکەوت

چونکە شۆڕشەکە ساوا و کەم ئەزموون بوو و توانای دارایی کز بوو، ئەوا ئەوکەسەی دەبووە پێشمەرگە، پۆشاکی خۆی لەسەر خۆی بوو. بە گوێرەی وەرزی زستان و هاوین بوو. زۆربەیان هەر یەك دەستە جلکیان هەبوو، مەگەر لە بارەگا و بنکەکان، دوو دەستە جلکیان هەبوایا. بە گشتی پۆشاکی پێشمەرگە بریتی بوو لە:

* کڵاو وجامەدانی، لە ساڵی (١٩٦٢) بەڕێز جەلال تاڵەبانی یەکەم کەس بوو کلێتەی چنراوی کردە سەر کە گوڵینگەیەکی لە سەر بوو، لە ڕاست و چەپیش بەسەر گوێچکەدا دەهاتە خوارەوە و پشتێنەکانی بە جوتێك گوڵینگە ڕازابوونە، ئەم کلێتەیە هەم لەبن گەردنیش گرێدەدرا و هەم بۆ پیشتەوەش هەڵدەدرایەوە و شەکەتدەدرا، بۆ زستان زۆر گەرمو گوڕ بوو و شێوەکەشی زۆر جوان بوو. دواتر بوو بە مۆدێل، پتر پێشمەرگە گەنجەکان لەسەریان دەنا.

* کورتەك و شەڕواڵ و ڕەنك وچۆغە و فانیلەی زستان و کۆڵەبار و پەستەك و قەمسەلە.

* گۆرەویی درێژ و بەلەك پێچ (پووزەوانە)، بۆ قاچ وقول.

* پێڵاو، ئەو لاستیکە سەر بەقایشە بوو کە بزمارکوتکرابوو، پێشتر ئاماژەمان پێدا.(پێڵاوی لاستیك)، پینەدۆزەکانی کۆیە دروستیان دەکرد.

ئەو کەرەستەیەی کە تایبەت بوو بە پێشمەرگە و زۆر بایەخی هەبوو وشتێکی پێویست بوو: (تۆربە) بوو. تۆربە وەکو کۆڵەپشتێکی بچووکە، پێشمەرگە بۆ خۆی لە کۆنە قوماش و پەڕۆ و پارچە بەڕە و جاجم و دووگرد دروستی دەکرد، وەکو کۆڵەبار لە پشتی خۆی دەکرد، چووبا بۆ هەر شوێنێك ئەو تۆربەیەی پێبوو. لەم خورجە بچووکەدا ئەم شتانەیان هەڵدەگرت: دەرزی و داو، برێك شەکری قەند یان شەکری کولاو (گرمت شەکر)، قۆعە کە لە فافۆن بوو(کۆپی شیر و چا بوو)، برێك دەرمان چا، لیفکە، سابوون، نوردووە نان، قەڵەمبڕ، مووس، ئەگەر هەبوایا شەکرۆکە و نەعناو... تاد)

چونکە ژیان لە ناو ئەشکەوت و کۆلێت و بن بەرد و شاخ، زەحمەتە و خۆشتن و خۆ خاوێنکردنەوە، لەم شاخ وداخەدا، لە کاتی شەڕدا، کارێکی ئاسایی نییە، ئەوا بۆ خۆپاراستن لە کێچ و ئەسپێ، هەر پێشمەرگەیەك لە ناو شووشەی شرینقەی بەتاڵ نەختێ دەرمانی کێچ و ئەسپێی هەڵدەگرت و لەناو پەڕۆیەکی گرێیدەداو، لە باخەڵیدا حەشاری دەدا، بۆ کاتی پێویست.

لە ساڵی (١٩٦٢) بۆ یەکەمجار هەیکەلی پێکهاتەی پێشمەرگە (لەشکر)، وەکو هێزێکی سەربازیی ڕێکخراو، بەم شێوەیە ڕیزبەندی بۆ کرا:

* سەردەستە (حظیرة): کە (١٠) کەس بوو.
* سەرپەل (فصیل): کە لە( ١١ تا ٣٩) کەس بوو.
* سەرلق (سریە): کە لە (٤٠ تا ١٢٠) کەس بوو.
* بەتالیۆن (فوج): کە لە(١٢١ تا ٧٠٠) کەس بوو.

* هێز ( لیوا): کە لە (٧٠١ ـ .....) کەس بوو.

* لەشکر: کۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە هیچ فەرق و جیاوازییەك لە نێوان پۆشاکی پێشمەرگەی ئاسایی و پۆشاکی پێشمەرگە بەرپرسەکان نەبوو، ئەگەر ئامیر بەتالیۆن و ئامیر هێزیش بووایا، هەمان پۆشاك و هەمان پێڵاوی لاستیك بوو، ئەوان بە ناو، سەرپەل و سەرلق و ئامیر بەتالیۆنی خۆیان دەناسییەوە. بۆیە لە پۆشاکی سەرکردەیەکی وەکو ژەنەراڵ مستەفا بارزانی، شتێکت نەدەبینی جیاوازیی هەبێ لەگەڵ پۆشاکی سەرپەلێك لە ئاوەگرد یان حاجی قەڵا.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٢) بۆ یەکەمین جار گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پۆشاکی پێشمەرگەدا ڕوویدا، ئەوەیش ئەوەبوو کە شۆڕش بڕیاریدا پۆشاکی زۆربەی چەکدارە جەنگاوەرەکانی بکاتە خاکی، ئەمەش دوای ئەوەهات، کە هێزێکی پێشمەرگە توانی دەست بەسەر (٣٠) هەزار دینار لە خەزینەی کۆیەدا لە نێوان شاری کۆیە و دێگەڵەدا بگرێت. لەهەمان کاتدا، هەوادار و پشتیوانانی شۆڕش لە شاری سلێمانی بڕێکی باش کووتاڵی خاکی و پۆشاکیان بە دزییەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە نارد. لە ئەشکەوت و لادێیە دەستەچەپەکانیشدا، مەکینەی خەیاتییان داناو، بەرگدرووی خۆبەخش و بەکرێگیراو، دەستیان کرد بە دوورینی پۆشاکی خاکی کە دوو پارچە بوو: کورتەك و شەرواڵ، وای لێهات کە پێشمەرگە بتوانێ ببێتە خاوەن دوو دەستە جلك و لە کاتی پێویستیشدا، داوای ئیدی بکات. دیسان پۆشاکە نوێیەکان هیچ جیاوازیی تێدا نەکرا، لە نێوان پۆشاکی پێشمەرگەی ئاسایی و پێشمەرگە پلەدارەکان. بەڵام پشتێنی خاکی و کراسی خاکی و گۆرەوی هەر لەسەر پێشمەرگە بوو، کەس وکاریان بۆیان دەناردن یان خۆیان بەهەر شێوەیەك بوایا، پەیدایان دەکردن. کورتەکی پۆشاکە خاکییەکان، ( شانبەند ـ کەتافییەیان) هەبوو بۆ قایشی فیشەکدان.

دوای گەورە بوونی هێزی پێشمەرگە و زۆربوونی ژمارەیان، لە ئێران، بە باری ئێستران پێڵاوی ئێرانییان بۆ دەهات، وردە وردە پێڵاوی لاستیك لەغوو بوو، پێڵاوی پۆتین زۆر پێویست بوو. چەکمە پۆتینیش کە گۆرەویی دەخرایە ناو، بەرە بەرە بڵاو بۆوە. دواتر پێڵاوێك لە ئێرانەوە دەهات پێیان دەگوت (شەوڕۆ)، پێشمەرگە زۆر حەزی لێ دەکرد.

ئەگەر دیقەتی وێنەی پێشمەرگەیەکی کۆیی، نموونەی ساڵەکانی (١٩٦٤، ١٩٦٦) بدەین، دەبینین کە ئەم شتانەی لە خۆ بەستووە یان هەڵگرتووە:

* دوو یان سێ ڕێزە فیشەکدان بۆ تفەنگ و سێ یان چوار مەخزەن بۆ کلاشنکۆف.

* دەمانچە و قایش و کیفە دەمانچە.

* نێزە و کالان، یان خەنجەر.

* مەتارەی سەربازیی.

* دووربین.

* ڕادیۆی بچووك.

* کلێتەی سەر.

* تۆربەی پشت.

* پۆتین و گۆرەوی.

* قەمسەلە. لە ساڵی (١٩٦٣) قەمسەلەی نیو کۆت بەسەر پێشمەرگەدا دابەشکرا. قاپووتی سێ (بەر)یش هەبوو.

ئەگەر پێشمەرگە لە شوێنێکی دوورە دەست بوایە، جار هەبوو، بەتانییەکی سووکی لە پیشتی خۆی بە لوولدراوی شەتەکدەدا، بۆ کاتی پێویست. بۆ خۆشتنیش، لە زستاندا ئاویان لە تەنەکە و مەنجەڵاندا گەرم دەکرد و لە هاوینانیشدا، لە دەم جۆگە و ڕووباران خۆیان پاك دەکردەوە. کەمتر کاتی ڕیش تاشینیان هەبوو ئەویش پتر لە بارەگایەکاندا دەکرا. سەرتاشین هەر بە مەقەستی ئاسایی بوو، ئەگەر سەرتاشی لێزانیان لەگەڵ نەبوایەی یان لە گوندەکان سەریان

دەتاشی.

ئەو چەکانەی کە بە شانی پێشمەرگەکانی دەڤەری کۆیە و لە سەرەتای شۆڕشدا، دەبینران، ئەمانە بوون: تفەنگی ئینگلیزی، تفەنگی پۆڵەندی، بڕنەو، غەدارە، دەمانچە، تاپڕ، یەك ڕەشاش( بڕێن ) هەبوو، دواتر تفەنگی (سەمینۆف و تەکتریۆف و کلاشنکۆف و (BKC)، بازووکە)یش پەیدا بوون. لەسەرەتادا پێشمەرگە، چەکی (RPG) نەبوو، لە ساڵەکانی (١٩٧٤) ئەم چەکە کەوتە دەست پێشمەرگە.

بۆ فیشەکدان، لە شارەکاندا، زیندروو (سەراج) دروستی دەکرد، ئەوەی خاوەن تفەنگ بوایە، ئەوا دەبوایە فیشەکدانیشی هەبێ.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، ئەم چەکانە لە کوردستان و دەڤەری کۆیە بەکار هاتوون:

تفەنگی ماوزەر، سێ تیر، پێنج تیری ڕوسی، جانبێزار، نەیارەشکێن، بڕنەو بە هەر سێ شێوەکەی: بڕنەوی کورت و وەسەت و درێژ، یاللی، تاپڕ، غەدارە، پۆلەندی. جۆرەکانی دەمانجەش زۆر بوون، وەکو: دەمانجەی بەرەبیل، تۆپللی، لامەی بچووك و لامەی گەورە، مانهێر، جووت لوولەی بچووك و جووت لولەی گەورە، ستار، چوارده خوڕ، تۆکاریۆ، مشك کوژ...تاد.

جۆری فیشەکدان، بە گوێرەی جۆری تفەنگە، بۆ نموونە، باخەڵەکانی فیشەکدانی سێ تیر جیاوازە لە گەڵ ئەوانەی پاکەتی پێنج فیشەکییان هەیە، وەکو تفەنگی ئینگلیزیی. جا ژمارەی پاکەتەکان (باخەڵەکان) بە گوێرەی چیوەەی کەمەری کەسەکەیە، هەشت پاکەتیی، دە پاکەتی، دوانزدە پاکەتی هەیە. ئەگەر چەکدار، چوار فیشەکدان ببەستێت، دەبێ دوو لە کەمەر و دووەکەی تریش ڕاست و چەپ بەسەر سینگی خۆیەوە ببەستێ.

کیف و قایشی دەمانجەش، سەڕاج بە گوێرەی جۆری دەمانجەکە دروستی دەکرد، زۆربەیان بە سەر لاشانێك شۆڕدەکرانەوە و لە ژێر باڵی چەپدا، لەسەر پشتێن، لەکەمەر دەبەستران.

کە کلاشنکۆفیش پەیدا بوو، کیفی قایش و پەڕۆیان بۆ مەخزەنەکانی دەدووری. ئەو چەکانەی فیشەکیان زنجیر بوو، فیشەکدانیان نەبوو، هەر بە ڕووتی لە پشت و سەر سێنگ دەپێچران.

لە سەرەتای شۆڕش، لە چەند گوندێکی ناوچەی کۆیە، چەغماغسار، قەوانی فیشەکی دادەگرتەوە، قەوانەکانیان بۆ دەبرد، ئەو بارووت و سەرە گوللە و ترەقەکەی هەبوو.

لە دوای ڕاپەڕین و لەگەڵ دامەزراندنی سوپاس کوردستان، پۆشاکی سەربازیی کوردی، بوو بە پۆشاکی فەرمی، لە شێوەی پۆشاکی سەربازیی نەتەوەکانی دیکە، تەنیا، ئارم و لۆگۆ و ئاڵاکەیان جیاوازە. بەڵام پۆشاکی پێشمەرگە، هەر هەمان پۆشاکە کلاسیکییەکەیە، تاکە گۆڕان کە بەسەری داهاتبێ، جۆری قوماشەکەیە لە چاکی و باشییدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، پۆشاکی جاشەکانی کۆیە، هەر هەمان پۆشاکی جلکی کوردی ڕۆژانەی خۆیان بوو، و مەیلییان کەمتر بۆ ئەو جلکە چووە کە پێشمەرگە دەیپۆشیی. بەڵام ئەوان هەمیشە قەمسەڵەی سەربازیی جۆری باش باشیان لە لایەن حکوومەتەوە پێدەدرا، کە هەبوو ڕەنگی خاکی و هەبوو مەغاویریی پەڵەپەڵە بوو.

## پەراوێزەکان:

١) چاوپێکەوتن، حەمید ڕەشاش، پێشمەرگەی ئەیلول ، تەمەن (٨٥)ساڵ، ، هەولێر ، ٢٠ / ٧ / ٢٠١٦

٢) مام جەلال تاڵەبانی داهێنەری ئەم پۆلینبەندییە و زاراوانە بوو.( کەریم سەلیم کاڕەش، کۆیە، ( ٢٢، ٣٣/ ٢٠١٦)، چاوپێکەوتن).

٣) ئەو برە پارەیە لە ساڵی (١٩٦٢) نزیکەی (٣٠) هەزار مسقاڵ زێری پێ دەکرا . ف. ش.

# گریان لە دیدی کلتوور و زانستەوە



د. عەتیە حەمە سەعید لەپزێڕین

**چاوی من دەم دەم دەڕێژێ ئاوی سوێرو خوێنی گەش**
**تـــــا بڵێن دەریـایی عومانە دوڕڕ و مەرجـانی هـەیە**
**(نالی)**

گریان دیاردەیەکە پتر پەیوەستە بە مرۆڤ هەرچەندە هێندێک گیانلەبەریش لە هێندێک حاڵاتی تایبەتدا ئەم دیاردەیان لێ بەدیدەکرێت. گریان هێزێکی گەردوونی هەیە کە ڕۆح و دەروونی هەموو کەسێک، لە هێندێک چرکەساتدا داگیر دەکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و تەمەن و پایە و شوین و کات، بۆیە لە کلتوور و ئایین و تقووسی هەموو نەتەوەکاندا بە شێوەی جیاواز ڕەنگی داوەتەوە، ئەوا جگە لەو فەزا بەربڵاو وفراوانەی کە گریان لە فۆلکلور و ئەدەب و هونەردا، بە هەموو ڕشتەکانیانەوە، باڵی بەسەر داکێشاوە و بوونی خۆی سەلماندووە.

مرۆڤ لە سەرەتای میژووی بوونییەوە، سەرنج و تێرامانی خۆی بۆ ئەم دیاردە سەیرە دەربڕیوە. لە زەمانی هیبۆقراتەوە باسی لێوەکراوە و لێکدانەوە بۆ هەست و مێشکی مرۆڤ و گیانلەبەری زیرەکی وەك فیل، سەگ و پشیلە کراوە. چارلس داروین لە کتێبی (کوزارشتی هەست لەلای مرۆڤ و گیانداران) نووسیویەتی:» یەکێك لە چاودێرانی

باغچەی ئاژەڵان لە لەندەن، پێیگوتم، فیلەکان لێرە لەبەر غەریبی بۆ هیندستان گریاوەن.»

لەکۆنەوە بوداکان، بە گوێرەی سروتی ئایینەکەیان، ئاگر و دوکەڵ دەکەنەوە تا زۆرترین فرمێسك لەچاوەکانیان بێ، ئەمەیش لە دەوری خودی پەیکەری بودا دەبێ و دۆستایەتی مرۆڤ و ئاگر دەسەلمێنێ. لە نێو مسوڵماناندا، ئەوانەی سەر بە مەزهەبی شیعەی دوانزدە ئیمامن، ساڵانە لە چەندین بۆنە و سروتی ئایینی خۆیاندا، سینگ دەکوتن و شیندەگێڕن و دەگرێن و فرمێسك دەڕێژن. لە دیدی ئەوانەوە، ئازاردانی جەستە و دەروونی خۆیان بۆ خۆ پاککردنەوەیانە لەو کوناحەی کە ئیمامی حەسین و حوسێنیان نە پاراستووە و بۆ ئەو زوڵمە دەگرێن کە دەرحەقیانکراوە. سوفی و خەڵوەتگەر و باوەڕداریش زۆر جار لە تەقییە و خۆفی خودا دەگرێن بە تایبەتی لەکاتی قورئان خوێندندا. یان کەسەردانی گۆڕی پێغەمبەران و کەعبە دەکەن.

گریان زۆر جۆر و شێوەی هەیە، بە گوێرەی ڕوودا و بۆنە و کات و شوێنەکە، بۆنموونە ئەو فرمێسکانەی کە لە چاوی دایکێك دادەبارێ کە بە بینینەوە و یەکگرتنەوەی منداڵێکی دابراوی دەیانڕێژێ، جیاوازە، لە هەست و سۆز و مەبەست لەگەڵ ئەو فرمێسکانەی کە بۆ کچەکەی دەیڕێژێ لە کاتی کواستنەوەی وەك بووك بۆ ماڵی زاوا.

هەر لە کودەواریدا و لە مێژووی نوێماندا، زۆر کارەسانی گەورەمان بەسەرهات، کە پێکەوە تێکڕای ژن و پیاو ومنداڵی کوردی گریاند، وەکو کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی کردنی هەڵەبجە و شارە و دێییەکانی دیکە و ڕووداوی کوڕە و دواتریش تیرۆرەکانی داعش و چەکدارانی دیکە.

جۆرە گریانێکی دیکە هەیە پێیدەگوترێ گریانی تەنیایی: ئەمەیش زۆر جۆری هەیە وەك گریانی دابڕان لەخۆشەویست و خاك و زێدی خۆت، یان گریان لە گۆشەگیریی و بێکەسیدا، یان گریان بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانی، ئەمەش لە ئاکامی پاڵەپەستۆ و سترێسی دەروونی و باری ڕۆحی و نەخۆشکی مێشك. لەڕووی زانستییەوە، گریان بارێکی تابەتە بەهۆکارێکی تایبەت ڕوودەدات، بەڵام فرمێسك دیاردەیەکی فیسۆلۆژی جەستەیە، ئەوەیش دوو جۆرە: ئەو فرمێسکانەی بە هۆی هەستەوە لە لای مرۆڤ و گیاندار دروست دەبێ



شەهیدانی ئەنفال

وە ئەو جۆرە فرمێسکەی کە بەهۆی ماددەی کیمیاوی یاخود دوکەڵ لە چاو دێتەدەر، فرمێسکی ئەو دوو حاڵەتە پێکهاتەکەیان جیاوازە.

لە کاتی فرمێسکی دەروونی، زۆر ماددەی هۆرمۆنی دەڕژێ، کەلەسەر ڕژێنی ئەدریناڵ لەحاڵتی کتوپڕ دێتە دەرەوە، وەك حاڵەی خەم و ترس و لێقەومان...تاد. توخمی کیمیاوی وەك کانزاکانی سۆدیۆم و پۆتاسیۆم



تابلۆی منداڵێکی گریاو

و زۆری دیکە دەڕژێ.

زانستییانە دەریانخستووە کە ژنان ساڵانە لە (٣٠) جار بۆ (٦٠) جار بۆ ماوەی (٦) خولەك دەگرێن و پیاوانیش لە (٦) بۆ (١٧) جار بۆ ماوەی (٢ ـ ٤) خولەك دەگرێن.

گریان سوودی هەیە بۆ مرۆڤ: دەروون هێور دەکاتەوە، زۆر ماددەی ژەهراوی لەجەستە دەردەکاتە دەرەوە، مێشك نوێ دەکاتەوە و ئارامی بە ژیان دەبەخشێ.

با دوو قسە دەربارەی گریانی منداڵ بکەین: یەکەم گریانی مرۆڤ لەو چرکەساتەیە کە تازە لە دایك دەبێ. ئەمەیش بەهۆی ترسەوەیە کە لە شوێنێکی گەرم و نەرم و تاریك دێتە شوێنێکی سارد و ڕووناك،کاتێك ناوکی دەبڕدرێت، دەست دەکات بە هەناسە وەرگتن، بۆ ئەوەی بژی، یەکەم هەناسە وەردەگرێ و نەختۆکەکە دەوەستێ، ڕەنگی شین هەڵدەگەڕێ، ئەگەر هەواکە دەرنەکاتە دەرەوە دەست بەگریان دەکات و دەمرێ، (٢ تا ٣) جاران هەواو دەباتە ژوورەوە بۆ سییەکانی، ڕایدەگرێ و ئینجا لەژێر کاریگەری بێ ئۆکسجینی هەڵدەداتەوە دەرەوە و فێر دەبێ کە سوودی نییە، چونکە دەبێ بە ڕێکی هەوا بچێتە ناو سییەکانی و بێتە دەرەوە، بەم شێوە مێشك سییەکان فێر دەکات چۆن هەناسە بدات و ئەو پرۆسەیە تاکو مردن بەردەوام دەبێت. کەواتە یەکەم گریانی منداڵ یەکەم کلیلی دەرگای ژیانی مرۆڤە.

تا منداڵ تەمەنی دەبێتە (٢ ـ ٣) ساڵ و فێرە قسە دەبێت، (٣) جۆرە گریانی هەیە:

- گریانی برسییەتی، بە نووزە دەست پێدەکات، ئەوجا دەگرێ.
- گریانی تۆڕەیی: زۆر توند هەوا هەڵدەکێشێ وەك بڵێی خۆی دەخنکێنێ.
- گریانی ژان و ئازار: گریانێکی تیژە و ڕاناوەستێ پێتدەڵێ شوێنێکی دێشێ و ژانی هەیە و ئازارێکی پێگەیشتووە، یاخود خۆی پیسکردوە.

گریانی منداڵی ساوا هیچ هەستێکی تێدا نییە، بەڵام کە هەراش بوو گەورە بوو ئەوا فیرە گریانی بەهەست دەبێ، وەك بزربوون یان لەدەستدانی کەسێکی یان ڕووداوێکی ناخۆش.

مامۆستا ئەحەد هەردی زۆر جوان بەرجەستەی گریان و ئەشکی لەم دەقە شیعرەدا کردەوەو دەڵێ:

**وێڵم وتاریکە دەورم، فەرشی ڕێگام مەینەتە**
**بێکەسم تەنیا ئەناڵم مەرگی خۆمم عەزرەتە**
**سازی ئاهەنگی شەوانم، سۆزی جەرگی لەتلەتە**
**یاوەر و یار ی ئەنیسم، ئاهو ئەشکی حەسرەتە**
**ئافەرین ئەی بارەکە الله، دیدەیی گریانی شەو**

# پێناسە و چەمکی بەیت



لێکۆڵینەوە: سابات حەمید مەجید غەفووری

لە نێو جۆرەکانی گۆرانیی فۆلکلۆریماندا وەك: سیاچەمانە و هۆرە و قەتار و بەیت و لاوك، بەیت یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندەکەیان. خۆی فۆلکلۆری کوردی گەنجینەیەکی بەنرخی نەتەوەییمانە و تێیدا دەتوانین ئەو بەشە لە ڕابردووی گەلەکەمان بخوێنینەوە و لێی بکۆڵینەوە، کە بەداخەوە نەنووسراوەتەوە و نەکراوەتە مێژووی نووسراو. یانی لە ئاوێنەی فولکلۆردا دەتوانین شێوەی ژیان و دابونەریت و جیهانبینی و تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەی پێشنیانی خۆمان ببینین. چونکە بە داخەوە تەمەنی ئەدەبی نووسراوی کورد زۆر نییە و کورد بەهۆی ژیانی چیاییەکەیەوە زۆر درەنگ خوی داوەتە خوێندەواری. بۆیەش فۆلکلۆر یان ئەدەبی زارەکیمان تەمەن و ڕابردوویەکی درێژتری هەیە و لە ڕاستیشدا دەکرێ بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك بەردی بناغەی ئەدەبیاتەکەمان لێی بڕوانین. ئەوەتا باسیلی نیکیتین لە کتێبی کورد و کوردستاندا لەوبارەیەوە دەڵێ: هەر لێکۆڵینەوەیەك لە ئەدەبیاتی کوردی، دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا لە سەر فۆلکلۆری ئەو نەتەوە بکرێ، کە نەك هەر میراتێکی زۆر دەوڵەمەندی پشتاو پشتی ڕابردووی پێگەیشتووە و هێزێکی گەشە و خوڵقاندن لە ناوخۆشیدا شك دەبا کە هەمیشەش لە نوێکردنەوە دایە و مەبەستی فۆلکلۆری لە نەتەوەکانی جیرانی خۆی وەردەگرێ و کە لەبۆتەی



**سوارەیەکی کورد**

ئەدەبیاتی کوردیدا تواندییەوە، گەشەی پێ دەدا و ئەدەبیاتی خۆی پێ دەوڵەمەندتر دەکات.(نیکیتین، ١٩٩٧: ل٧٣٤)

بەیت لە واتا فەرهەنگییەکەیدا، بریتییە لەو بەیت و باوەی لە سەر زار و زمانی پێشینیان بووە و لەوانەوە زار بە زار هاتووە و بە ئێمە گەیشتووە. سوارە ئیلخانی زادە لە بەرنامە ئەدەبییەکەی «تاپۆ و بوومەلێڵدا» کە لە ساڵانی حەفتاکاندا لە ڕادیۆی تارانەوە بڵاوی دەکردەوە و دواتر لە کتێبێکدا هەر بەو ناوە بڵاو کرایەوە «بەیت» بە «شیعری وتار»ی ناو دەبات و ئاوا پێناسەی دەکات: «شیعری وتاری» یا «بەیت» بە لای منەوە گەنجێکی هێژا و سامانێکی گەورەی زەوق و چێشکەی هۆزەکەمانە. (ئیلخانی زادە، ٢٠٠٧: ل ١٧٥)

دوکتۆر ڕەهبەر مەحموود زادە لە کتێبی «پێکهاتەی بەیتی کوردی»دا ئاوا ئاماژە بە وشەی بەیت دەکات:

وشەی «بەیت» لە نووسراوەکان و لە ئاخافتنی خەڵکی ئاساییدا، بەسێ مانای جیاواز دەکارکراوە:

١. بە مانای هەرەگشتی: واتە ئەو بەشە لە فۆلکلۆری کوردی کە تێکڕای «ئەدەبی داستانی زارەکی» دەگرێتەوە. دیارە لەم بەکارهێنانەدا، وشەی بەیت جگە لە لاوک و حەیران و بەند، بەشێک لە گۆرانی و چیرۆکی فۆلکلۆریشی گرتۆتەوە.

٢. بە مانای تایبەتی: واتە بەشێک لە ئەدەبی زارەکیی کوردی، گەرچی خزمایەتی و نزیکایەتیی لەگەڵ لاوک و حەیراندا هەیە، بەڵام نە لاوکە و نە حیرانیش. بۆ نموونە «لاس و خەزاڵ» بەم مانا تایبەتە. بەیتێکە کە بەم ناوە لەنێو خەڵکدا بەناوبانگە و ناکرێ ناوی لاوک و حەیرانی لەسەر دابنێین.

٣. بە مانای گشتی: واتە چەشنە بەکارهێنانێک کە لە نێوان مانای هەرەگشتی و مانای تایبەتیدا جێگیر دەبێ. لەم چەشنە لێکدانەوەیەدا، بەیت بەمانای

تایبەتی و هەروەها لاوك و حەیران، هەموویان تێکڕا ناوی بەیت، یان جاری وایە لە بەکارهێنانێکی بەرفراوانتردا ناوی «بەیت و باو»یان لەسەر دادەنرێ. (مەحموود زادە، ۲۰۰۳: ل٤)

لەگەڵ ئەوەشدا وردبوونەوە لە بەیت، وەك ژانرێکی ئەدەبی کوردی، زۆر هەودا و سەرە داوی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە ئەحمەدی بەحری لە بەرگی یەکەمی کتێبی «گەنجی سەربەمۆر»دا دەڵێ: کاتێك باسی بەیت دێتە گۆڕێ، خێرا دیمەنی کوردێکی سەر و ڕووخۆش، لە نێوەچوو، ڕەزاسووك و دڵتەڕی دێهاتیت بە زەیندا دێ کە پێچی هێناوەتە سەر برۆیان، دەستێکی لە بناگوێی ناوە و بەوی دیکە تەسبیحە سەد دەنکەکەی هەڵدەخلێنێ. دەنگی لێ هەڵێناوە و لە چەشنی خاسەکەوی سەر دوند، سۆزی دەروونی لە کوڵی دەکاتە پشکۆی وشە و بە لێزمە دەیداتە دەرێ.(بەحری، ۲۰۰۰: ل۳)

ئەو پێناسەیەی ئەحمەدی بەحری چەند شتێکمان لەسەر بەیت بۆ ڕوون دەکاتەوە.

یەکەم: بەیت بەرهەمی ژیانی لادێیە و لانکە و بێشکەی لە دایکبوونەکەی دێهاتەکانن.

دووەم: هەڵڕشتنی کوڵ و کۆ و هەست و سۆزی دەروونە و زۆر جاران بۆ سووککردنی باری دەروون گوتراوە. خۆی ئەگەر ئاوڕێك لە بەیتە فۆلکلۆرییەکانی وەك: خەج و سیامەند و کاکەمیر و کاکە شێخ و شۆڕ مەحموود و مەرزینگان دەدەینەوە، بەشێکی زۆر لەو بەیتانە لاواندنەوە و پێداهەڵگوتن و شینگێڕانە. لەو کاتەدا کە کوردی چیایی هیچ هاودەمێکی شك نەبردووە بۆ ئەوەی کوڵی گریانێکی خەستی لەلا هەڵبڕێژێت، دەنگی لێ هەڵێناوە و تێی چریکاندووە و کوڵی دڵی خۆی بە گوێی چیاکاندا خوێندووە.

هەر شتێك بێ، بەیت گێڕانەوەی سەربردە و زۆرجاران تراژێدیا یان پاڵەوانێتیی کەسێکن. ئەو بەیتانە لە ڕووی بابەت و ناوەرۆکەوە بەسەر چەند جۆردا دابەش دەبن. بۆ وێنە بەیتێك لەوانەیە، لایەنی دڵداری و تراژێدی و پاڵەوانێتی لەخۆیدا کۆ بکاتەوە. بۆ وێنە بەیتی لاس و خەزاڵ هاوکات پاڵەوانێتییە و دڵدارانە و تراژێدیاشە. لاس پاڵەوانێکی بێ وێنە و ئاشقی خەزاڵی سەرۆك عەشیرەتی مەلانەبییان دەبێت و دواجاریش بە تیری دوژمنان تێدا دەچێت.

بەشی هەرە زۆری بەیتەکان، لایەنە تراژێدیا و خەفەتبارییەکەیان خەستترە لە لایەنەکانی دیکەیان. بەیتبێژ، یان ئەو کەسەی بەیتەکەی گێڕاوەتەوە و بەیتبێژی سەردەمی ئێمە لە زاری ئەوەوە دەیگێڕێتەوە، خەم و خەفەت و کوڵ و کەسەری خۆی لە دوو توێی بەیتدا هەڵڕشتووە و بەسەرهاتەکەی لەگەڵ هەڵڕشتنی داخ و کەسەری دەروونی گێڕاوەتەوە و لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیەیدا، ئاگری ناخ و دەروونی خۆی، بە لێزمە و لافاوی فرمێسکان دامرکاندووەتەوە. ئاخر دەروونزانەکان بەشێکیان لەسەر ئەو بڕوایەن کە گریان دەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی دەروونی کەسی لێقەوماو و کۆستکەوتە. ئەحمەدی بەحری، گریان بە هۆکارێکی دیکەی وەدیهاتنی بەیت لەقەڵەم دەدات و دەڵێت: ڕەوانناسان لە سەر ئەو باوەڕەن ئەگەر کەسێك بارستی دەردێکی گەورە یا غەمێکی قورس گرانایی لە سەر بکا، بێتوو بۆی بگونجێ پریسکەی بکاتەوە و کوڵی خۆی هەڵڕێژێ، هەست بە لەش سووکی و ئاسوودەیی دەکا. ئەم بابەتە لە خوڵقانی بەیتدا شوێنێکی یەکجار گرینگی بووە.(بەحری، ۲۰۰۰: ل٤)

هەر لەو پەیوەندییەدا عەزیز وەلیانی لە

کتێبی «ژیلەمۆ»دا دەڵێ: لە روانگەی زانستی دەروونناسیشەوە، هەم وێژەر و هەم بیسەر دەکەونە گێژاوی خەیاڵ و جەزبە. ئا بەم شێوە خۆیان لە بارستی کەسەر و پەژارەی ژیان رزگار دەکەن و سوکنایی بە رووح و لەشیاندا دێ. بەم جۆرە تۆوی بەیت دەگوورێ و لە وێنەی زارۆکێ لە بیر و هزری وێژەرەوە فرچك دەگرێ.(وەلیانی،٢٠٠٤: ل٦٤).

## جوگرافیای لە دایکبوونی بەیت

بەشێك لە گۆرانییە کوردییەکان، تایبەتن بە هەندێ ناوچەی دیار. بۆ وێنە سیاچەمانە و هۆرە، لە ناوچەکانی هەورامان و بەشی کەلهوڕی کوردستان، واتە ئەوان هور لەو دەڤەرەدا هەن و لەوێ لە دایك بوون و هەر لەوێش دەگوترێنەوە. سەبارەت بە حەیران و بەیتیش رای جۆراوجۆر هەیە. بۆ وێنە هەندێ کەس پێیان وایە حەیران تایبەتی دەشتی هەولێرە و بەیت لە موکریان لەدایك بووە و گەشەی کردووە و هەڵی داوە و پێگەیشتووە. هۆمەر دزەیی لە کتێبی هەولێك بۆ تێگەیشتنی حەیراندا دەڵێت: جەمیلی عەلیاغای دزەیی کە یەکێك لە وەستا لێهاتووەکانی حەیران بووە، لە چاوپێکەوتنێکدا پێی گوتم، وڵاتی رەسەنی حەیران دزەییاتی و گەردیاتییە. ئیتر لەوێوە پەڕیوەتەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی ستانی سۆران و ستانی موکریانیش کە ئەوێ زیاتر مەڵبەند و سەرچاوەی بەیتی کوردین نەك حەیران. ( دزەیی، ٢٠٠٦: ل ٦٩)

پ. د. شوکریە رەسووڵ لە کتێبی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا ئاوا باسی بەیت و جوگرافیای سەرهەڵدانەکەی دەکات: بەیت پەخشانێکی شیعرئامێزە و ریتمی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ وەسف یا بۆ بابەتێکی دڵداری و مێژوویی ئەوترێ لە ناوچەکانی موکریان، هەولێر، کۆیە، رەواندوز، حەریر، لە ناو کوردەکانی رۆژهەڵات بەیتی پێ دەگوترێ. (رەسووڵ، ٢٠٠٨: ل١٠٨)

ئەو دابەشکردنە ناوچەییە زیاتر بە پێی ڕوانینی ئەمڕۆی مرۆڤی کوردە لە جوگرافیا و ناوچەکانی کوردستان، بەبێ ئاوڕدانەوە لە رووداوە مێژووییەکان و رابردووی ئەو نەتەوەیە، کە سەردەمانێك شتێك بەناوی سنوور، وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، لەنێوان بەشەکانیدا نەبووە و ئەوان بەبێ هیچ لەمپەرێکی سیاسی توانیویانە گەرمێن و کوێستانێ بکەن. ئەوەتا دوکتۆر رەهبەری مەحموود زادە رایەکی جیاواز لەوەی هەیە و دەڵێ: ئەو کەسانەی ئەم پرسیارەیان ئاوەها گەڵاڵە کردووە، پێشگریمانەیان ئەوە بووە لە سەردەمی پێشووش‌دا دەشتی هەولێر و موکریان لە دوو جوگرافیای سیاسیی جودا دا بوونە. با زۆر دوور نەڕۆین هەر دەوری سەدەیەك لەمەوبەر ئەو خێڵە کوردە کۆچەرانەی زستانان لە دەشتی هەولێر ژیاون، لە وەرزی خێڵ بەرەوژوور دا بەرە بەرە لە رێگای قەندیلی مامەکۆییان و سپیڕێزی خەیلانییان و رەندۆڵی زەرزایان بۆ لای ناوچەکانی ناوەندی‌تری رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکشاون.(خەلیفە، ٢٠١١: ل١٩)

بەو پێیە، ئەگەر ئەمڕۆ، ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەر کامە و لە رووی کۆمەڵێك دابونەریتەوە لێك جیاوازن، ئەوە هۆکاری ئەو سنوورە دەستکردانەیە، ئەگینا لانیکەم لە داهێنان و بنەما کولتوورییەکاندا دەگەڕێنەوە سەر یەك بنەما و بنچینە و هەموان لە دروستکردنی ئەو شتەدا کە ناوی لێ دەنرێ فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردەواری، دەستیان

هەبووە، چونکە سەردەمانی پێش دابەشبوونی کوردستان، خەڵکی ئەو ناوچە لێکدابڕاوانەی ئێستا، بەبێ کۆسپ و لەمپەر هاموشۆی یەکتریان کردووە.

## بەیتی سوارۆ باسی چیی دەکات؟

بەیتی سوارۆ یەکێکە لەو بەیتە کوردییانەی کە لایەنی پاڵەوانێتی و تراژیدی و دڵدارییەکەی بووەتە تان و پۆ و هەوێنی دەقەکە. ئەو بەیتە لە زمانی کیژۆڵەیەکەوە گێردراوەتەوە. ئافرەتێك کە کوڕە گراوییەکەی دەچێتە شەڕێ. دەچێتە کاولە لەحسا. سەفەرەکە سەفەری هات و نەهاتە. دەچێتە شەڕی مان و نەمان. سوارۆ بەر لە ڕۆیشتنێ سەری ئەسپەکەی وەردەگێڕێت و دێتە لای نازدار حەیرانەکەی و داوای ماچێکی لێ دەکات. ماچێك بۆ ورەبەخشین لە دوا ساتەکانی ماڵاواییدا. ماچێك کە بیکاتە توێشووی ڕێگەی هات و نەهات و تاڵ و سوێرییەکانی سەفەرەکەی پێ شیرین بکات. ماچێك کە توانا و تین و گوڕی پێ ببەخشێت بۆ ئەوەی لە کات و ساتە تاقەتپڕووکێنەکانی شەڕگەدا، خۆڕاگر بێت و چرای هیوایەکیش لە دڵیدا هەر بڵێسەی بێت بۆ گەڕانەوە. بەڵام کچە، ماچەکەی ناداتێ و وەعدەی ئەو ماچەی بۆ دەخاتە ئەو کاتەی سوارۆ بەسەرکەوتوویی لە بەرەی شەڕێ بگەڕێتەوە. بە مەرجێك لە شەڕێ بگەڕێتەوە، کچە بەڵێنی پێ دەدات دوگمەی سینگ و مەمکانی بۆ بترازێنێت و شەو هەتا ڕۆژێ لە باخی سینە و مەمان میوانیی بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا کچە هەندێ ڕاسپاردەی هەیە و قسەی دڵی بۆ سوارەکەی دەکات و بۆشی دەپاڕێتەوە کە دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە دەستی بەعومری بگرن و بیپارێزن. لە لایەکیشەوە دووعای ئەوەی



کیژەکوردێک

لێ دەکات، کە ئەگەر هات و لەبەر ١٥٠٠ سواری دوژمن سەری کەحێلەکەی وەرگێڕا و لەبەریان بەزی و ڕای کرد، ئەوا سوار بکوژرێت و بە تێشکاوی و سەرشۆڕی نەیەتەوە. کچە گراوییەکەی سوارۆ، لە لای شەدەشل و شلومل و ناسك و نازداران، لە لای دەستە خوشك و خەنیمەکان، گەلێکی تاریفی شان و باهۆ و پاڵەوانێتیی سوارۆی کردووە. بۆیە لەوە تۆقیوە کە خەبەری شکست و بەزینی سوارۆی بۆ بێنن. ئاخر بەزین و تێشکانی سوارۆ ئەو لە نێو کوڕی کیژۆڵان شەرمەزار و ڕووڕەش دەکات.

سوارۆ دەڕوات و ڕۆژێك لە ڕۆژان خەبەری بریندار بوونەکەی دێتەوە بۆ کچەگراوییەکەی و ئەویش ڕادەسپێرێتە حەکیم و لوقمانان کە دەست بۆ برینەکەی نەبەن و دەرمانی نەکەن، نەبادا برینەکەی

وەبن بدات و تەشەنا بکات. ئەو دەیەوێ مەلهەمێکی بۆ بگرێتەوە «لە حێلی لە دارچینێ لە ژەنگی گوارەی لە تۆزی شەدەی لە چڵکی ئەنگوستیلەیی و لە ئارەقی قووڵکەی بەر گەردنێ.... «

دەقی بەیتی سوارۆ

وتنی: عەلی کەردار

ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
هەرچەند گازی دەکەمێ نایەی مەتاڵ کەرکەدەنێ
شیر لە غەززەی شای فەرماندە لە خزمەتی وەزیری ماڵ لە بەغدایە
ئەوە کیژ دەرێ
دوێنێ چووکەڵە سوارەکەی من دەچۆوە
سەفەری کاولە لەحسایە
ئەوە دەیگوت کیژێ وەرە دوو ماچم دەیە
بەسەری بە قوڕ و بە ملی بە کوێنم رووم لێ وەردەگێڕا
هەی لاڵ ببم نەمدەدایە
ئەوە لە دوایە دەچوومەوە پێش چووکەڵە سوارەکەی خۆم
زوڵفی خۆمم لەبەر دەگێڕا
مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە
شەرت بێ بە شەرتی خودا و رەسووڵان چووکەڵە سوارەکەم
بێتەوە لەوێ شەڕێ¬¬¬¬¬¬ هەرامەتە لەوێ هەڵایە
ئەمن سنگی خۆمی بۆ دەکەم بە کاغەزەکە مەرجان و مەمکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمەێکە فەرەنگی
هەروەکوو مەلای دوازدەعیلم شەوتا ڕۆژی لێ بکا متاڵایە
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...

وەرە سوار ئەمن بەتەنێم
ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
ئەوە کیژ دەرێ سوار ئەگەر دەچیە وان سەفەرێ
ئەوەت وەسیەت بێ لە سەر دەستی من
پەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ
ئەسپێکەخۆت باژوێ لە کەناری دەسواران
بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆ هاتبا کوژرابایەی
ئەوە درابایە بەر وەدای شیر و خەنجەر و قەناران
نەوەك ئەتۆ هەڵاتبای و سەرێ کەحێلێ خۆت وەرگێڕابا لە بەر هەزار و پێنج سەد سواران چونکە ئەمنت خەجاڵەت
دەکرد لە کن شەدە شل و شلومل و چاوبەکل و ناسك و نازداران
شەرت بێ هەتا سەری مانگێ مانگ نوێ دەبێتەوە
ئەمن نەتدەمێ یا لێت قەردێ دەکەم ماچ دمی دە زەرد هەناران
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...
وەرە سوار ئەمن بەتەنێم
ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
ئەوە کیژ دەرێ سوار ئەگەر دەچیە وان سەفەرێ
ئەوەت وەسیەت بێ لەسەر دەستی من ئەسپێکەخۆت باژوێ لەکەناری دەرێگایێ
ئەوە رەببی سوارە بە دوور بی لە ئەسپی ئەجەلێ
لەشەری پاژنوێژان تەپە و تورکمانێ هەرامەتە لەهەڵڵایە
رەببی ئاگاداری چووکەڵە سوارەکەی من بێ
بیپارێزن دووعای بۆ بکەن دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە
ئەوە کیژ دەرێ لە چرقەی دەروونی منی قەلەندەری بابان وێران

ئەوە ماسیان دەعبایان نەهەنگان
سەریان دینا دەرێ لە گۆمی لەیلوپەڕێ
وەك من جەرگیان دەچۆقالەی دەدانەوە شیددەتی وێ گەرمایێ
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...
وەرە سوار ئەمن بەتەنێم
ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
ئەوە کیژ دەرێ برینداری خەڵکی بریندان بە ڕمبی
عەولای عەسۆی ئەوە چووکەڵە سوارەکەی من
بریندارە بە مەودای دەخەنجەرێ
ئەوە بڵێن بە حەکیمان عەتاران دوکتەران
قایلم نییە دەرمانی کەن و شتەقە دەستانی بکەنێ
هەتاوەکوونێ بۆخۆم دەگەمەوە سەر ئەوێ گەرمە برینێ
دەرمانێکی بۆ ساز دەکەم لە حێلێ لە دارچینێ
لە ژەنگی گوارەی لە تۆزی شەدەی لە چلکی ئەنگوستیلەی و
لە ئارەقی قوڵکەی بەر گەردنێ
ئەوە دەیکەمە شەڵتە و دەیهاوێمە سەر ئەوێ گەرمە برینێ
ئەوساڵ ساڵەکەی ناسکە ساڵە
چووکەڵە سوارەکەی من دەچێتەوە سەفەرێکە گەورە و گران
ئەمن زۆری دەترسێم وەبن دا لە من بێنێتەوە تەشەنێ
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...
وەرە سوار ئەمن بەتەنێم
ئۆهۆ...هۆ...هۆ...هۆ...هۆیش
ئەوە کیژ دەرێ لەشکرێك هەستاوە لە من لە چۆلی شامێ
بێ ئامانە بێ ساماڵە دەڵێن زۆرە زوربەیە
ئەوە دەڵێن کیژێ چووکەڵە سوارەکەت بریندارە
ئەنگواوە برینی جوت گوللەیە
ئەمنیش دەچوومەوە کن حەکیمان عەتاران دوکتەران
دەمکوت وەرنەوە سەر چووکەڵە سوارەکەی من بریندارە
ئەنگواوە لە جێ شەڕگەیە
هەی لاڵ بم پێیان دەکوتم دەردی پێ مردنێیەتی
حەول و تەقەلا و دەرمانکردن و عەزیەتکێشانی بێ فایدەیە
هەی سوار...هەر...هەر...هەر...هەر...
وەرە سوار ئەمن بەتەنێم

## ناوەرۆکی بەیتی سوارۆ

بەیتە کوردییەکان بە گشتی ناوەرۆکێکی پاڵەوانێتی (حەماسی)، دڵداری و تراژێدییان هەیە. بەو پێیە دەبێ لە ناوەرۆکی بەیتی سوارۆ ورد بینەوە و بزانین خۆی لە کام یەك لەو پێناسانەدا دەبینێتەوە. سوارۆ دەچێتە شەڕی کاولە لەحسا. بەو پێیە شەڕێکە دەبێ سوارۆ لەوێدا قارەمانێتی بنوێنێت و پاڵەوانانە بۆ سەرکەوتن هەوڵ بدات، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ ئەو سەرکەوتنە، بیگەیێنێتەوە بەو قەول و بەڵێنەی کە کچەتیوەحەیرانەکەی پێی داوە، ئەویش ترازاندنی دوگمەی سینگ و مەمکانە، بەڵام کێشەیەك لێرەدا هەیە کە ناهێڵێ تیشك بخەینە سەر پانتایی و لایەنە پاڵەوانێتییەکەی، ئەویش ئەوەیە کە وەسفی مەیدانی شەڕ و چۆنێتیی شەڕکردن و ئازایەتییەکانی سوارۆی تێدا نییە. دوکتۆر سیرووسی شەمیسا، لە کتێبی جۆرەکانی ئەدەبدا، ئاوا پێناسەی حەماسە دەکات: حەماسە گێڕانەوەی سەربردەکانی پێش مێژووە. راپۆرتێکە لە رەوش و بارودۆخی رۆژگارانی زۆر لەوە

پێش و تێیدا باسی ئەو شەڕانە دەکات کە لە پێناوی سەربەخۆیی و دەرپەڕاندنی دوژمن لە نیشتیمان یان تێکشکاندنی دوژمنان یان هەر نەبێ لە پێناوی بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگ و سەروەت و ساماندا دەکرێن. (شەمیسا، ١٩٩٩: ل٤٧)

لەو بەیتەدا دیار نییە سوارۆ لە پێناوی چیدا دەچێتە شەڕێ، چونکە سوارۆ دەچێتە شەڕێك لە کاولە لەحسایە. دوکتۆر محەمەدی موعین لە بەرگی پێنجەمی «قامووسی موعین»دا ئاوا باسی لەحسا دەکات: احسا، الاحسا، لحسا: ناوچەیەکە لە رۆژئاوای کەنداوی فارس و کەوتووەتە رۆژهەڵاتی شێوە دوورگەی عەرەبستان. زەوی و زارەکەی لمە. بەڵام چونکە ئاوێکی باشی هەیە، گەنم و جۆ و هەرزن و میوەی لێ رەعەمەل دێ و خورماکەشی بەناوبانگە و نزیك بە ٣٥٠٠ کەسیشی دانیشتوو هەیە.

بەندەری ئەحسا ناوەندی بازرگانییە و لە کۆندا پێیان گوتووە «هجر». شێخ ئەحمەد ئەحسایی پێشەوای شێخییەکان لەو ناوچەیە لەدایك بووە. (موعین، ١٩٨٩: ل١٠٢)

بەو پێیە شەڕگەکەی سوارۆ لە دەرەوەی کوردستان بووە. تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویش لە گۆڕێ نییە کە کورد، لە پێناوی دەسەڵاتێکی خۆماڵیدا شەڕی بردبێتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، بەڵام لە مێژوودا زۆر جاران هەبووە سوارچاکی لەشکرێك و تەنانەت فەرماندەی لەشکرەکانیش کورد بوون و چوونەتە شەڕێك کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبووە، بەڵکو شەڕێکی ئایینی بووە و لە پێناوی ئایین و هەستی ئایینیدا بووە. نموونەش شەڕەکانی سەلاحەدینی ئەیووبی و دواتر پاڵەوانێتییەکانی «ساروبیرە» لە شەڕی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان لە شەڕەکەی چاڵدێراندا. سەلاحەدین زۆر ناسراوە و باسی ناکەین، بەڵام بۆ روونکردنەوەی باسەکەمان بە کورتی ئاورێك لە ساروبیرە دەدەینەوە. حوسێنی مەدەنی لە کتێبی «کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان»دا ئاوا باسی ساروبیرە دەکات: یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی، ناوی ساروبیرە بوو کە یەکێك بوو لە پیاوە خانەدانەکانی ناوچەی بانە و بە دووهەزار شەڕکەری خۆیەوە لە بەرەی شەڕدا جوامێری و پاڵەوانێتی و ئازایەتیی نواند، بەڵام دواتر پارچە تۆپێکی بەر دەکەوێت و دەکوژرێت. (مەدەنی، ٢٠٠٦: ل١٠٠)

دیارە ساروبیرەمان وەك نموونەیەك هێنایەوە لەو پیاوە شەڕکەرە بەدەستوبردانەی کەواسووری پێش لەشکری بێگانەکان بوون و شەڕەکەیان هیچ لە پێناوی خاك و نیشتمان و نەتەوەکەی خۆیاندا نەبووە. ئەگینا شەڕگەکەی ساروبیرە، واتە شەڕگەی سەفەوی و عوسمانییەکان هەر کوردستان بووە و ماڵوێرانی و کاولکارییەکانی شەڕی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە ئایینییە و بەشمەینەتی و لێقەومانەکان هەر بۆ کورد بووە و دەستکەوتەکانیشی بۆ داگیرکەرەکان.

بەڵام ناوی سوارۆی ئێمە و شەڕگەکەی دیار نییە و ئەوەش ئیزنمان نادات لەوە زیاتر باسی ئەو لایەنەی بکەین.

## لایەنی تراژێدی

د.سیرووسی شەمیسا، لە کتێبی جۆرەکانی ئەدەبدا، ئاوا پێناسەی تراژێدی دەکات: تراژێدی نواندن و پێشاندانی کردەوەگەلێکی گرنگ و جیددییە کە لە سەر یەك بە زیان و زەرەری پاڵەوانی سەرەکی تەواو دەبێت و هەوێنی چیرۆکەکە، بە مەرگەساتی

پاڵەوانەکە کۆتاییی دێ. (شەمیسا، ١٩٩٩: ل١٣٣)

هەر ئەو دەڵێ: لە رۆژئاوا، هەتا کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمیش زۆربەی مەرگەسات یان تراژیدیاکان بە شیعر دەنووسرانەوە و ئەو پاڵەوانەی تووشی چارەڕەشی و مەرگەساتەکەش دەبوو لە چینی سەرووی کۆمەڵگا بوو. (شەمیسا، ١٩٩٩: ل١٣٦)

بە پێی ئەو پێناسانە، پاڵەوانەکەی بەیتی سوارۆ، کە دواجار تووشی مەرگەسات دەبێت و بەسەرهاتەکەی لە زمانی گێڕەرەوەی بەیتەکەوە بە ئێمە گەیشتووە، چارەنووسێکی تراژێدی و خەفەتبارانەی هەبووە. سەیر ئەوەیە بەر لەوەی سوار بگاتە شەرگە و هەر لە سەرەتای وەڕێکەوتنەکەیدا، گراوییەکەی لەگەڵ ئەوەدا کە بۆی دەپاڕێتەوە «بەدوور بێ لە تیری ئەجەلێ»، دووعاشی لێ دەکات و دەڵێ:

ئەوە کیژ دەرێ سوار ئەگە دەچیە وان سەفەرێ

ئەوەت وەسیەت بێ لە سەر دەستی من

پەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ

ئەسپێکەخۆت باژۆێ لە کەناری دەسواران

بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆ هاتبا کوژرابای

ئەوە درابایە بەر وەدای شیر و خەنجەر و قەناران

نەوەك ئەتۆ هەڵاتبای و سەرێ کەحێلێ خۆت وەرگێڕابا

لە بەر هەزار و پێنج سەد سواران چونکە ئەمنت خەجاڵەت دەکرد لە کن شەدە شل و شلومل و چاوبەکل و ناسك و نازداران

شەرت بێ هەتا سەری مانگێ مانگ نوێ دەبێتەوە

ئەمن نەدەمێ یا لێت قەردێ دەکەم ماچ دمی دە زەرد هەناران

وەك بڵێی، سوارۆ لە شەڕێ سەرناکەوێ و دووعای گراوییەکەی قەبووڵ دەبێت و ئەو سەرەی بردوویەتی نایهێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لایەنی خەمباری و شینگێڕی و لاواندنەوەی بەیتەکە خەستترین لایەنێتی.

وەك باس کرا، بەیتەکان سەربردە و لە راستیدا گێڕانەوەی بەشێك لە بەشمەینەتییەکانی ژیانی رابردووی گەلەکەمانن. ئەوانەی تۆزێك شارەزاییان لە رابردووی نەتەوەی کورد هەبێ، باش دەزانن کەوا گەلە و نیشتیمانەکەی بەردەوام لەبەردەم شاڵاو و پەلاماری داگیرکەراندا بوون. ئەگەر بۆ زۆر دووریش نەگەڕێینەوە، لانیکەم هەر لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییە سوننە مەزەبەکان و سەفەوییە شیعە مەزەبەکاندا گەلێك کارەساتی دڵتەزێن بەسەر کورد هاتوون. بە تایبەتی کاتێ ئەو دوو دەسەڵاتە نەیارە پەلاماری یەکتریان دەدا، هەموو جارێ شەرگە و شوێنی تێکهەڵچوونەکانیان هەر کوردستان بووە. جگە لەوەش ئاوردانەوەیەك لە کارەساتە دڵتەزێنەکەی قەڵای دمدم و وێرانکردن و کوشتارە بەکۆمەڵەکەی باشووری گۆلی ورمێ لەسەردەمی شا عەباسی سەفەویدا و دوورخستنەوە (نەفیکردنی)ی بەردەوامی هۆز و عەشیرەتە کوردەکان لە زێد و نیشتمانەکەیانەوە بۆ دوورە وڵاتان، هەموو بەڵگەن لەسەر ژیانی کارەساتبار و پڕ لەخەمی ئەو گەلە کە هێشتاش شوێنەوارەکانیان بەسەرمانەوە ماونەتەوە. ئێستاش بوونی هەمەوەندەکان لە لیبیا و بوونی زیاتر لە یەك ملیۆن کورد لە پارێزگای خۆراسان لە رۆژهەڵاتی ئێران کە لە کتێبی «کۆچی مێژوویی کوردەکان بۆ خۆراسان»ی (کەلیمولڵای تەوحیدی)دا بەتێر و تەسەلی هاتووە، هەمووی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن. ئیتر باسی کوردقڕانەکانی سەردەمی ئەتاتورك لە تورکیا و رۆژهەڵاتی کوردستانی دەیەی هەشتاکان و

کارەساتەکەی هەڵەبجە و ئەنفالی باشووری کوردستان هەر ناکەم.

ئەحمەد بەحری لە کتێبی گەنجی سەربەمۆردا لەوبارەیەوە دەڵێ: سەرجەم دەتوانین بڵێین ژیانی رابردووی کوردەواری وەك تراژیدی دەچێ. هەر بۆیە زۆربەی بەیتەکان تراژیکن. گوێ بۆ هەر بەیتێك هەڵدەخەین، بارستایی ژیانێکی پڕ دەرد و مەینەت بە تەواوی هێزەوە هەست پێ دەکەین و کۆنەبرینمان وەسۆ دێنەوە. (بەحری، ٢٠٠٠: ل٥)

ئەوەی بەحری باسی دەکات، ئەو بەشە لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی رابردوون کە بوونەتە هەوێنی بەیتەکان. هەر وەك چۆن کارەساتە دڵتەزێنەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان بوونەتە هەوێنی سەدان شیعر و چیرۆك و گۆرانی و سروود.

## لایەنی دڵداریی بەیتەکە

لایەنێکی دیکەی بەرچاو و روونی ئەو بەیتە، لایەنی دڵدارییەکەیەتی. دوکتۆر رەهبەری مەحموود زادە لە وتارێکیدا، بەناوی « بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکدا»، لەوبارەیەوە دەڵێ: بەیت لە هەندێك بەشیدا بە وەسفی ناسك و ئەویندارانە شێوازێکی لیریك و غینایی بەخۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەویندارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قاڵبی مۆنۆلۆگدا بەدی دەکرێن».(مەحموودزادە )

با بزانین گراوییەکەی سوارۆ ئەو راز و نیازەی خۆی چۆن دێنێتە گۆڕێ:

ئەوە کیژ دەرێ

دوێنێ چووکەڵە سوارەکەی من دەچۆوە

سەفەری کاولە لەحسایە

ئەوە دەیکوت کیژێ وەرە دوو ماچم دەیە

بەسەری بە قوڕ و بە ملی بە کوێنم رووم لێ وەردەگێڕا

هەی لاڵ ببم نەمدەدایە

ئەوە لە دوایە دەچوومەوە پێش چووکەڵە سوارەکەی خۆم

زوڵفی خۆمم لەبەر دەگێڕا

مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە

شەرت بێ بە شەرتی خودا و رەسووڵان چووکەڵە سوارەکەم

بێتەوە لەوێ شەڕێ هەرامەتە لەوێ هەڵایە

ئەمن سنگی خۆمی بۆ دەکەمە کاغەزەکە مەرجان و مەمکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمەکی فەرەنگی هەروەکو

مەلای دوازدەعیلم شەوتا ڕۆژی لێ بکا موتاڵایە

گراوییەکەی سوارۆ دوای ئەوەی دڵی دڵدارەکەی دەشکێنێ و لەو کات و ساتە ناسکەدا کە سوارەکەی دەچێتە سەفەری هات و نەهاتێ، ماچێکی ناداتێ، دواتر زولفی خۆی لەبەر دەگێڕێت و مەمکی خۆی لێ دەکاتە تکاکار بۆ ئەوەی سوارۆ دڵی لێی نەیەشێت و لێی ناهومێد نەبێت. ئەو هەموو خۆشییەکان هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی دواتر وەك دیاری و پێشکەشییەکی سەرکەوتن، بیداتە دڵدارەکەی. لێرەدا ئەو پەڕی جوانی و ناسکێتیی دەقەکەمان بۆ دەردەکەوێت.

خۆی لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەگەر سوارۆ لە سەفەرەکەی گەڕابایەوە، کچەحەیرانەکەی ئەو قەول و بەڵێنانەی خۆی دەبردە سەرێ یان نا؟ ئەگەرچی ئەوە پرسیارێکە و لەوانەیە بۆ هەموومان بێتە پێشێ، بەڵام کەس ناتوانێ وەڵامێکی دروستی بۆ دەستنیشان بکات و بە دڵنیاییەوە «ئا» یان «نا»ی بۆ بڵێ، لەبەر ئەوەی مەرگی سوارۆ ئیتر رێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوە

و هەڵسەنگاندنی لێ گرتووین. ئەوەی لێرەدا روونە ئەوەیە کە کچەحەیرانیش دوای مەرگی سوارۆ ئەو کورتە ژوانە ئاشکرا دەکات و لە قاوی دەدات کە سوارۆ بەر لەوەی وەڕێ بکەوێت بۆ شەڕگە، دەگەڕێتەوە و دەچێتە لای و ئەوەش کە کچەحەیرانەکەی ئەو قەول و بەڵێنە شیرینانەی پێ دەدات کە بەداخەوە سوارۆ ئاواتەکانی دەباتە بن گڵ و داخ و کەسەریش بۆ نازدارحەیرانەکەی بەجێ دەمێنێت.

## ڕەگەزی ستاتیکی و شیعری لە بەیتی سوارۆدا

تا ئێستا زۆر باسی ئەو فاکتەرانە کراوە، کە شیعر لە قسەی ئاسایی جیا دەکەنەوە. هەمووی ئەو شتانەش لە چوارچێوەی پێکهاتەی زماندا هاتوونەتە ئاراوە. یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان کە تا ئێستایش وەك یەکێك لە پێوەرەکان هەمووان لەسەری کۆکن، زمانی ناڕاستەوخۆیە. زمانێك کە لەناو خۆیدا مانایەکی زۆری هەڵگرتووە.

ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا بەردەوام بە تەنیشت هەموو شتێکدا تێدەپەڕین و ناوی هەموو شتەکان دێنین بەبێ ئەوەی بیریان لێ بکەینەوە. زمانی پەیوەندییەکانمان، واتە ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەین تەنیا لە خزمەتی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکەماندایە. کەس لە کاتی قسەکردندا بیر لە واتای جۆراوجۆری وشەکان ناکاتەوە. کاتێ بە یەکێك دەڵێی: کتێبەکەم بزر کردووە، ئیتر بیر لەوە ناکاتەوە، تۆ بڵێی وشەی «کتێب» جگە لە خۆی واتایەکی دیکەشی هەبێت؟ ئەو بیر لە بزربوونی کتێبەکە دەکاتەوە و بەس، بەڵام کە بڵێین: «من کتێبێکم پڕ لە خەفەت، چاوێك نییە بمخوێنێتەوە و مێشکێك نییە راڤەم بکات».. بیسەر یان خوێنەر یەکسەر بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە. بیر لە من دەکاتەوە کە ناخم هەزار توێژ و لایەن و دەرووی تێدایە و پڕپڕە لە راز و نهێنی و کەس لێم تێناگات.

کاتێ کیژ بە سوارەکەی دەڵێ:

زوڵفی خۆمم لەبەر دەگێڕا

مەمکی خۆمم بۆ دەبردەوە تکایە

شەرت بێ بە شەرتی خودا و رەسووڵان

چووکەڵە سوارەکەم بێتەوە لەوێ شەڕێ هەرامەتە لەوێ هەڵایە

ئەمن سنگی خۆمی بۆ دەکەمە کاغەزەکە مەرجان و

مەمکی خۆمی بۆ دەکەم بە قەڵەمەکی فەرەنگی

هەروەکوو مەلای دوازدەعیلم شەوتا ڕۆژی لێ بکا موتاڵایە

تۆ بە دەست خۆت نییە، کۆمەڵێك وێنەت دێنە پێش چاو. کۆمەڵێك تابلۆی جوان و رۆمانسی. زولف و مەمکی کیژێ لەوێدا دەبێتە تکاکار. وەك چۆن لە کاتی هەڵەکردنێکدا خۆت هیچت لەدەست نایە و کەس قسەت لێوەرناگرێت، کەسێك دەکەیتە تکاکار کە لایەنی بەرامبەرت ڕێزی دەگرێت و قسەی ناشکێنێت. لەو بەیتەشدا کیژێ کە دەزانێ سوارۆ دڵی لێی شکاوە و دەشزانێ سوارۆ وەڵامی ناداتەوە، بەڵام لەوەش دڵنیایە کە سوارۆ ڕێز لە زولف و مەمکانی دەگرێت و ئەگەر ئەو جووتەی لێ بکاتە تکاکار، ئەوا لە بەر ڕێزی ئەوانیش بێ، لەگەڵی ئاشت دەبێتەوە. لێرەدا ئیتر مەمك ئەو جەستەیە نییە کە هەوەسی پیاو بزوێنێت و تەزویی لەگیانی بگێڕێت. مەمك لەو دیمەنەدا جێی راسپاردە و کەسێکی ماقووڵ دەگرێتەوە.

لە دێڕەکانی دواتریدا سینگی خۆی دەکاتەوە بە کاغەزێکی مەرجان و مەمکی خۆی بۆ دەکات بە قەڵەمێکی فەرەنگی و لێی دەگەڕێ سوارۆ شەوێ هەتا ڕۆژێ لەسەری بکاتەوە موتاڵایە.

لەو چەند دیمەنە شاعیرانە و ناسکەشدا کیژێ نایە ڕاستەخۆ بڵێ: سوارۆ ئەگەر بە سەلامەتی هاتیتەوە چیت پێ خۆشە دەتدەمێ. خۆی ئەگەر ڕاستەوخۆ وای گوتبایە، ئەو هێزە ئەفسووناوییە لە پەیڤ و قسەکانیدا نەدەبوو. ئەوەی زمانەکەی لێرەدا دەوڵەمەندکردووە و گەیاندوویەتە ئەوپەڕی ناسکێتییەکەی، ئەو شێوە دەربڕینە شاعیرانەیە کە سینگە ناسک و سپییەکەی وەک کاغەز و مەرجانی بۆ دەکاتەوە. مەمکیشی وەک قەڵەمێک دەخاتە نێوان پەنجەکانییەوە. با لە دیمەنەکە وردتر ببینەوە.

وێکچوویی نێوان کاغەز و سینگ: هەر دووکیان سپی و ناسکن. هەردووکیان ڕێک و لووسن.

وێکچوویی نێوان قەڵەم و مەمک: قەڵەم مەرەکەبی تێدایە و مەمک شیر. شیر منداڵ پەروەردە دەکات و مەرەکەبی قەڵەم دێڕەکانی نووسین.

موتاڵاکردنی: لە کۆندا چینی خوێندەواری کورد مەلاکانی نێو حوجرەکان بوو. ئەوانیش لە کاتی خوێندنێدا بەسەر کتێبەکانیاندا دەنووشتانەوە. خۆ وەک ئێستا نەبووە مێز و کورسیی تایبەتیان هەبێ و لە پشت کۆمپیتەر قیت و قنج دانیشن. ئەوان کتێبەکەیان دادەنا و لەسەر زگ ڕادەکشان و بەسەریدا دەنوشتانەوە و دەیانخوێندەوە.

دەبینین کیژێ لێرەدا ڕاستەوخۆ ناڵێ، لێت دەگەڕێم لەسەر سینگم درێژ بیت بنووی. دەڵێ، وەک مەلای دوازدە عیلم لەسەری بکەیتەوە موتاڵایە.

موتاڵا، لایەنێکی دیکەشمان بۆ دەخاتەڕوو. ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسەی شتێک دەخوێنێتەوە، دێڕ بە دێڕ لە نهێنییەکانی نێو نووسراوەکە دەگات و لێیان تێ دەگات. سەیر لەوە دایە کچە ناڵێ سینگمت بۆ دەکەم بە کتێب و بیخوێنەوە. دەڵێ: بۆت دەکەم بە کاغەزێکی مەرجان. نازانین ئەو کاغەزە لەسەری نووسراوە یان نا، بەڵام لەوبەری وشەکانەوە، شتێکی دیکەی تێدایە، ئەویش ئەوەیە. دەڵێ:

سینەم پڕە لە ڕاز و نهێنی و بە هەزاران قسەم پێیە. کە هاتیتەوە و بووینە هاوسەری ژیان، جا پریاسکەی دڵمت بۆ دەکەمەوە. ئەو کاتەیە دەبێ شەو هەتا ڕۆژێ کاغەزی پڕ لە ڕاز و نهێنیی سینەم بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی عیلمەکانت کامڵ بن.

لەو دێڕانەدا شتێکی دیکەشمان بۆ دەردەکەوێ، کیژێ، ناڕاستەوخۆ بە سوارۆ دەڵێ، هێشتا کرچ و کاڵی و دەبێ بێیتەوە لە سەر سینگ و مەمکی من پێبگەیت.

ڕەگەزێکی دیکەی شیعری لەو بەیتەدا زێدەبێژی یان موبالەغەیە. موبالەغە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی شیعر کە شاعیر لە وەسفێکی شاعیرانەدا پلەی پێداهەڵگوتن یان تەوسیف و تاریفەکە ئەوەندە بەرز دەکاتەوە یان ئەوەندەی دادەبەزێنێت لە ئەقڵ دەترازێ. لێرەشدا یارکۆڵێ کە باسی ناڵین و گریان و شیوەنەکانی و ئاخ هەڵکێشانی خۆی دەکات لە دوای ڕۆیشتنی سوارۆ دەڵێ:

ئەوە کیژ دەرێ لە چرقەی دەروونی منی
قەلەندەری بابان وێران ئەوە ماسییان دەعبایان
نەهەنگان سەریان دینا دەرێ لە گۆمی لەیلوپەڕێ
وەک من جەرگیان دەچۆقالەی دەدانەوە شیددەتێ
وێ گەرمایێ

جا بیهێننە بەرچاوی خۆتان، دەبێ قرچە و شیوەنی دڵی ئەو کیژۆڵەیە چەندە بە تەوژم بووبێت کە لە تاوانی ماسی و دەعبا و نەهەنگان لە گۆم سەریان هێنابێتە دەرێ و خۆیان خستبێتە بە قرچەی خۆرەتاوێ و هەڵچۆقابن و برژابن!

لە ڕاستیدا بەیتبێژ تەنیا دەیەوێ بەو دەربڕینە ئاستی خەمەکەی و ڕادەی ئازار و ژانە دەروونییەکەی خۆیمان بۆ بخاتە ڕوو، کە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو موبالەغەیەی نەکردبایە، ئێمە نەماندەزانی قووڵایی دەریای خەمەکەی چەندەیە و دەقەکەش ئەو هێز و دەوڵەمەندییەی نەدەبوو.

## ژن لە کۆمەڵگەی مرۆییدا

ژن بە گشتی لە پانتاییی گۆرانیی کوردیدا، ڕوخسارێکی لێڵی هەیە. یان ئەوەتا تەنیا لە گۆشەنیگای پیاوەوە باسی کراوە و پەسن و تاریف یان زەمی کراوە، یان ئەگەر خۆیشی ویستوویەتی جار و بارە ناخی خۆی بخاتە ڕوو، ئەوا دواجار ئەو دەربڕینەشی هەر لە هێلانەی سینەیدا ماوەتەوە و هۆنراوە و گۆرانییەکەشی هەر پیاو چڕیوێتییەوە. وەك هەموو ئەو بەشانە لە حەیران و بەیتەکان کە پیاوان دەیانڵێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ژن هۆنیویاننەتەوە و بە «کیژ دەڵێ...» دەستپێدەکەن. جا بۆ تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکان و هۆکارەکانی ئەو بزربوونەی دەنگی ژن لە فۆلکلۆری ئێمەدا، ناچارین زۆر بگەڕێینەوە دواوە و لە پێشدا ئاوڕێك لە کولتووری گەلان بدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ تەنیا لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا وا بە سووك و بێ بایەخییەوە سەیری ژن کراوە یان لە نێو گەلانی دیکەشدا ئەو ڕەوتە هەر وابووە؟ با بزانین ئەو سووکڕوانینە لە ژنان، بەرهەمی ژیان و ژیاری نوێیە، یان نەخێر ڕەگ و پنجی لە بنەبانی مێژوودایە؟

ویل دۆرانت لە کتێبی چێژەکانی فەلسەفەدا ئاوا باسی ژن دەکات: ئەرەستۆ گوتوویەتی ژن، بۆیە ژنە چونکە پیاو نییە. ئەفلاتون شوکرانەبژێری خودایە کە بە ژنی نەخوڵقاندووە. یەکێکی تر پێی وایە باسکردن لە ژن وەك ئەوە وایە باسی کێم و چڵك و چەپەڵی بریبنان بکەیت. (دۆرانت، ١٩٩٠: ل١٥١)

بەڵگەی مێژوویی و مرۆناسی زۆرن لەسەر ئەوەی سەردەمانێك ژنەکان لە دەسەڵاتدا بوون و تەنانەت حاڵەتێکی خوایانەشیان هەبووە. ئەو پەیکەرانەی لەسەردەمانی پێش مێژوو دۆزراونەتەوە و تێیاندا پەیکەرەکان لە شێوەی ئافرەت دروستکراون و مرۆڤەکان پەرستوویانن، ئەوە دەردەخەن کە ڕوانگەی مرۆڤەکان بۆ ژن، لە سەردەمی ژیانی مرۆڤی کەونارادا، ڕوانگەیەکی پیرۆز بووە. سەید محەمەد عەلی سەجادی توێژەری زانکۆی شەهید بەهەشتیی تاران لە وتارێکیدا بە ناوی «زن و هبوگ» کە لە لاپەڕە ١٧٣ ی ژمارە ٥٧ی گۆڤاری توێژینەوەی زانستە مرۆییەکاندا بڵاوی کردووەتەوە، لەو بارەیەوە دەڵێ: بوونی ئەو خاتوو خوا (خواژن)انەی کە سەردەمانێکی زۆر دەسەڵاتیان بەسەر جیهانی بیر و هزری مرۆڤەکاندا هەبووە، ناهێڵێ حاشا بکەین لەو ڕاستییەی کە سەردەمانێك ژن دەسەڵاتدار و پادشا بوون... و توێژنەوەکان سەلماندوویانە کە یەکەمین خانووەکان ژن دروستیان کردوون. یەکەم تۆو و دانەوێڵە ژن چاندوویەتی و یەکەم جلوبەرگەکان بەرهەمی پیشەی دەباغی و چنین و دوورینی ئەوان بووە و تەنانەت هەوڕگەری (دروستکردنی گڵینە)ش داهێنانی ئەوان بووە... و زۆربەی هەرە زۆری کەونارا ناسەکانیش پێیانوایە یەکەم وەرزێرەکان ژن بوون. ( سەجادی، ٢٠٠٨ : ل ١٧٣)

مرۆڤ چەندە لە سەردەمی ئۆستوورەکانەوە دوورتر دەکەوێتەوە و ژیانی سەرزەوی کۆنتر دەبێ، دەسەڵاتی ژنیش کەمتر دەبێتەوە. توێژینەوەکان وایان دەرخستووە کە لە پێشدا ژن بەشێك لە

دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ پیاواندا دابەش دەکات، بەڵام کە شارستانییەتەکان دادەمەزرێن، بەهۆی ئەوەوە کە ناچار دەبن هێزی سەربازیی بەردەوام دامەزرێنن، وردە وردە ئەو دەسەڵاتە لە ژن دەستێنرێتەوە و ئیتر پیاوان دەبنە مەیداندار. ئەوجار ئەوە پیاوانن تەنانەت چۆنێتیی بیرکردنەوەکانیش دیاری دەکەن. ئیتر لەمەودوا مرۆڤەکان کە لە زەوییەوە سەر بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن و پێگەیەکی ئاسمانی بەخودا دەبەخشن، بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن کە تاوانی چارەڕەشی و مەینەتییەکانی بخەنە ئەستۆی و لێرەشدا لە ژن باشتریان وەگیر ناکەوێ. ئەو دەسەڵاتدارەی کە ئیتر دەسەڵاتێکی نەماوە، کە پێشتر ژن بەسەرچاوەی ژیان و تەنانەت گۆی زەویش بە مێینە و سەرچاوەی ژیان سەیر دەکرا و وەك زەویی دایك ناوی دەبردرا، ئیتر ئەمجارەیان هەموو ئەو شتانە پێچەوانە بوونەوە.

خەڵکی یۆنانی کۆنیش هەر بەسووك سەیری ژنیان کردووە و سووکیان لێڕوانیون. بۆ وێنە لە ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمێردا زۆر بە دەگمەن باسی ژنان دەکرێت و هەر کاتێکیش باسی ژنان کراوە، ئەوە وەك هۆکاری داگیرسانی بڵێسەی شەڕەکان و ئێرەیی پێبردن باسی ژنی کردووە، یان وەك کۆیلە و ئاژەڵ و دەستکەوتەکانی شەڕ.

شاعیرێکی یونانی کە ٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین ژیاوە، سەرەتای هەموو نەهامەتی و چارەڕەشییەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیدابوونی یەکەم ژن بە ناوی پاندۆرا. سوزان مولیر ئۆکین لە کتێبی «ژن لە فەلسەفەی سیاسیی رۆژاوادا» بەو جۆرە تیشك دەخاتە سەر بۆچوونەکانی هەسیود: لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم ژن لەسەر زەوی ئیدی چارەڕەشیی مرۆڤیش دەستی پێکرد. تۆرەمەی ژنان کە سەرچاوەی مەرگ و تێداچوونن، لە پاندۆرا کەوتووەتەوە کە رەگەز و نەژادێکی پیس و چەپەڵی هەبوو.. و مخابن بوونی ژن بۆ زاوزێ و مانەوەی تۆرەمە و ماڵداری پێویستە. ئەو خوێنەری بەرهەمەکانیشی وریا دەکاتەوە کە متمانە بە ژنان نەکەن. (ئۆکین، ٢٠٠٨: ل ١٠)

یان پریکلێسی سیاسەتمەداری یونانی لە ئامۆژگارییەکانیدا ئاوا باسی ژن دەکات: فەزیلەتی ژنێتی کە کەسایەتیی سروشتیی ژن پێکدێنێ، وا هەڵدەگرێ ژنان کەمتر قسە بکەن، جا قسەکانیان چاك بن یان خراپ. (ئۆکین، ٢٠٠٨: ل ١٤)

باشترین بەڵگە بۆ تێگەیشتن لە پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کۆنی مرۆییدا، ئەو پەند و ئیدیۆمانەن کە زار بە زار گەیشتوونەتە ئەمڕۆ. بۆ وێنە لە ئێرانی کۆندا گوتوویانە:» باشترین ژن، ئەو ژنەیە کە هێشتا لە دایك نەبووە.» یان لە نێو عەرەباندا گوتوویانە:»گۆڕ باشترین زاوایە بۆ ئافرەت». یان ئەوەتا ئیدیۆمێکی چینی هەیە کە دەڵێ:» کە چوویتە لای ژنان، قەمچییەکەتت لەبیر نەچێت». لە کوردەوارییەکەی خۆشماندا بەردەوام شتی لەو جۆرە گوتراوە:»ژن ئەقڵی لە کۆشی دایە، هەر هەستێتە سەر پێ، لێی بەردەبێتەوە، یان ژن قژی درێژە و ئەقڵی کورتە». ئەوە لە ئایینی ئیسلامیشدا بە دوو ژن حیسابی پیاوێکیان بۆ دەکرێت، هەم لە مەسەلەی میرات و هەمیش لە شایەتیداندا.

ئەحمەدی بەحری لە گەنجی سەربەمۆردا دەنووسێ: ژن لە مێژوودا هەوراز و نشێوێکی زۆری پێواوە. زەمانێك بەرپرسی ماڵ بووە، زەمانێك دەسەڵاتی خۆی پەرە پێداوە و دەورانی «مێ وەجاغی» پێك هێناوە. دوایە بە هێندێك هۆ وردە وردە ئەم دەسەڵاتەی لە دەستداوە و دەورانی «نێر وەجاغی» دەستی پێکردووە و ئیتر خۆی پێ نەگیراوەتەوە. رۆژ بە رۆژ پتر کەڵك و

بایەخی خۆی لە دەستداوە و تەنانەت وای لێهاتووە، بوونی مایەی سەرشۆڕی بووە و زیندەبەگۆڕیان کردووە. (بەحری، ١٩٩٩: ل١٤)

خۆی ئەگەرچی لە نێو پەند و ئیدیۆمە کوردییەکاندا زۆر ئیدیۆمی واش دەست دەکەون کە نیشانەی بایەخدانن بە ژنان، بەڵام بە ڕووەکەی دیکەیدا ئەوانیش کە لێکیان دەدەیتەوە، دەبینی دیسان ڕواڵەتەکەی وا دەنوێنێ کە ڕێزی لە ژن گرتووە. بۆ وێنە دەڵێن:» ژن کۆڵەکەی ماڵە، یان ژن و ماڵیان گوتووە». لە هەر دوو ئیدیۆمەکەدا کە لێی ورد دەبیتەوە، ژن بە ماڵەوە گرێ دراوەتـەوە. لە یەکەمیاندا بە کۆڵەکە شوبهێنراوە. خۆی دیارە کۆڵەکە نەبێت ماڵ دەڕمێ، بەڵام کۆڵەکە بە لایەکی دیکەدا ڕەمزی چەق بەستن و چەقینە لە شوێنێك. ڕەمزی نەبزووتن و بێ جووڵەییە لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو قورساییەکەشی لەسەرە. لە ئیدیۆمەکەی دیکەشدا «ژن و ماڵیان گوتووە»، دیسان قەتیس کردنەوەی ژنی تێدایە لە چوارچێوەی ماڵدا. هەر ئەو شتەی هەتا ئێستاش بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بەدەستییەوە دەناڵێنن و بەو هۆیەوە ژن هەر نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت و لە ئاکامی چاولەدەستبوون و بەستراوەییی ئابوورییەکەیەوە بەشێکی هەرە زۆری مافە مرۆییەکانی پێشێل دەکرێ. دەی لەو کۆمەڵگایەدا کە بەو جۆرە لە ژن بڕوانێت و پێی وابێت بێدەنگبوون، حیجاب و شەرمی ژنە، ئیتر تواناکانی ژن چۆن دەپشکوێن و چۆن گەشە دەکەن؟ ئیتر چۆن کۆمەڵگاکەمان لە توانا شاراوەکانی ئەو بەشەی خۆی بەهرەمەند دەبێت، کە هەر خۆی ڕێگەی پێنادات گەشە بکات.

عەزیز وەلیانی لە کتێبی ژیلەمۆدا ئاوا باسی ئافرەتی کوردەواری دەکات: سەرباری قەرقەشی و سەختڵەتیی ژیان لە لایەن باب و برایانی کە لە ژێر کارتێکردنی فەرهەنگی تایبەتی عەشیرەتن، بێحورمەتییان پێ کراوە، گوێیان نەداوەتە ویست و دڵخوازی ئەو، بە کەمیان زانیوە، بە خۆیاندا شکاندۆتەوە، کەسایەتی و غرووریان لە ژێرپێناوە، شەڕیان پێ داکوژاندووە، بە بەرخوێنیان داوە، لە سەر لانکێ دەسنیشان کراوە، بۆتە بن پشکی برایان، بە زۆر بە مل کەسێکیان دابڕیوە، جا چ زەبەلاح و ڕەزاگران بێ و چ پەککەوتە و ئیختیار. (وەلیانی، ٢٠٠٤: ل ١٢٨)

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە بەو دەرەنجامە دەگەین کە ئەو بەشە لە کۆمەڵگای کوردەواریمان، تەنانەت ئەگەر زۆر بەتوانا و بەهرەمەند و داهێنەریش بێت، ئەوەندەی کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم دایە کە ڕێگەی دەرکەوتنی پێنادات و لە ئاکامدا کۆمەڵگاکەش لێی بێبەش دەبێت.

## ژنی کورد و بەیتبێژی

٢.زاڵبونی سۆز بەسەر لۆژیكو بیرکردنەوەدا: زۆربەی کات سۆزو بیر یان سۆزو لۆژیك یەکناگرنەوە. زاڵبونی هەریەکێکیان، بەگشتی، سنورداركردنی ئەویترە. زاڵبونی سۆز بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی نەمانی دادپەروەریو پێشێلکردنی یاساو هەوڵدان بۆ تێرکردنی حەزەتایبەتییەکان لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی.

٣.لاوازیی ئیرادەو کەمیی متمانە بەخود: ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئامادەی قوربانیدان نین، هەروەها ئۆباڵو تاوان خستنە پاڵ خەڵکانی ترو گرنگینەدان بە بارودۆخو پێشهاتەکان، کەمتەرخەمیو ڕادەستبون بەواقیع بەرهەم دەهێنن.

٤.کورتبینیو بیرکردنەوەی ڕوکەشانەو پشتگوێخستنی جۆرو چۆنیەتی(نوعی)و گرنگیدان بەچەندێتی، هەروەها زاڵبونی تاکڕەوی بەسەر ڕای گشتیدا.

٥.قوربانیدان بە شتی زۆر گەورەو گرنگ لەپێناو شتی بچوكو لاوەکی. ئەندامانی خێڵ، ئامادەن لە پێناو وتەیەکی سەرخێڵ یان کەلوپەلێکی، تەنانەت پەلەوەرێکی سەرخێڵ، جەنگ هەڵگیرسێننو بسوتێننو ببڕنو بکوژنو بشکوژرێن.

٦.خۆبەزلزانین: هەمو کاتێك ئەژمارنەکردنی ئەویدی جۆرێکە لە خۆپەرستیو نەزانی. ئەمەش هەنگاونانە بەرەو دیکتاتۆریەتو قۆرخکردنی دەوروبەرو بەکارهێنانیان لەبەرژەوندیی تایبەتدا. بەدەربرینێکی تر، کەسێك لەبری هەموان بیردەکاتەوەو بڕیاریش دەدات؛ بیرکردنەوەکەش هەڵگری ئەو سیمایانەیە کەباسکران.

بەشێوەیەکی گشتی، ئێستا، بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی، هەمو ئەوسیمایانەی تێدا بەدیدەکرێت. هەرچۆنێك بێت مانەوەو بەردەوامیی خێڵگەرایی، پەتایەکی کۆمەڵایەتیو رامیاریی ترسناکە؛ مەترسیی لەسەر ڕۆشنبیریو داهاتوی کۆمەڵ هەیە؛ چونکە بەرەو تاریکیو هەڵدێری دەبات.

## سەرچاوەکان:


١.محەمەد فەریق حەسەن (٢٠٠٨)، مێنتەلێتیی خێڵ، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢.بەختیار ئیبراهیم فەتاح (٢٠٠٧)، طروحات علي الوردي و فرضياته الأجتماعية ومدي إنطباقها علي المجتمع الكوردي، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين.

٣.محمد عبده محجوب - فاتن محمد شريف (٢٠٠٦)، الثقافةو المجتمع البدوي، دار الوفاء لدنيا الطباعة، ط١، الأسكندرية.

# سەرپۆشەکەی دایـــــکم



**محەممەد کەریم نانەوا**

ئەرباب تۆ لەدوورەوە، ڕامێنی، وا مەزانە چاوت ڕەشکەوپێشکە دەکات، نەخێر وانییە، سەرتاپای ژینگەی شارە، یەکپارچە چڕەدووکەڵ وبۆ کرووزە، بەری لە ئاسمان گرتووە، شار جەنجاڵە بەهۆی جەنجاڵییەوە بۆگەنی بووە، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی شار، بگرە بە ئاژەڵ و باڵندەکانیشەوە، بەڕووکەش جوان وپێشچاون، بەڵام لەناوەوە، هەناونەخۆش و، دەدەدار و، پەککەوتە وداهیزروان. ئەگەر ڕۆژگار بە پێچەوانەی ویست وخواستی ئارەزوومەندانی لێی نەخوڕیبایە، کاولکاری و وێرانکارییەکەی بەعس نەبووایە، هەرگیز شارەکەم بەم شێوەیە نەخۆش نەدەکەوت، گوندیش بەم شێوەیە بۆن خوێنی لێ نەدەهات. ئیتر هێشتانەکێ لەزاگەی خۆمان لە گوند بووین، نەهاتبووین بۆ شار.

کەوەرزی زستان دەهات، دایکم بەم سەرماوسۆڵەی زستان، سبەینان زوو، پێش گەردی بەیانی، لەخەو هەڵدەستا، سەرپۆشەکەی لە سەری دەبەستا، بەرامپیلی بەرپیل دەدا، سەرپشتی لێ دەبەستا، لە بەردەم زارکی «کەندوو» چۆکی دەگەیاندە عەردی، یەك کۆڵ ـ دەکاتە دوو ڕبە ـ ئاردی لە کەندوو دەردێنا، دەیکردە ناو تەشتێك، یەك تەشت هەویری دەشێلا. پاشان سێری لەسەر سێکوچکە وئاگردان دادەنا، ئاگردانی ئاگردەدا، ئەوجا «کتلی»ی چایەپەستی لە ڕۆخی ئاگردان دادەنا، «کەوڵ»ی هەنگوتکی لە تەنیشتە خۆی دادەنا، فەرشەی لەپێش خۆی دادەنا، ئیدی سێ چوار بەرنانی

دەبرژاند. ئەوجا هەندێك ڕوون و پیازی دەقچراندەوە، هەندێك ئاوخۆیی تێ دەكرد، دوای ئەوەی دوو سێ بڵقی دەدا، گوڵمەك ساواری دەكردە چاوی، شلە ساوارەكی بەتاموچێژی ئامادە دەكرد بۆ قاوەڵتی، دایكم دەیگوت «دنیا ساردە، تف هەڵدەی هەر لە عاسمانێ دەمەیێ، دەیبەستێ، زەلام لە دەرەوە، لە پێش سەرما خەریكی كاروباری ڕۆژانەن، ئەگەر بە شلەمەنی گەرم نەبێت، هەناویان گەرم نابێتەوە، دادەهێزرێن، لە ئاكامدا نەخۆش دەكەون»

كە لەو سەرماوسۆڵەی زستان ڕزگارمان دەبوو، وەرزی بەهار دەهات دایكم هەر بەو شێوە خۆی گورجوگۆڵ، تەیاردەدا، بێجگە لە «قەڵەمبڕ» بە قەیتانێ كە بە لێواری كورتەكیەوە درووی بوو، شەو وڕۆژ بە یەقەیەوە بوو، بۆكاری پێویست، پیشەقانی بە دەستیەوە دەگرت، لەگەل كیژۆ كال ٚ و ژنانی ئاوایی بۆكەنگرو كاردی و پیفۆك و شیلمشاق، قێزبەلەو كوارگ و دۆمبەران، زەرگەزەویی و گورۆكە، قوڕادەو بسكۆڵە دەچوونەئاقاری، دایكم، بۆ ژەمی نیوە ڕۆ، پاشۆلەك تۆركە (تۆلەكە) ی‌ناسكی لەگەلەخۆی دەهێناوە، پوختەو جوان دەیشووشتەوە، دواتر لەمەنجەڵكدا هەندێك خوێواوكی دەگرتەوە، تۆركەكەی دەخستە ناو خوێواوكەكە، سێڕی دادەنا سەر سێكوچكە ئاگردانی ئاگردەدا، ئەوجا بەدەستە جوان و بەبەرەكەت و پیرۆزەكەی، چنگی لەتۆركەكە دەدا (تاوێر ..تاوێر ) دەیخستە سەر پشتی سێڕەكە، سێڕەكە داغ دەبوو، سۆر دەبۆوە،چزە چزی ئاوی تۆركەكە بەسەر لێواری سێڕەكەدا چۆڕاگەی دەبەست، ئێستاكێ

سەدای ئاوازی ئەو چزەچزەی زەردكردن وبرژاندنی تۆركەكە، لە دڵ ودەرونمدا زۆر بەرزو پیرۆزو خۆشترە، خۆشتربوو لەسەنفۆنیاكانی (بتهۆفن) لەناخەوە شادم دەكات.

ئیدی دوای بەسەر چوونی بەهار وەرزی هاوین دادێت، هاوین وەرزی نانە، هاوین وەرزی دروونەو بەناوهێنان و كۆدنەوەی دانەوێڵەو خەلەو خەرمانە، خەڵكی گوند نشین شەو ڕۆژ بەهێزی بازوو لە كاروتێكۆشاندان، دایكم هەر بەشێوەی جاران خۆی چوست دەكرد دەچوونە سەر پەریزێ (قەناغ) ی لە پەنچەی دەستی دەكرد، كە دەستی دەگەیاندە (داس) سەپان بوو، «تەبارە» خۆی بەرنەدەگرت، كە (قەرانگ)ی بە دەستیەوە دەگرت گیشەكەر بوو، كە «شەغرە»ی لێدەنا شەغرە زان بوو، كە بەوڵاخان (قرشە)ی گیرەدەكرد ووڵاخ لەبن دەست و لەپێشی دەبوونە مەڕ، كە (جەنجەر)ی دادەبەستا وسواری جەنجەر دەبوو، جەنجەروانێكی كارامەو لێهاتوو بوو، دوای قرشە شكێنین و هوردەكوت، نۆرەی شەنەبابوو، دایكم كە شەنەی لە هوردە هەڵدەدا، هیچ نێرینەیەك نەبوو لە ئاواییدا، شان بدات لەشانی، دەست وشەنەو شەنەبا، هەر لە خۆی دەهات، شەقركێش بوو، هێواران بەخۆی (ڕەوسە)ی شەقر دەكرد، لە دەوركرنەوەی دانەوێلەدا، (كەیار)بوو، ڕبەی دارماربوو، لە كوورز كوتانەوەدا (كوتك) وەشێنەكی زانا و بە توانا بوو، لە كا كێشانەوەی شەواندا، پێشەنگ بوو، دایكم چاوتێرو مالداریكەر بوو بروای بە گۆترە نەبوو، هەموو شتێكی بە حیساب بوو، بە حیساب گەنم ودانە وێلەی بۆ ڕۆژانی تووش وسەرماو سۆلەی زستان دادەنا، كەندووی پڕ ئارد و هەنبانەی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر (هەر زارە) لێو ڕێژی دانەوێلە بوو. لە ڕۆژانی تەڕ وتوشی و باران

باریندا خەریکی تەشیڕستن و تەونکاری بوو، هەرگیز کاتی بەفیڕۆ نەئەدا، دایکم بەبێ ئارایشت و تیفتیفە زۆر جوان وشۆخ و شەنگ وڕندبوو، حەزی لە خەناوکە و گەردانەی قەنەفر (مێخەك ) بوو، بۆن و بەرا می ملوانکەی بەقەنەفری دایکم، دەمار ..دەمار دەڕۆیی، ئایی کە ژنێکی دەست ڕەنگین بوو، سەت سوار هەسپ بەیەك کەڕەت بە میوانداری سەریانبەماڵی ئێمە داگرت بووایە، قەت خۆی شێلوو نەدەکرد، هەرگیز دانەدەما، دەست گەرم و دەستاوی خۆش بوو،

دوابەدوای هاوین، پاییز، کێچ دەکەوتە کەوڵی، بەهەڵەداوان دەکەوتە ملە قووتێ، وەرزی پاییز، وەرزی کۆکردنەوەی سووتەمەنی و سوواقدانەوەی سەر بانی خانووە، دایکم، دەمە دەمی چێشتەنگاو، لە گەل ژنانی ئاوایی، خۆی گورج و گۆل هەڵدەخست، تەوشی و گوریسی بەلاشانی دادەدا، بۆ دارو دووی سووتەمەنی زەخیرەی زستانێ، دەچوونە دەشت ودەر، لێرەو لەوێ (پشتی )یەك، خڕنووك و پەرۆشەی دەکرد، لە شوێنەك خڕی دەکـردەوە، پاشان پوختەو جوان بەگوریس پشتییەکەی توونـد شەتەك دەدا و هەر لە جێوە، قیتی دەکردەوە، ئەوجا هەردوو چۆکی دەگەیاندە عەردی، جاری وابوو بەیارمەتی دەستە خوشکانی، یان بەتەنیا، هەردوو سەری گوریسەکەی دەگرت، ناوی خودای لێ دێنا، تەکانی دەدابەر خۆی، پشتییەکەی لەکۆڵەخی هەڵدەدا و هەڵدەستاوە سەر پێیان، بەلام پشتی چ پشتی؟ باری پیکەبێك بوو، کەدەگەییشتنەوە مەنزل پشتییەکانیان لەتەنیشت کادان و ناندین دادەنا، لەشەوانی سەر ماو سۆڵەی زستان ژوورەکانیان پێ گەرم دەکردنەوە، کەپاییز بەسیماو ڕووخساری زەردیەوە بنەو بارگەی خۆی دەپێچایەوە،ملی خۆی تووز دەکردو بەنابەدڵی دەڕۆیی .

دیسان کۆچ و کۆچباری هەورە تریشقەیزستان لەشریقەو هاڕژنی ئەدا بەگرمە گرم دەهاتەوە، وەرزی زستان سەبارەت بە ئێمەی هەرزەو منداڵکار، وەرزێکی خۆش بوو، وەرزی (کەلایانێ) و شێروخەتانێ بوو، وەرزی ڕاوو فاق دانانەوە بوو، هەموو ڕۆژێ لەگەل گەزەنگی خۆرەتاو، تاوەکووبەرە بەری زەردەپەڕی خۆرئاوبوون، لەسەر گووفەکی ئاوایی خەریکی دانانەوەی فاق بووین، داخی گرانم ڕۆژانێکی خۆش بوو، ڕۆیی ناگەڕێتەوە، دایکم، سەر باری ڕاییکردنی ئیشوکاری دەرەوە وناو ماڵ، خەمی ئێمەیشی لەبەر دابوو، سەر لە هێواران سۆبەی پڕقشپل دەکرد، دایدەگیرساند، هەلاوەی نێڵەنێلی ئاگر، ژوورەکەی گەرم دەکـردەوە، هەند ێجار هەر لە سەر ئاگری سۆبە، چۆلەکەو ڕەشۆڵەکانی دەبرژاند،هەند ێجاریش (بەردەسێرە)ی دادەمەزراند، ئەوجا هەر چەند چۆلەکە و سوواندوکە و ئەو ڕەشۆلانەی کە بەفاق دەستگیرمان کردبوون، دایکم بەخۆی سەریانی دەبڕی، جاری وابوو نازانم بۆ دەیگۆتە بابم : کەریم، ئەتوو سەریان ببڕە . کەگەورەبووم هەنگێ زانیم بۆچیسەری نەدەبڕین، دواتر هەمووی پاك دەکردەوە، پاشان لەسەر ئاگری

پوختەو جوان دەیبرژاندن، ئەوجا بەیەکسانی بەسەر ماندا دەیبەشییەوە، ئێمەی منداڵکار بەپێی پەتی و بەپێخواسی بەسەر شەختەو زوخمدا ڕاکەڕاکەو گێرەمان دەکرد، بنی پێمان هەمو شەقار شەقار دەبوو، بەڕۆژ لەبەر ڕاکە ڕاکەو هەڵبەزو دابەز هەستمان بە ئێشو ئازار ی پێمان نەدەکرد، بەلام کەشەو دادەهات دەحەساینەوە،



ژنە کوردێک لە کاردا

ئیدی لەبەر ئێشو ژانی برینی پێمان حەجمانمان نەبوو، دەگریاین، دەنووزاینەوە، نەدەکوتینە ناوجێ، ئایی خودایە دایکم چەندە میهرەبان بوو، ئەگەر (وازەنین ) هەبووایە، ئەگینا بە (بەن)ی مالات دەست وپل و پێمی چەوور دەکرد، هێدی هێدی ئازارەکەی هێوورئەبۆوە ژانەکەی دەشکا، دوتر دەکەوتمە ناوجێ، کپ خەوم لێدەکەوت، بەلام هەر وەکوو باوە دەرێن (تۆبەی گورگ مەرگە) ئێمەی کالفام سوختەتی کورگمان هەلکرتبوو، سبەینەی ڕۆژی ئایندە دیسان شەختەمان کێرە دەکردەوە .

لەگوندی زۆر جاری وادەبوو، بەهۆی ناکۆکییەکی کۆمەلایەتییەوە، شەڕو گالەو پێکدادان

لەنێوان دوو بنە مالە،دووبەرە باب لەخەلکی ئاوایی ڕووی ئەدا، بەرۆکی یەکدییان دەگرت، ئیدی مەپرسە؟ بەداروبەرد، بەخوترمەو بەرچیغ، شەلم کوێرم ناپارێزم دەکەوتنە گیان یەکدی، شەڕچ شەڕ..؟ تیری تێنەدەچوو، سەرو گوێلاکی یەکدییان لەخوێنێدا سۆر دەکردەوە،

دایکم، بەهەلەداوان دەچوو خۆی دەهاوێتە نێوان هەر دوو بەرەی شەڕکەر، سەر پۆشەکەی لەسەری دەکردەوە بە تووندی و تووڕەبوونەوە، سەر پۆشەکەی بە عاردی دا دەدا، هەودوو لایەنی بەشەڕهاتوو، لەحورمەت پرچەسپیەکەی دایکم و بۆ ڕێز گرتن و ڕێزلینان لە هەیبەت و پیرۆزیی سەر پۆشەکەی دایکم، لەجێوە دەچەقین، لاتو جومیان نەدەکرد، دەستیان بە خۆیاندا شۆڕدەکردەوە، سەریان لەبەرە خۆیان دەنا، بەشەرمەو هەرکەسەو بۆسەر کاری خۆی دەخشی، شەردەبڕاوە، بەلێ خۆشەویستان،سەر پۆشەکەی دایکم، بەلای گوند نشینانەوە، لەسەرووی هەمووانەوە بەرزو سەروەر بوو، کەسێك نەبوو بێڕێزی بە سەر پۆشەکەی دایکم بکات، ئەگەر بێڕێزێك ..!! بەرامبەر بە سەر پۆشەکەی دایکم بێڕێزیی کردبایە ؟ بێگومان بەچەپلەی دەستان گوند بەدەریان دەکرد .

ناوونیشان: یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ژ.م (٠٧٥٠٤٤٠٢٢٩٤)

# هێمنی موکوریانی:
# ویژدانی زیندووی گەل



عەبدولخالق یەعقووبی

«ویژدانی زیندووی گەل» پێناسەیەکی بە ڕواڵــەت سادە و گشتییە بۆ نووسەر، بەڵام هەتا بڵێی گرنگ و گەورەیە. سەرباری ئەمە لەم پێناسەیە گرنگتر ئەوەیە بپرسین کام نووسەر هەڵگری تایبەتمەندییەکی لەم چەشنەیە؟ ئایا هەر کەس کە قەڵەمی کەوتە گەڕ و کتێبی کەوتە بازاڕەوە شایانی ئەوەیە ویژدانی زیندووی گەلەکەی بێت؟ من بە دوو تایبەتمەندیی گرنگ بۆ ئەو نووسەرە قایل دەبم کە بشێت پێی بگوترێت ویژدانی زیندووی گەل. یەکەم، ئەو نووسەرەی لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا مرۆڤە سادە و ئاساییەکانی دەوروبەری خۆی بە نەزان و گەمژە بزانێت و تێڕوانینی لە سەریان لە ڕوانگەیەکی باڵادەستانەی زانایانەوە بێت هەرگیز شایستەی ئەوە نییە هەڵگری ئەو وەسفە بێت. دووهــەم، نووسـەرێک کە بە خوێندنەوە و نووسینەوە شەکەت نەبێت و هەندێک جار ژیانی نەکاتە قوربانیی جیهانی داهێنان، بوار بۆ خۆی نارەخسێنێت ببێتە خـودان ویـژدانـێـکـی زیـنـدوو لـە پیناوی گەلەکەیدا.

با ڕوو لە نموونەی نووسەرانی بیانی نەکەم و ناوی داستایۆڤسکی و ویرجینیا ئۆڵف و کافکا و سادیق هیدایەت نەهێنم؛ هەر لە نووسەرانی کورد دەکرێت ئاماژە بە دەیان ناوی دیار و نادیار بکەین. زۆر دوور ناڕۆم و «هێمن موکوریانی»ی شاعیر دەکەم بە نموونە. هێمن، لە سەردەمی گەنجی و لـە پـاش کـۆمـاری کـوردسـتـان لـە پێناوی

شیعر و وڵات و ئازادیخوازی، ژیانی ئاوارەیی و دەستکورتیی هەڵبژارد و تا دواهەناسەی لەگەڵ گەل و لە پێناوی گەلەکەیدا ژیا. ژیانی ڕۆژانەی ئەو شتە بوو کە باوەڕی ئەوی پێکدەهێنا و باوەڕەکەشی پێکهێنی جێگە و پێگەی ژیانی بوو. هێمن خەڵکی ساویلکەی بە نەزان نەدەزانی و دەیزانی ئەگەر لە باری باوەڕی نیشتیمانییەوە هەندێك کورد هەبن کە بە سووکوچرووکی ژیان بە سەر دەبەن، ئەوە ئەنجامی زەمینەیەکە لە لایەن نەیارانی کوردەوە بۆ سووکوچرووککردنیان خۆشکراوە. لێکدانەوەی هێمن لە جیهانی شیعر و پەخشانەکانیدا بۆ مرۆڤی کورد، لێکدانەوەی ڕۆشنبیرێکی فرەزان نەبوو لە سەر میللەتێکی گەمژە و گەلحۆ، بەڵکو شیکردنەوەی نووسەرێك بوو بە دەردی کوردایەتییەوە دەتلایەوە و خۆی بەشێکی لێکدانەبڕاوی دەردەکورد بوو. ئەو دەیزانی خۆیشی ئەندامێکە لەو گەلەی هەیە و حاشاشی لێ دەکرێت. هێمن خۆی لە دەرەوەی بازنەی خەون و ئازاری گەلەکەی نەدەزانی، هەر بۆیە ئەدەبیاتی هێمن هەمووکات بەر لەوەی ئەدەبیاتی هێمنی کورد بێت ئەدەبیاتی گەلی کوردە. ئەدەبیاتی هێمن، کە زایەڵەی وجوود و کەسایەتیی خودی (هێمن)ە، ئەوەندەی ویژدانی هەمیشەی زیندووی میللەتێکی حاشالێکراوە بە درێژاییی چەندان سەدە، دە ئەوەندە ئاسۆی ڕووناکی داهاتوویەکی پڕهیوادارییی ئەو میللەتەیە.

جگە لەمە، هێمن بە ڕاستی بە ئەدەبیات و نووسینەوە نەك هەر هیلاك و ماندوو بوو، بەڵکو بەشێکی گەورە لە ماڵ و ژیانی تاکەکەسیی خۆی لە پێناوی ئەو ئەدەبیاتەدا کردە قوربانیی. لە لایەکی ترەوە، هێمن دەیزانی بە زمانی نالی و مەحوی چیتر



هێمن موکریانی

ناکرێت باس لە ناسیونالیزم و ئازادیی نەتەوەیی و خەونی گەلی ژێردەستی مۆدێرن بکرێت، بۆیە دەستی دایە نۆژەنکردنەوەی شێوە و ناوەڕۆکی شیعری کوردی. هێمن ئاگادار بوو کە هێنانەدیی خەونی یەکسانیی مرۆیی، تەنیا لە ڕێگای خەباتی پشوودرێژی سیاسیی و کولتوورییەوە دەکرێت، و نزا و پاڕانەوەی ڕووت و دروشم و هوتافی ڕۆشنبیرانە چ دەستکەوتێکی نابێت. هێمن ئەدەبیاتی نەکردە سەکۆی بانگەواز بۆخۆی، وەکو حەمەدەمینی شێخولئیسلامی، بەڵکو ئەدەبیاتی داهێنەرانەی ئەو بوو بە سەکۆی دەنگی مرۆڤێك کە هەست و هەناسەی لە پێناوی ڕزگاریی گەلەکەیدا بوو. هێمن ویژدانی زیندووی گەلی کوردە، چونکی ماڵی خۆی لە ماڵی گەلەکەی جیا نەکردەوە و بۆ ئەم ئامانجە گەلێك زەرد و ماهی بڕی:

هەتاکو دواپشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر

برزوو اسماعیل منسور

# شێخ چاپوك هاتبوو خۆی بشوات



بارەگامان لە بن چیای سماقوڵیی گرتك بوو، بە مەسافەیەکی باش لە گوند دوور بووین، لەترسی شاڵاوی بەعس گوند چۆڵ ببوو، تاك تاك خەڵکی گوندی مابوو. شەوێك لەشەوە ساردەکانی پایزی ١٩٨٦ ، بارانێکی زۆر باش باری، دونیا تەواو سارد بوو، حەرەسیاتی من سعات ٤-٦ بوو، دوا حەرەس بووم. سعات چوار حەرەسەکەی پێش خۆم لە خەو هەڵیساندم گوتی: نۆبەی تۆیە. بەچاوی خەواڵووە وە سعاتەکەم لێوەرگرت، چەك و تاقمم بەست و چوومە دەرەوە. لە دوای سعات شەش، دەبوو من خەفەر و نانەوا لە خەو هەڵسێنم، بۆ ئەوەی نانی بەیانیمان بۆ ئامادە بکەن. نیو سەعات یان سەعاتێك کەمتربوو حەرەس بووم، گوێم لە خشپە خشپێك بوو،گوێم زیاتر هەڵخست! نەخێر دەنگی پێی زەلامە، تفەنگەکەم لەشان هێنا خوار، خۆم ئامادەکرد بەرەو دەنگەکە رۆیشتم. زەلامێکم لێ بەدیار کەوت میللم لێ ڕاکێشا.

- کێی زەلام؟
- خۆمانین!
- خۆتان کێن؟
- شێخ چاپوکم.

دەنگیم ناسییەوە، بەڵێ شێخ چاپووکی سەید عومەری خۆمانە!، بەرەو پیرییەوە چووم ، ئەولاو ئەولای یەکترمان ماچکرد، هەموو لەشی قوڕ بوو، سەراپای ئاو بوو، دیار بوو

زۆری سەرما بوو، ئەو بارانەی دوێنی شەو بڕستی لێ بریبوو، زیاتر لە ١٢ سەعات بوو بەڕێوە ببوو.

– کوڕە شێخە بەوشەوە لەکوێ دێیت؟

– لەدەشتی کۆیە ، جەماعەت لایاندا بۆ تیپی ٩٠ ی باواجی من هاتوومە لای تۆ ، ئێوە حەمامتان هەیە، بەیانی خۆم دەشۆم!

ئەگەر باسێکی حەمامەکە بکەم خراپ نییە،( یەک مەتر بە یەک مەتر، واتە مەتر چوارگۆشە، بەرد ڕێژمان کردبوو، هەندێک وردە بەردی بچوکترمان لەسەر دانابوو،بە جوانی ڕێزمان کردبوو پەستابوومانەوە، چوار دارمان لە سوچەکان هەڵدابوو ،لەدەوری دارەکان نایلۆنێکی سپیمان بەدەور کێشابوو، دەرگاکە پارچە بەتانیەکی کۆنی ڕزیومان پێدا دابوو، کاتێک دەچوویە ناو حەمامەکە، ئەگەر بە پێوە وەستابایت لەسنگت بەرەو سەرەوە دیاربوو، دوو تەنەکەی ١٦ کیلۆیی رۆنی راعی، بەهەزار حاڵ پەیدامان کردبوو، بەبزمار دارمان لەنێوان دابوو، ببووە دەسک. یەک قوتووی ئاوە تەماتەی یەک کیلۆیی.

هەرکەسێک بیەوێت خۆی بشوات، دەبێت ئاگرێک لەدەرەوە بکاتەوە، تەنەکەیەک ئاو گەرم بکات ، بیباتە ژوورەوە، تەنەکەکەی تر ئاوی ساردی تێ بکات، لەناو حەمامەکە لە قوتووە یەک کیلۆیەکە، تۆزێک ئاوی سارد هەڵبگرێت، بیخاتە ناو تەنەکە ئاوە گەرمەکە، تێکەڵاوی بکات وخێرا بەخۆیدا بکات، هەندێک جار کورت دێنی ئاوی سارد زیاترە، هەندێکجار درێژ دێنی، ئاوی گەرم زیاترە، بەڵام گرنگ ئەوەیە حەمامە! کەس حەمامی وا چاکی نییە)

گوتم: شێخە گیان بڕۆ ژوورەوە سۆپاکە پشکۆی تێدایە، دوو سێ بڕکە داری بخەرە سەر، جلی زیادەم هەیە، لەبەری بکەو بڕۆ جێگاکەی من سەرخەوێک بشکێنە و دوایی بانگت دەکەم وەرە خۆت بشۆ.

دوای ئەوەی حەرەسیاتم تەواو بوو،دونیا هەر تاریک بوو، چونکە هەور بوو، چوومە ژوورەوە،خەفەر و نانەوام هەڵساند گوتیان بەخەبەرین، تۆزێکیتر هەڵدەستین. شێخ چاپوک لەسەر جێگاکەم وا خەوتبوو دڵم نەدەهات بەخەبەری بێنم، بەڵام دوایی گوتم با هەڵیستێنم خۆی بشوات، دوایی بخەوێتەوە، بەخەوالووەوە هەڵسا چووە دەرەوە، من لەجێگاکە درێژ بووم، ماوەیەکی کەمی پێچوو خەریک بوو ببوڕژێم، دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز هات، لەگەڵ هێزی تەقینەوەکە، بنمیچی ژوورەکەی کردە تەپ و تۆز و دوکەڵی سۆپا، چاو چاوی نەدەدیت، بوو



بوردمانکردن

به فڕکان فڕکان بۆ دەرەوە، تفەنگەکەم لەبن سەرم دەرهێناو ڕاکە، چ بوو؟ چ بوو؟ گوتیان تەیارەیە، دوو دانە تەیارە بوون، ئەوەی یەکەم یەکسەر دایگرتین، دەنگی ئەوەی دووەم لەدوای ئەو هات زۆر نزم دەفڕی، ئەویان هیچ تەقەی نەکرد، تێپەڕی، خێرا بۆ کونە تەیارە، هەموومان بەسەر یەکتردا تەپی بووین، لەکونە تەیارەکە بەبیرم هاتەوە،کوڕە شێخ چاپوک؟! گوتم: کوڕینە شێخ چاپوک لێرەیە؟ گوتیان: خەونت دیوە؟ شێخ چاپوک چ دەکات لێرە؟( تومەز ئەوان نووستبوون نەیانزانیبوو هاتووە) گوتم ئەو بەیانییە هات، خێرا لە کونە تەیارەکە هاتمە دەرەوە، جەماعەتیش هەر یەکەی بەلاك، کەوتینە سۆراغی شێخ چاپووك، تەیارەکانیش جارێکیتر سوڕانەوە و ڕۆیشتن،برادەران باوەڕیان نەدەکرد کە شێخ چاپووك هاتبێت! منیش سوێندم دەخوارد: کاکە ئەو بەیانییە هاتووە، من خۆم هەڵمساندووە لەخەو بچێت خۆی بشوات، کە چووینە دەرەوە، ناپاڵمێك لە شوێنی حەمامەکەی دابوو ئەوەندەی قووڵ کردبوو، لۆرییەك جێگای دەبووەوە، ئاوی لە شوێنەکە هێنابوو، حەمام ئەسەری نەمابوو،لەدڵی خۆمدا گوتم: بەخوا شێخە ڕۆیشت، فەوتا. هاوار بکە، شێخ چاپوك؟، شێخ چاپووك؟.

شێخە لە دۆڵەکەی تەنیشتەوە هاتە دەرەوە. گوتی: سەلامەتم! غارمان دایە پشکنیمان سەلامەت بوو، هیچ شوێنێکی بریندار نەببوو،بەڵام سام گرتبووی، چ بوو شێخە؟ گوتی: کە تەیارەکە لێیدا، خەریك بوو ئاو بێنم بۆ سەر ئاگرەکە، لەگەڵ هێزی لێدانەکە،بەرزی کردمەوە، فڕێدامە کەندەکەی تەنیشتی، تەنەکەم لەدەست پەڕی

زیانەکانمان : حەمامەکە تەخت بوو، ئەو تەنەکە عەزیزەی، کە زۆر خۆشەویست بوو لامان، لەناو حەمامەکە بوو(تەنەکەی ئاوی ساردکردنەوە) پارچەمان نەدیتەوە، قووتووە یەك کیلۆیەکەی ئاوە تەماتە نەدۆزرایەوە، تەنەکەکەی دەست شێخ چاپووك کە پەڕیبوو، بیست ساچمەی پێکەوتبوو، بەکەڵك نەدەهاتەوە.

هاتینەوە ژوورەکە. هەرکەسەو خەمی شتێکی بوو. یەکێك دەیگوت: جا ئەو حەمامەی چۆن دروست بکەینەوە؟ دەزانی ئەو بەردانەمان چۆن پەستابووەوە؟ یەکێك دەیگوت: جا تەنەکەی لەکوێ پەیدا بکەینەوە؟خوا عالیمە تەنەکە لەگوند بە گولەش دەست ناکەوێت. یەکێك دەیگوت: ئەو پارچە نایلۆنە ئەسلە چۆن پەیدا بکەینەوە؟ دەزانی ڕەشابا کاری لێنەدەکرد؟ هەریەکەی خەمی شتێکی بوو.

هەرچەندە لەدەستدانی حەمامەکە زۆر ناخۆش بوو بۆ هەموومان، بەڵام من دڵم خۆش بوو، چونکە شێخ چاپووك هیچی لێنەهاتووە، چونکە من بووم لەو خەوە خۆشە خەبەرم کردبووەوە، ئەگەر خەبەرم نەکردباوە ئەو بەزمەی بەسەر نەدەهات. لە کۆتاییدا شێخ چاپووك گوتی: باشە لەوانە گەڕێن،ئێستا ئەمن ئەوڕۆ کو خۆم بشۆم؟!

هەموو پێکەوە: هائهو، هائهو...شێخ چاپووك خەمی ئەوەی نەبوو تازە لەمردن گەڕاوەتەوە، خەمی ئەوەی بوو چۆن خۆی بشوات.

بۆیە دەڵێن: هەرکەسەو خەمی شتێکیەتی،هەرکەسە بۆ ئەوە هاواریەتی کە لەدەستی داوە.

لێکدانەوە: بۆ ئێوەی بەجێ دەهێڵم کە وەزعی ئەوسا و ئێستا چۆنە؟ جاران خەمی چیمان بوو ئێستا خەم بۆ چی دەخۆین؟.

# یەکەم مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی لە هەولێر



**ئا: پ. د. عومەر پەتی**

ڕووێکی بەرچاوی شارستانییەتی هاوچەرخ، بایەخدانە بە مێژووی نەتەوە، جا ئەمەیش لە چەندین کایە و بوار و ڕشتە و خانەدا کۆکراوەتەوە. وڵاتە پێشکەوتوەکان، زوو درکیان بە بەهای ئەو شتە ماددی و مەعنەوییانەی سەردەمانی پێش خۆیان کردوە، بۆیە چەندان شێوە مۆزەخانە و کەلتوورخانە و ئەنتیك خانەیان لە شارەکاندا کردۆتەوە، لە لایەك خانووبەرە و شوێنەوارە دێرینەکانیان پاراستووە و لە لایەکی دیکە ئەو کەرەستە و شتوومەکانەی کە باب و باپیرانیان دایان هێناون و ژیانیان پێ دەستەبەر کردووە هەڵیان گرتوون و پاراستوویانن، ئەوە جگە لەوەی کە داهاتی باشیان لە گەشتکەر و مێدیاکار و ڕێکلامەکانی ئەو شوێنانە وەچەنگ دەکەوێ.

هەرچەندە کورد، خاوەن قەوارەیەکی رامیاری و ئابووری سەربەخۆ نەبووە، بپڕژێتە سەر بایەخدان بە مێژوو و کەلتووری خۆی، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا، ڕۆشنبیر و جەرگسۆزیی نەتەوە و مێژوو و فۆلکلۆر و کەلەپووریی کوردیی هەر هەبووینە و سەرەڕای کۆسپ و بەربەستەکان، ئەوەندەی بۆیان کرابێ درێخییان نەکردووە خۆبەخشانەش کار و بەرهەمی

بە نرخ بەبڕشتیان بۆ بەجێهێشتووین ، گەر ڕەنج و شەونخونی ئەوان نەبووبایە، ئەوەندەی هەشە نەدەبوو.

ئەم ڕیپۆرتاژە، نووسینەوەی تۆمارێکی ڤیدیۆییە، کە لە ڕۆژی (١/ ١/ ١٩٩١) لە مۆزەخانەی ئەنترۆگرافی هەولێر تۆمار کراوە و وەك ئەرشیڤ لە لای بەندە پارێزراوە. مۆزەخانەکە خانووی خوالێخۆش بوو ( شەهاب الدین دەباغ) بوو لە قەڵای هەولێر.

ئەم خانووە گەورە و دێرینە کە بەسەر شێخەڵڵادا دەڕووانی، لە دوو نهۆم پێك هاتووە و ژێر زەمینێکی گەورەی هەیە و چەندین ژووری قەبارە جیا جیای هەیە، بەرد و دینگەکانی هەمووی مەڕمەڕ و دەرگا و پەنجەرەکانی دەستکردی دارتاش و ئاسینگەرەکانی کۆنەکانی هەولێرە و بە شێوازێ ئەندازەیی زۆر جوان و پڕ وەستاکاریی دروستکراون، ئەوا جگە لە بنمیچی نەخشێنراوی ڕەنگاڵ و تاق و دەلاقە و چەندین موحەجەرەی سەرنجڕاکێش.

مەبەستمان لەم ڕیپۆرتاژە، پاراستنی بەشێکی مێژووی نەتوگرافی هەولێر و کوردستانە، بۆ ئەوی ببێتە سەرچاوە بۆ ئەوانەی خەمخۆر و توێژەری ئەو بوارە بایەخدارەن.

ئامادەبووەکانی ئەم بۆنەیە ئەم بەڕێزانە بوون: د. مارف خەزنەدار، تاریق جامباز، عەبدەلڕەحمان پاشا، عومەر پەتی، فازیل شەوڕۆ، بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە کاك صباح سیامەنسوری و بنیات مارف خەزنەدار کوڕی دکتۆر مارف خەزنەدار.

سەرەتا، کە ئامادەبووان لە دیوەخانە کوردەوارییەکەی ئەم خانووە، لەسەر زەوی دانیشتبوون، بەندە بەم گوتارە کەوتە ئاخاوتن:

«لە ڕۆژی ٣ی تەمووزی ١٩٨٨، لێژنەی کەلەپووری کوردی لە هەولێر، یەکەم کۆبوونەوەی کلتوورپەروەرانی کوردی سازکرد لە بڕگەکانی بریار و پێشنیازەکانی ئەمانەی تۆمار کرد:

- بەستنی کۆبوونە و خربوونەوەی بەرنامە بۆ داڕێـژراو، بەمەبەستی بـەردەوام بوون لە خزمەتکردی کەلەپووری کوردی.
- دەرکردنی ژمارەیەکی تایبەت لە گۆڤاری (کاروان) بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی بابەتی کەلتووری کوردی.
- دەرکردنی گۆڤارێکی سەربەخۆ بە کەلتووری کوردی.
- بەشداری کردنی کەلتوورپەرەو و کەلتوورناسانی کورد لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی عیراق و دەرەوەی وڵات ە وەرگێرنی بابەتەکانیان بۆ زمانی عەرەبی و بە پێچەوانشەوە.
- بە ئەرشیڤکردنی هەموو بابەتەکانی فۆلکلۆری و پیشە و کارە کەلتوورییەکانی کوردی بە دەنگ و ڕەنگ.
- کردنـەوەی مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی کـوردی لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستاندا.
- تەرخانکردنی بووجەی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کار و بەرنامانە.

لە ڕاستیدا، تۆمارکردنی ئەم ڤیدیۆییە، پراگتیزە کردنی بڕگەیەکی ئەو کۆبوونەوە بوو، دوای ئەوەی کە ژمارە (٧٦) گۆڤاری (کاروان) تەرخانکرا بۆ فۆلکلۆر و کلتوور و گۆڤاری (زبارە) بوو بە گۆڤارێکی وەرزی بە ناوی ( گۆڤاری فۆلکلوری کوردی) . وەك یەکەم گۆڤاری لەم جۆرە . خۆشبەختانەش کورد بەشداری لە حەفتەی فۆلکلۆری بەغدا داکرد، هەم بە کردنەوەی پێشانگای کەلەپووری کوردیی و هەم (٣) لە کەلتووپەروەران لێکۆڵینەوەیان پێشکەشکرد و دواتر بابەتەکانیان لە کتێبێکدا بە زمانی عەرەبی چاپکرا. پێشتریش یەکەم دیداری فۆلکلۆری

کوردی له هەولێر بەستراو چەند کەلتوورپەروەرێکیش ڕێزیان لێ نرا.

کردنەوەی ئەو مۆزەخانەش جێبەجێکردنی پێشنیاز و داوایەکی دیکەی ئەو لێژنەیە بوو کە لە ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاون دەست نیشانی کردبوو.»

دواتر فازیل شەوڕۆ کەوتە گێڕانەوەی چۆنیەتی پەیداکردن و کۆکردنەوەی ئەو کەرەستە کەلەپووریانەی لەم مۆزەخانەیەدا نمایشکراوە و گوتی:

لێژنەی پەیداکردن و کۆکردنەوەی کەلوپەل و شتومەکی کوردەواری هەر عومەر پەتی و بەندە بوو، بریارماندا کە بکەوێنە گەڕان و پشکنینی ئەو شارانەی کە زۆر دێرینن و دەوڵەمەندن بە پیشەوەریی وە ئەو گوندانەی کە شاڵاوی ئەنفالی نەگەیشتبووی . جا یان ئەوەتا زۆر لە شار نزیك بوون و یان لەبەر هەواداریی شێخ و ئاغا و بەگی گوندەکە بۆ ڕژێم، شۆڤەڵیان لێنەدرابوو. لە شارەکان جگە لە هەولێر بریارماندا شاری کۆیە و دهۆك و ئامێدی وشیلادزێ لە گوندەکانیش هەر گوندێك بزانین نەروخاوە و وێران نەکراوە سەردانیان بکەین. ڕۆژی (١٧ / ٧ / ١٩٩٠) دەستمان کرد بە سەفەرکردن و گەڕان.

لەشاری کۆیە، چونکە شارێکی دێرینە و سەرە ڕێ کاروانچییان بووە و خان و قەیسەریی هە بووە و زۆر گارکە و پێشەوەریشی هەبووە، زۆرترین کەرەستەو کەلوپەلمان لەوێ چەنگ کەوت، ئەوانیش بە دوو شێوە: هونەرمەند و ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکان زۆر کۆمەکیان کردین و زۆر شتیان بێ بەرانبەر پێشکەش کردین، بەڵام هەبوو کەرەستەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست و هەرچەندی دەمانکرد نە بە هیمەت نە بە قیمەت دەستبەرداری نەدەبوو، وەك کۆپەیەکی قەدیمی ئاو لە ماڵە دیانێك کە گوتی داوای کچەکەم بکەن داوای ئەو کۆپە مەکەن، هەروەها ئەو کوتکەی ساوار کووتانەوەی کە سێ جار چوینە لای خاوەنەکەی کە دوکاندار بوو هەر پێی نەداین و گوتی وەسیەتی کردووە کووتکەکە لەگەڵ خۆی بنێژن و زۆر حیکاتەی سەیرتریش.... .دەسکەوتە گەورەکانی کۆیە، کە لە مردن ڕزگارمانکردن ئەمانە بوون:

- دەزگای ئاسنگەری وەستا عەبدەی ئاسنگەر و هەموو کەرستە و ئامێرەکانی خەلفە عەبدولڕەحمانی ئاسنگەر.
- هەموو کەرەستەکانی کاڵەکدرووی وەستا فەتاحی کاڵەك دروو، کە دوای دوومانگ کۆچی کردوو، بە کۆچکردنی ئەو پێشەی کاڵەکدرووی لە هەموو کوردستان مەحفبۆوە.
- زۆربەی کەرستە قەدیمەکانی وەستا حەمە شەلی نەجار.
- زۆربەی کەرستەکانی ناڵبەندی مام ئەسعەدی ناڵبەند.
- کەرەستەیەکی زۆری کورتاندروو و پێنەدۆز و زیندروو و خەنجەرچی و خەرات و مسگری.

لە گوندە وێران نەکراوەکانیش زۆر کەرستە و شتوومەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریمان دەست کەوت. هێندێك لە کەرستانە هێندە گەورە بوون کە بە شەش حەوت کەس لە پشتی پیکاب باردەکران.

لە پشتدەر، بە تایبەتی لە گوندەکانی بێتواتە و سەروچاوە دەورەبەر، شتومەکی کوردەواری یەکجار بەنرخمان دەستکەوت، هەر چەندە، لەوێش هەبوو، شتەکانی زۆر خۆشدەویست و ئامادە نەبوون بە زۆرترین بڕە پارە زاعێیکەن. وەك ئەو دەفتەرە دەستنووسانەی لە



خانووی شەهابەدین دەباغ

لای مەلایەکی کوێرە دێیەك بوو . ناوکەیم لەبیر نەماوە . کە هەرچەندی کردمان ئامادە نەبوو یەك دەفتەری ببەخشێت یان بفرۆشێت کە ژمارەکەیان پێنج شەشەك دەبوون.

بەڕاستی ئەو کەلوپەلانەی لە دەڤەری بادینان وەدەستمان کەوتن بەهیچ شێوەیەك بە پارە نرخییان تەواو نابێ، بەتایبەتی لە ئامێدی و گوندەکانی دەورەبەری، بۆنموونە چەندین کەرەستەی کۆنی چەخماخسازیی چەك و دروستکردنی تفەنگ و داگرتنەوەی فیشەك و زۆر شتی سەرنجڕاکێش. کە دڵنیان هەر یەك دانە لەو شتانە مابوون لە هەموو کوردستان و ئێمە لە فۆتان ڕزگارمان کردن.

لێرە فازیل شەوڕۆ کۆتای بەقسەکانی هێنا و ئەوجا کەوتینە گەڕان بەناو بەشەکانی مۆزەخانەکە کە لە سێ بەش پێك هاتبوو:

- ژێرزەمێنێکی تاقداری زۆر گەورەی بە دەرگا و پەنجەرە.
- هەموو ژوورەکانی نهۆمی یەکەم بە دیوەخانەوە.
- ژووریکی تایبەت بۆ پێشانگای فۆلکلۆری کوردی بۆ کەرستە هونەرییەکانی (فازیل شەوڕۆ).

کەرستە و شتومە و کەلوپەلەکان، کە لە ڕێکخستن و دیکورسازی و دیزاینی کاك فازیل شەوڕۆ بوو، زۆر هونەرمەندانە پۆلین و نمایشکرابوون، هەر شتەی بەگوێرەی پیشە و بەکار هێنان و دروستکردنیان ڕێکخرابوون، دەکرێ لەم سەرە قەڵەمانە هەموو کەرەستەکان بخەینە ڕوو کە ژمارەکەیان لە سەرووی (٣٠٠) کەستە دەبوو، کۆنترینیشیان سینییەکی ئاسنجاوی زۆر گەورەی کۆییانە بوو کە ناوی وەستایەکە و ساڵەکەی لەسەر هەڵکەندرابوو(١٨٤٠):

(هەموو کەرستەکانی ناندین(موتبەخ ) و ناو ماڵ / خشڵ و جوانکاری ژنانە و پیاوانە و منداڵانە/ کەرستەکانی پیشەکانی وەك گارگەچییەتی، تەونگەری، کورتاندرووی، پینەدۆزی، کاڵەکدرووی، زیندرووی، خەنجەرچی، چەخماخسازی، خەراتی، ئاسنگەری، مسگەری،

ناڵبەندی، لبادچی / زۆربەی هەرە زۆری کەرەستە و کەلوپەلی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری / کەرستەکانی دیوەخان / کەلوپەلی دوکانداریی / کەلوپەلی کاروباری ژنی ماڵ / جل و کەرستەی ولاغ / شتومەکی ڕاو وچەك / پۆشاك و جل و بەرگ / کەرستەی کلێنە و گۆزە و شەربە / نوێن و پێخەف و ڕایەخ ...تاد.

ئەو ژوورەی کە تەرخان کرابوو بۆ نمایشی کارە میناتووریە هونەرەکانی فازیل شەوڕۆ، بریتی بوو لەو کارە دەستکردە وردانەی کە لە دار و تەختە دروستی کردبوو، کە ژمارەکەیان (٢٢٠) کەرەستە و کەلوپەلی کوردەواری بوون، بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ناونووس کرابوون.

دوای کۆتایی هاتنی گەڕانەکە بەناو مۆزەخانەکەدا، دکتۆر مارف خەزنەدار، لە وەڵامی پرسیارێکی بەندەدا دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئەو بۆ ئەوی کە بینی، گوتی:» جارێ لە پێش هەموو شتێك ناوەکەی دەبێ (ئەنتۆگرافی کوردی) بێ، چونکە ئەمە پەیوەندی بە فۆلکلۆرەوە نییە. فۆلکلۆر زیاتر بۆ شتی مەعنەوی بەکار دی، وەك ئەدەب و شیعر و چیرۆك، بەڵام ئەمانەش دەچنەوە سەر سەرچاوەیبەکی ئەنتۆگرافی. لە وڵاتی دەرەوە مۆزەخانە بە دوو گوزارشت دێ: ئەنتۆگرافی و ئەنترۆپۆلۆژیی، کە پەیوەستە بە مرۆڤ و ئەسڵ و فەسڵی مرۆڤ.لە نەژاد و جمجمە و موتەحەجیرات...تاد. ئەوەی تر هی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە بەرگ و پۆشاك و نوێن و ڕایەخ و پیشەسازی و کشتوکاڵ ...تاد. لەبارەی ئەو مۆزەخانەی ئێوەشەوە، بەڕاستی وەك سەرەتایەك ئیشێکی باشتان کردووە. بە تایبەتی کە خانووەکە کۆنە و داڵان و ژێرزەمینی هەیە، ئەم جۆرە مۆزەخانە لە زۆر وڵاتان هەیە، ئەوەی ئێوە وەك ئەوەی بەرلینە، بەڵام ئەو گەورەترە لەمە، ئەویش داڵان و ژێر زەمینی هەیە. ئەوەی کە سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە ئێوە لە هێندێك شت زیاتر لەیەك دانەتان نمایش کردووە و زۆر شتیشتان نوقستانە، جا بە ڕای من ئێوە دەتوانن شت بگۆڕنەوە. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکە هەوڵ بدەن وەکو ئەنتۆگرافی سلێمانی شت و کەرەستەی ناوچەکە کۆکەنەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە گەر شتێکی هەورامانیتان کەوتە بەر دەست لێرەی دانەنێن.

وەك سەرەتا من خۆم چاوەڕوانی ئەوەندە نەبووم، ئەوەی من پێش ئەوەی بێمە ئێرە لە مێشکم دانابوو ، وام تەصەور دەکرد زۆر لەمە کەمترە. لەم زروفە هەر هێندە دەکرێ. هەوڵ و تەقەلاّیەکەی ئێوە زۆرە، با لە دهۆك و سلێمانیش کاری وا بکەن، ان شاللە لە ئایندە کە مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی نیشتمانی ساز دەکەن، ئەمە دەبێتە بنجینە بۆئەم کەسانەی ئەمەیان هێنایە کایەوە و دوا ڕۆژ بەردەوام دەبن، ئیشێکی باشتان کردووە.»

لە ڕاستیدا ئەمە خەونە گەورکەی ئێمە نەبوو، ئێمە لەخەمی بونیاتنانی مۆزەخانەی ئەنتۆگرافی نیشتمانی دابووین، بەڵام سەد حەیف و مەخابن، لەگەڵ ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ هەموو ئەو کەل و پەل و کەرەستە بەنرخانەی ئێرە دزران و هەر دیوار و تاقەکانی ئەم مۆزەخانە بە چاوی بەفرمێسکەوە پێشوازییان لێکردین و هەموو ئەو هەوڵ و ڕەنجەی کە خۆبەخشانە ئەنجامماندا بە فیرۆچوو.

تێبینی: خەرجی ئەو کەرەستە و شتومەکانە لە بووجەی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان خەرجکرا کە (٨٠٠٠) هەشت هەزار دیناری سویسری بوو. فازیل و شەوڕۆ بەندە وەك خزمەت بە کەلەپور و کلتووری کوردی بێ بەرانبەر، ئەمەمان بە ئەرکی سەر شانی خۆمان زانی.

# کفتەی سابوونکەران



**ڕێبوار حەمەتۆفیق**

گەڕەکی سابوونکەران، یەکێکە لە گەڕەکە دێرینەکانی شاری سلێمانی و کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە. لەگەڵ گەڕەکەکانی: قەزازەکان، سەرچیمەن و گاوراندا هاوسنوورە.ماڵەکانی گەڕەکەکە، کەوتوونەتە پشت دەستە ڕاستی ئەو شەقامەی کە هەر بە ناوی گەڕەکەکەوە ناونراوە (شەقامی سابوونکەران) و لە بەردەرکی سەراوە دەست پێدەکات تا دەگاتە گەڕەکی گۆیژە.

زۆربەی کۆڵانەکانی گەڕەکەکە، تەسك و پێچاوپێچن. خانووەکانی، لەچاو گەڕەکەکانی تری شاردا و لەبەر ئەوەی کەوتووەتە ناوچەرگەی بازاڕەوە، گرانتر بووە و ڕووبەریان کەمتربووە. لەپێشتردا، خانێك و ئاشێکی (ئاشی گاوران)ی لێبووە، هەروەها گەرماوی (موفتی)ی لێبووە، کە موڵکی خوشك و برای کەریمی عەلەکە بووە. لە ئێستادا زۆربەی خانووەکان بوونەتە قەیسەری و بازاڕ، دوکانە کۆنەکانیش تایبەتکراون بە پیشەی کڵاشفرۆشتن و بەرهەمی خۆراکی ناوچەی هەورامان. ئەو چەند بینایەشی کە ماونەتەوە و لە نموونەی دەگمەنی ئەو شوێنانەن، کە سیمای مێژوویی و دێرینی شارەکەیان هێشتووەتەوە.

یەکێك لە تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی ئەم گەڕەکە و دانیشتوانە کۆنەکەی ئەوەبووە، کە بە دوو پیشەی سەرەکییەوە خەریك بوون: سابوونچێتی و دروستکردنی کفتە، کە وەك دوو پیشەی دەستی و فۆلکلۆری، بوون بە ناسنامەی گەڕەکەکە.

ئەوەی لێرەدا پرسیار بێت ئەوەیە، ئایا بۆچی ئەم گەڕەکە ناونراوە سابوونکەران و نەوتراوە کفتەکەران؟ ئایا جیاکاری و تایبەتمەندیی کفتەی سابونکەران لەگەڵ کفتەی ئاساییدا لە چیدایە، کە تا ئێستاش زۆربەی خەڵکی جیاوازی لەنێوانیاندا ناکەن؟ ئەم نووسینە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە و زانیاریی نوێ بخاتە ڕوو:

هەر لەسەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانییەوە و تا ساڵانی چلەکانی سەدەی پێشوو، پیشەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی سنووری گەڕەکەکە بریتی بووە لە دروستکردنی سابوون و هەر لەبەر ئەمەشە کە بە (گەڕەکی سابونکەران) ناسراوە. سابونچێتی لە گەڕەکەکەدا بەجۆرێك فراوان و بڵاوبووە کە جگە لە دەستەبەرکردنی بەشی ناوخۆیی، ڕەوانەی بەغدا و زۆربەی شار و شوێنەکانی تری ناوچەکە کراوە.

لە ئەنجامی گەشەسەندن و فراوانبوونی سابوونکردندا، بەشێکی زۆرتر لە کەرەستەی خاوی دروستکردنی سابوون کە بریتی بووە لە (پێستە و پیو و ڕیخۆڵەی ئاژەڵ...) هێنراوەتە گەڕەکەکەوە. بەمەش بەشێکی زۆرتر لەو ڕەشە گۆشتە کۆکراوەتەوە کە لەکاتی کەوڵکردنی ئاژەڵەکاندا بە پێستەکەوە بەجێماوە.

ئەم وردە ڕەشە گۆشتە، نەئەوەبووە بفرۆشرێت، نە ئەوەش بووە سابوونچییەکان بەردەوام بیخۆن، بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە کە برەو بە پیشەیەکی تر بدرێت لە گەڕەکەکەدا کە ئەو قیمەیەی تێدا بەکاربهێنرێت، ئەوەبووە داهێنانیان لە دروستکردنی خواردنی فۆلکلۆریی کفتەدا کرد و بەشێکی زۆری دانیشتوانی گەڕەکەکە پێوەی خەریك بوون و کردیانە ناسنامەی دووەمی کلتووریی خۆیان و گەڕەکەکەیان.

بێگومان پێش دروستکردنی کفتەی سابونکەران، خواردنی کفتە لە شارەکە و شوێنی تریشدا هەر هەبووە، بە تایبەتی جوولەکەکانی شارەکە، زۆر هۆگری خواردنی کفتە بوون، بەڵام ئەمان هاتن و ئەم تایبەتمەندییانەیان پێ بەخشی، کە لە کفتەی ئاسایی و لای هیچ شار و شوێنێکی تر نییە:

١- کفتەی سابونکەران، قەبارەی گەورەترە و کێشی هەر دانەیەکی نزیکەی نیو کیلۆگرام دەبێت.

٢- هەویری بەرگی کفتەکە تەنکترە.

٣- قیمەی ناوەوەی کفتەکە پڕتر و زۆرترە.

٤- هێلکەیەکی کوڵاو یان زۆرتر دەکرێتە ناو ناوەکەیەوە.

٥- کفتەکە لە تورکەیەك هەڵدەکێشرێت و وەك گیپە بە مەبەستی هەڵنەوەشاندنی دەدورێتەوە و ئینجا بۆ کوڵاندن دەکرێتە ئاوی کفتەکەوە.



کفتەی سابونکەران

# چەند تایبەتمەندی و سیفاتێکی ئاژەڵان



د. هاوژین صلیوە

جیهانی ئاژەڵ و بوونەوەران جیهانێکی فراوان و تاریك و سەرسورهێنەرە، کە ڕۆژانە سەیری کەناڵی (National Geographic) دەکەم و زۆر جاریش ئاژەڵ و بوونەوەری وا پیشان دەدەن کە سەرم دەسووڕمێ، چونکە یەکەم جاردەبێ کە تەنها لەڕێی شاشەی تەلەفزیۆنەوە بیانبینم، بەڵام بەندە قامتێك سەرنجێك لەبارەی چەند تایبەتمەندی و سیفاتێکی ئاژەڵان دەخەمە ڕوو، کە لەکوردستاندا هەن و بەخێو دەکرێن. ئەو سیفاتانەی کە باسیان دەکەم زیاتر مانگا دەگرێتەوە، بەڵام لەو سیفاتانەشدا سیفاتی هاوبەش لەنێوان مانگا و مەڕو بزن و بوونەوەرەکانی دیکەدا هەیە، بۆیە بەر لەباس کردنی شتەکان پێمباشە وەك دەروازەیەك چەند شتێك لەبارەی ناو و  و تەمەن و قۆناغی ئاژەڵە ناوبراوەکان تۆمار بکەم: بەچەند قۆناغێك گۆلكێك دەبێت بە: پیرە مانگا، لەوانە:

(گۆلکۆکە-گۆلك)، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ دەبێتە: (سەنگۆ)،کە لەساڵێك تەمەنی تێدەپەڕێ دەبێتە:

(مێنگوین)، تەمەنی لەدوو ساڵان تێدەپەڕێت پێی دەڵێن قۆناغی:(بەرگەڵ)، واتا ئامادەیە بۆکەڵخواردن، دوای کەڵخوردن و زانی دەبێتە:(مانگا)، ئەگەر پێشوەخت کەڵی خوارد، واتا هێشتا نەگەیشتبووە قۆناغی خۆی، دەڵێن: بیژۆکە کەڵ، واتا بەبیژۆکی کەڵی خواردووە، کە دەزێش مانگایەکی نابووت و بچووك دەبێت، بەتێپەڕبوونی تەمەنی و کەوتنی بەشێك لەددانەکانی پێی دەڵێن: (پیرە مانگا).

قۆناغەکانی تەمەنی گۆلکێك تاکو دەبێت بە پیرەگا: (١- گۆلکۆکە-گۆلك)، دوای تێپەڕبووی شەش مانگ، ئینجا شیرە بڕە دەکرێ و پێ دەنێتە قۆناغێکی تر پێی دەڵێن: (٢ . سەنگۆ)، دوای ئەوەی تەمەنی لە دوو ساڵان نزیك دەبێتە، دەبێتە:(٣ . جوانەگا)، کە لە دووساڵیش تێپەڕی دەگاتە قۆناغی (٤ . بەرنیر)، واتا دەتوانرێت نێری بخرێتە سەرمل و جوتی پێبکرێ، کە تەمەنی لە چوار پێنج ساڵ تێپەڕبوو دەچێتەقۆناغی: (٥ . قەیرەگا) ئەوکات بۆجوتکردن گورج و مەعلان و بەتاقەت دەبێت، ئینجا بەرەو قۆناغی(٦ . گا) دەڕوات، بەهەڵکشانی تەمەن و کەوتنی بەشێك لەددانەکانی دەگاتە قۆناغی (٧ . پیرەگا). بەهەمووی پازدە ساڵێك دەژێ.

تێبینی: ئاژەڵە کاوێش کەرەکان، تەنها ددانی شەویلگەی خوارەوەیان هەیە، ددانی شەویلگەی سەرەوەیان نییە.

سەبارەت بە: پیرە مەڕ، ئەوا قۆناغەکان بەمشێوەیەن: (١ . بەرخۆڵە . بەرخ . بەرخەمێ)، دوای تێپەڕ بوونی شەش حەت مانگ دەبێتە(٢ . کاوڕ . کاوڕە مێ)، ئینجا بەهەڵکشانی تەمەنی و تێپەڕبوونی شەش مانگی دیکە دەبێتە: (٣ . بەردیل)، یەکەم جاری کە دەزێ پێی دەڵێن:(٤ . بەردیلە زا)، ئەگەر لەگەڵ هاوتەمەنەکانی بەبەران نەیێ (بەران نەخوا)، ئەوا پێی دەڵێن: (٥ . ئیشکە بەردیل)، جاری دووەم کە زا پێی دەڵێن: (٦ . بەربوارد)، واتا بەرێکی بوارد و قۆناغێکی تری بڕی، کاتی بۆجارێکی تر کە زا، واتا کاتێ بۆجاری سێیەم کە دەزێ دەبێتە:(٧ . سەرەمەڕ . مەڕ)، لەبەینی مانگی شەش و حەوت کاتێ مەڕێکی زۆر بەبەران دێن، واتا لەڕۆژێکدا بەدەیان مەڕ لەو مێگەلە بەبەران دێن بەم حاڵەتەش دەڵێن: (گەرمەبەران)، ئەوکاتەیش کە مەڕێکی زۆر لەو مێگەلەدا لەیەك ڕۆژدا دەزێن پێی دەوترێ: (گەرمەزەن)، بەهەڵکشانی تەمەنی مەڕەکە دەبێتە: (٨ . پیرەمەڕ).

قۆناغەکانی پیرە بەران: (١ . بەرخۆڵە . بەرخ . بەرخەنێر)، دوای شەش مانگ دەبێتە: (٢ . کاوڕ). تێبینی، زۆر جار دوای ئەوەی کە لواکەی بڕایەوە ئیجا پێی دەڵێن: کاوڕ، ئەویش یەکەم جار کە کاوڕ بڕایەوە بەخورییەکەی دەڵێن: لوا، بۆقاپووت و فەرەنجی و لباد بەکاری دەهێنن، چونکە دەزوەکانی ناسك و باریکن و سیفەتی چونە پاڵیەکیان هەیە، نابێ ئەم لوایە بشوورێت، چونکە مادەیەکی شێوەکەتیرەیی تێدایە، گەر بشورێت لباد و فەرەجی پێدروست نابێت، کە جاری دووەم بڕایەوە، ئینجا بە مووەکانی دەڵێن خوری، هەتا دووساڵان پێی دەڵێن: (٣ . شەك)کاتێ کەتەمەنی لە سێ ساڵان نزیك دەبێتەوە پێی دەڵێن: (٤ . خرت)،دوای سێ ساڵ و نیو دەبێتە: (٥ . بەران)، بەهەڵکشانی تەمەنی دەبێتە: (٦ . قیرەبەران)، ئینجا بە پیربوونی دەگاتە قۆناغی: (٧ . پیرەبەران).

قۆناغەکانی پیرەبزن: (١ . کارژیلە-کاریلە . کار . کارەمێ)، (٢ . کیسك . کیسکەمێ)، کاتێ کە ئامادە دەبێ بۆئاوس بوون، پێی دەڵێن: (٣ . توشتیر)، ئینجا

بەتەگەدێ و ئاوس دەبێ و دواتر دەزێ، پێی دەڵێن: (٤ . توشتیرەزا)، کاتێکیش کەزا دەبێتە: (٥ . بزن)، ئینجا دواقۆناغ دەبێتە:(٦ . پیرەبزن . بزنەلات).

قۆناغەکانی پیرەتەگە: (١ . کارژیلە . کاریلە . کار . کارە نێر)، دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ دەبێتە(٢ . کیسک)، (٣ . کوور)، (٤ . خرت)، واتا هەرشەش مانگێك قۆناغێك دەبڕێ و ناوەکەی دەگۆڕێ، تادەگاتە قۆناغی،(٥ . تەگە-نێری)، قۆناغی تەگە درێژە دەکیشێ تاوەکو پیردەبێ، ئینجا ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێت بە: (٦ . پیرەتەگە-پیرە نێری).

دوای ئـەم دەروازیــە ئینجا چەند تایبەتمەندی و سیفاتێکیان دەخەمە ڕوو، لەوانە:

١-نەبان: ئەوئاژەڵەی کە بێچووی خۆی ناناسێتەو و لێی دەدات، ئەم زاراوەیەش تەنها بۆ ئاژەڵە شیردەرەکان بەکار دێت.

٢-خۆمژ: ئەو ئاژەڵانەی کە شیری خۆیان دەمژنەوە، ملی خۆیان دەسووڕێنن و گوانی خۆیان دەمژن، زۆرجار زەمبیلەیەك یان تەنەکە، یان شتێکی لوولەیی لەملی مانگاکە دەکرێ بۆئەوەی نەتوانێ ملی بسوڕێنێتەوە، هی بزنیش زۆرجار جۆرکە بەگوانەکانییەوە دەخرێ و دەبەسترێ، زۆر جاریش بزمووك لەدەمی کیسکەکەی دەخـەن بـۆئـەوەی نـەمـژێ، ئـەو جـۆرکـەیـەش بۆچەند مەبەستێك لـەگوانی بـزن دەخـرێـت: بـۆئـەوەی ئەگەر خۆی بمژێ نەتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدات، یان تاوەکو کاریلەکەی شیرنەمژێ، یان کاتێ گوانی بزنەکە پڕشیربوو، بەتایبەتی لەبزنی شامی دا ئەوا جۆرکەی پێوە دەخرێ بۆئەوەی لـەزەوی نەخشێ و بـەدڕك و داڵ نەکەوێت و بریندار نەبێت.

٣-شیراو شیر(بەدۆ): بۆ ئەو مانگایانە بەکاردێ، کە لەوەختی زانییەوە تاوەکو جارێکی تر دەزێتەوە شیری دەبێت، بەڵام هەندێ مانگا دوای ئەوەی کەڵ دەخوات و ئاوس دەبێت و چەند مانگێکی دەمێنێ بۆئەوەی بزێ، شیری نامێنێ، یان ملومۆ دەکا و لەقە دەوەشێنێ و شیر نادات، یان شیرەکە دەگرێ، کابانیش ناچارە، دەستی لێبەربدا تاوەکو دەزێ، هەڵبەتە، کەزا یەکەم جاری کە دەدۆشرێ شیرەکەی ڕەنگێکی زەردی چەوری دەبێ پێی دەڵێن: ژەگ، گۆلکەکەی لەبن ڕادەگرن و گوانێکی دەخەنە دەمییەوەو سەرەتا بەهێواشی دەمژێ، دەڵێن: مێوژۆکەی کرد، ئینجا دوای تێپەڕبوونی حەفتەیەك باشتر دەمژێ و حمرکان لێدەدا، حمرك لێدان: ئەوەیە کۆلکەکە سەری لەبن سکی دایکی دەنێ و لەکاتی مژین کەلەی سەری لەگوان و سکی داکی دەدا بەزمانی جەستە پێی دەڵێ: خۆت شلکە و شیری زیاترم دەوێ. یەکەم ڕۆژ دوای ئەوەی کۆلکەکە تێر ژەگی خواردەوە، ئینجا مانگاکە دەدۆشرێ و ژەگەکە دەڕێـژن، بەڵام بۆڕۆژی دوایی شیرە مەیلەوزەردەکە، کە ڕێـژەی ژەگی تێداماوە دەکەنە فرۆ، واتا تا چوار پێنج ڕۆژ دەبێتە فرۆ، ئینجا وردە وردە ڕوون دەبێتەوەو ڕەنگی سپی دەبێت و دەبێتە شیر و ئەوکات بۆئەوە دەست دەدا کە لە شیرەکە ماست و پەنیر و...لێبەرهەم بهێرێت.

٤- گۆلەمێ . کۆلەمێژ: خۆی لە (گۆلکە مژ)یان (گۆلە مژە)وە هاتووە، بەرلەوەی مانگا بدۆشرێ، گۆلکەکەی تێبەردەدرێ بۆئەوەی هەندێ گوانەکانی بمژێ، ئینجا گۆلکەکە دەبەسترێتەوە و کابان دەست دەکا بەدۆشین، بەشی کۆلکەکەش دەهێڵدرێتەوە، دوایی دیسان تێی بەردەدرێتەوە، هەندێ مانگا شیرەکەی خۆی دەگرێ و بەری نادا، پێی خۆشە سەرجەم شیرەکەی بۆ گۆلکەکەی

بمێنێتەوە، جا کابان ناچار دەبێ گۆلکەکە لەبەردەم مانگاکە ببەستێتەوە بۆئەوەی مانگاکە بخافڵێنێ و دەست بکا بەلێستنەوەی کۆلکەکەی و کابانیش مانگاکە بدۆشێ، جاری واش هەیە مانگاکە بەوەش ڕازی نابێ، ناچار گۆلکەکەی تێبەردەدەن، گۆلکەکە لەلایەکەوە دەمژێ و کابانیش لەلایەکەی ترەوە خێرا خێرا دەیدۆشێ، هەندێ مانگاش تا قاچەکانی نەبەسترێ شیر ناداتە کابانەکەی و لەقە دەوەشێنێ، هەندێ مانگاش تەنها شیر دەداتە کابانی خۆی، باێڵێ کەسێکی تر بیدۆشێ. هەندێ مانگاش بۆخۆی چیڕدۆیە: واتا کونی گوانەکانی تەسکن و شیرەکە بەزەحمەت دێتەدەرەوە، هەندێ مانگاش هەیە خۆش دۆیە: واتا کونی گوانەکانی فراوانترن و شیرەکەی بە فیز دێتەدەرێ، زۆرجاریش ئێواران کاتێ گوانی پڕشیر دەبن قەترە قەترە شیر لەگوانەکانی دادەچۆڕێ. هەندێ مانگاش فێر بووە تاوەکو کابانەکەی گۆرانی بۆنەڵێ شیری ناداتێ، کاتێکیش کابان گۆرانی بۆدەڵێ ئەوا مانگاکە خۆی شل دەکات و شیری دەداتێ، یەکێك لەو گۆرانیانەی کە لەکاتی مانگادۆشیندا بۆمانگا دەوترێ، ئەوەیە:

توێ توێ توێ

چێرە جوانێ،

شیربدە کابانێ.

توێ توێ توێ

چێرە زەردێ،

شیربدە کابانێ ڕەندێ.

توێ توێ توێ....

شێوەی دووبارە بوونەوەی (توێ توێ...)هەروا ناوترێ، لەرانەوەی لێوەکانیشی لەگەڵ دایە، بەتایبەتی لەدەنگەگانی(تو)دا هەستی پێدەکرێ، واتا نەبرەیەکی بەهێز دەخرێتە سەر ئەم دوو دەنگە.

٥- تەڕەزەن و کەندۆ(کەمدۆ): ئەومانگایەی تازە زابێ، پێی دەڵێن مانگای تەڕەزەن، واتا زۆر لەمێژ نییە زاوە، ئەوا ڕێژەی شیرەکەی زۆرە، بەڵام ماستەکەی باش نییە، چونکە ڕێژەی ئاوی زۆر تێدایە، بەڵام کەندۆ(کەمدۆ):ئەوا ئەو حاڵەتەیە کەمانگاکە ماوەیەکی دوور و دێژە زاوە و کەڵێ خواردۆتەوە و شیرەکەی کەم بۆتەوە، کە ڕەنگە سێیەکی جاران بێ، بەڵام خەست بۆتەوە، کاتێ کە هەوێن دەکرێ ماستێکی کەم ئاو و خۆشی دەبێ. هەڵبەتە جۆری مانگاکە و جۆری عەلەف و لەوەڕگا کاردەکاتە سەر جۆری شیرەکەی، مانگا هەیە ماستەکەی بەتامترە لەمانگایەکی تر، ئەوکاتانەی عەلەف و کا و شتی وشکە دەخوات ئەوا شیرەکەی چەورتر و خەسترە، کاتێکیش کە گیا شلکە و کاڵ نەبوو دەخوات، ئەوا شیرەکەی ڕێژەی ئاوی زۆرترە، کاتێکیش کە گیا نێردەبێ، واتا تەواو کاڵ دەبێ، ئەوا ڕێژەی ئاو لەشیرەکەیدا کەمتر دەبێتەوە.



بەردیلە زا و بەرخۆڵەکانی

# کەپر، ماڵە کاتییەکەی دەشتودەری کوردەواری



ئا: هەناسە کۆیی

لەگەڵ هەموو پێشکەوتنەکانی بواری خانووبەرە و نیشتەجێبوون و خانووی سەفەری و کابینە و چادر و ڕەشماڵ و خانووی وەختی، بەڵام هێشتا کەپر بۆتە شوێنی نیشتەجێبوونی زۆرێك لەخێزانەکان و هێشتا بەشێکی زۆری ئەو خێزانانەی کە یان خەریکی ئاژەڵدارین یاخود بەکاری ڕەزوباخەوە خەریکن، ساڵانە لەچوار مانگ تا شەش مانگ لەئاقارەکان و ناو پەرێز و کەنار رووبار و بنارەکان لەناو کەپر ژیان دەگوزەرێنن.

*چۆنیەتیی دروستکردنی کەپر (سابات)

کەپر، کە لەزۆر ناوچەی کوردستان (سابات) یشی پێدەگوترێ، چەندان جۆری هەیە، پێکهاتەی کەپریش بەپێی ناوچەکە و دەستکەوتنی کەرەستەکان و شارەزاییی خاوەن کەپرەکە و ماوەی مانەوەی ماڵەکە لەناو کەپرەکە دەگۆڕێ.

سمکۆ حاجی برایم، کە لەئێستادا ماوەی چەند مانگە بەهۆی ئاژەڵدارییەوە لەنێوانی هەرمۆتە و زەوییە سپی لەباکووری ڕۆژئاوای کۆیە لەناو کەپر دەژین، لەو بارەیەوە گوتی: هێشتا کەپر یەکێکە لەپێویستییەکانی ژیانی بەشێك لەخەڵك و دروستکردنی کەپریش شارەزاییی خۆی دەوێ، چونکە هیچ بناغە و دیواری نییە و هیچ باگێڕەوەکیشی نییە، بۆیە دەبێ سەرەتا شوێنی کەپرەکە دەستنیشان بکرێ، کە دەبێ شوێنەکەی تەخت بێ، ئینجا قەبارەی کەپرەکە لە شێوەی گەورە

و بچووکی، دیاری بکرێ و سمتەك یان داردوو گوێیەکان بەتوندی بەهۆی پەلوکە بەردەوە لەزەوی بچەقێنرێ، دواتریش دارەڕێ بکرێ، کە زۆربەی جار دارەکانی دارەڕێ یا دەستەکی دار ئەسپیندارن و دوای دارەڕێش نۆرەی سەرگرتن دێ، کەپێی دەگوترێ (هەراش)، زۆربەی جاریش لەو ناوچانەی کەداری بەڕوو و مازووی هەیە، سەرگرتنی هەراشی کەپر بەچرو دەبێ، واتا بەگەڵای سەرەچڵی داربەڕوو و دارمازوو، چونکە گەڵای ئەو دارانە کە بەشینی بڕدرا زۆر قایمە ئیتر ناوەرێ و بەرگەی ڕەشەبای زۆر دەگرێ و سێبەرەکەشییان چڕوپڕ دەبێ.

(مەحەمەد مەنتك) یش، کە ماوەی چەند ساڵێکە و ساڵانە نزیکەی شەش مانگ لە ئاقاری گوندی جەلیی سنووری کۆیە، لەگەڵ ژمارەیەك ماڵی تر دەچنە هاوینە کەپران و ژیان لەناو کەپر بەسەردەبەن، باسی لەوەکرد کەپرەکان بەپێی زۆر و کەمیی خێزانەکان دروستدەکرێن و دەبێ بەشێوەیەکیش بێ خۆی لە بەر تۆز و با بگرێ و بەرگەی ئەو ماوە بگرێ کە تا نزیك بارانی پەڵەیە.

(خاتوو ڕەیحان یاسین) یش دەڵێ: دوای تەواوبوونی ساباتەکە ئەگەر پێویست بێ ئەوا جیخ، یان پەرژینی لەبن ساپیتەی کەپر وەردەهێنرێ و زۆرجاریش گەر جیخ نەبێ هەر بە چرو یان گیا و قەڕام چواردەوری سابات دەگیرێ، بۆ ئەوەی تۆز و خۆڵ نەچێتە ژێر ساباتەکەوە و گوتیشی بەشی میوان و خێزان دەکرێ لێك جیابکرێتەوە. کەپری بچووکیش بۆ پێویستییەکانی تر دروستدەکرێ.

*جۆرەکانی سابات ( کەپر)

لەمێژوودا کەپر چەندان جۆری هەبووە، لەدروستکردن و لەبەکارهێنان و پێویستیی کاتی.

(مام تەها)، کە ساڵانێکە لەهەولێر دادەنیشێ، گوتی: جاران زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندنشین لە وەرزی هاوین لەگوندەکانیان دەچوونە دەرێ و کەپریان دروستدەکرد، کەپێی دەگوترا هاوینە کەپر، ئەوەش بۆ ئەوە بوو ماوەی چەند مانگێك لەناو خانووەکانیان بچنە دەرەوە و هەوایەکی تر وەرگرن و تا کاتی بارانبارینی سەرپەڵەش نەدەگەڕانەوە ناو گوند و خانوو. گوتیشی بەپێی بوونی دار و درەخت کەپر دروستدەکرا، ئەو ناوچەی کە داری بەڕوو و مازو و ئەسپینداری نەبووبا، ئەوا سوود لە داری تری قەڕام قامیش وەردەگیرا،بەپێی قسەی مام تەها بێ زۆربەمان گەرخۆشمان لەناو کەپر نەژیابین ئەوا باوك و باپیرمان بەشێکی ژیانییان لەناو کەپر بەسەر بردووە.

دیارە جگە لەکەپری خێزانی چەندان جۆر کەپر هەن وەك کەپری ڕەزەوانەکان، کەپری بێستانەوان، کەپری تایبەت بە پەلەوەر و ئاژەڵ، کەپری تایبەت بەزەخیرە و ناندین و کەپری کوندەڵان و بەودوایەش جۆریکی تر لەکەپر هاتە ئاراوە، ئەویش کەپری کرێیە لەسەیرانگە و ناوچە گەشتیارییەکان.

*کەپر لە وێژە و هونەری کوردیدا.

لە زۆربەی لقەکانی وێژە و هونەری کوردیدا، ناوی کەپر ئامادەییی هەیە و هەمیشەش کەپر بە نیشانەی خۆشی و ژیانی سادە و جوانی دانراوە.

لەپەندی کوردیدا دەڵێ: (چ کەپری بۆ بکەی، چ کەپری تێکبدەی لای وەك یەکە)، یان دەڵێ: (ماڵ باریان دەکرد، بلە کەپری دروستدەکرد).

لەحەیرانی کوردیشدا، جوانترین کەپر بۆ یارەکەی لەسەری چیای سەفین دروستدەکات، لەسۆتگە خاسە ڕەنگ و خەنە و ڕەشەڕیحان و گوڵ. لەگۆرانیی فۆلکۆریشدا هاتووە کەپرێك بۆ یارەکەی دروستدەکات لەقولەی دەربەندی، دەچێتە لای بووکێ بەزاوابەندی. یان گوتراوە: (کەپرێکت بۆ بکەم بەگوڵەشیلانێ، ڕۆژ خۆی لێبدە و سەر لەسبیانێ، لەبنی دانیشین کەس پێنەزانێ).

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کەناوی (سابات) بۆتە ناوی زۆرێك لەکچان هەر لە (سابات) ی کەپر وەرگیراوە.

# کارگەچییەتی (لبادچی) لە کۆیە



ئا: دێدەوان یەعقوب

مێژووی پیشەسازییە بچووکەکان و دەستکردەکان لە کوردستاندا، مێژوویەکی دەوڵەمەندەو بەپێی تایبەتمەندیی شار و ناوچەکانیش ئەوجۆرە پیشەسازییانە جیاوازییان هەبووە.

ڕەنگە شاری کۆیە، بەبەراورد لەگەڵ زۆرێك لەناوچەکانی تر، لەڕابردوودا زۆرترین پیشەکار و کارناس و کاری دەستیی هەبووبێ، لە ئاسنگەر و زێڕنگەر و ناڵبەند و دەباغ و سۆلدرو و پینەدۆز و دارتاش و خومچی و بەرگدرو و وەستای جۆراوجۆر و زۆری تر، کە هەریەکەیان لە گوزەرێکی تایبەتی بازاڕدا ئەوکارەی کردووە، کە هەم خزمەتیان بەسنوورەکە و شاری کۆیە گەیاندووە و هەمیش هونەری پیشەسازی و توانا و دەستڕەنگینیی خۆیان سەلماندووە.

لبادچنین، پیشەیەکی کۆنی کۆیەیە، بەڵام بەرەو کزبوون دەچێ. یەکێك لەو پیشانەی لە کۆنەوە لەکۆیە باوبووە و لە ئێستاشدا هەیە،پیشەی لبادچیەتییە کە (کارگەچی) مێژوویەکی دووری هەیەو چەندان بنەماڵە لەوشارە بەو

پیشەیە دەناسرێنەوە و یەکێکیش لەو وەستایانەی کەتا ئەمڕۆش دەستبەرداری ئەوپیشەیە نەبووە و وەك خۆشی دەڵێ بڕیاریشی داوە تا لەژیاندابێ دەستبەردار نەبێ، وەستا (عەبدوڵڵای لبادچییە).

وەستا عەبدوڵا، کە لەنهۆمی دووەمی کۆنە خانی مەلا یاسین لەقەیسەرییەکانی شاری کۆیە دەیان ساڵە خەریکی پیشەی لباد (کارگە) چیەتییە، دەڵێ من لە باپیرمەوە ئەوپیشەیەم بۆ ماوەتەوە، واتا لەحاجی عەلی سەمەدی باپیرمەوە ئەوپیشەیەم بۆ ماوەتەوە و دوای ئەویش (ساڵح) ی باوکم فێری ئەوکارە بووە و ئێمەش سێ برابووین بەناوەکانی (سەمەد) و (عەلی) و من، هەرسێکمان ئەو پیشەیە فێربووین و لەئێستادا تەنیا من ئەو کارە دەکەم، و هەستدەکەم هەر کاتێك من توانام نەما ئەو پیشەیە لە بنەماڵەی ئێمەدا کۆتایی دێ.

وەستا عەبدوڵا گوتیشی جگە لەمن تەنیا یەك وەستا ماوە ئەو کارە دەکات و لەزۆربەی شارەکانی تریش ئەوپیشەیە هەرنەماوە.

ئەو ڕوونیدەکاتەوە کە لەدایکبووی(١٩٤٥) ە و لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە ئەو پیشەیە دەکات. ئەوەی بەبیری بێ وەستای زۆر باشی وەکو حاجی کەریم و مەلا کاکە و حاجی عەباس هەبوون لەکۆیە کە شارەزا بوون لەلبادکردندا، بەڵام کەسیان لەژیاندا نەماون و پیشەکەیان کۆتایی هاتووە.

*تەنیا یەك گۆڕانکاری لەدروستکردنی لبادا.

هەرچەندە تەکنەلۆژیای زۆر لەچەندین بواری پیشەسازییەوە هاتۆتە ئاراوە و زۆربەی پیشەکانی کوردەواری گۆڕانگارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام پیشەی لباد دروستکردن تەنیا یەك جۆر گۆڕانکاری بۆ ئاسانکردنی کارەکە بەسەردا هاتووە، ئەویش پەڕەکردنی خورییەکەیە. وەستا عەبدوڵڵا دەڵێ: ساڵی ١٩٦٩ بیستمان ئامێرێك بۆ پەڕەکردن هاتۆتە عێراقەوە، ئێمەش چوینە بەغدا و ئەو ئامێرەمان کڕی و لەو کاتەوە کاری پێدەکەین،چونکە پێشتر بە (کوتك و کەوان) پەڕە دەکرا،بەڵام ئەو ئامێرە ئاسانکاریی زیاتری بۆ کردووین، دەشڵێ لەوە بترازێ هیچ گۆڕانێك بەسەر قۆناغەکانی کاری لبادچییەتیدا نەهاتووە.



قاپووتی بە کڵاو

## *قۆناغەکانی دروستکردن:

دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو خورییەی بۆ لباد دروستکردن بەکاردێ، دەبێ لوابێ، کەلەهەندێك ناوچە پێی دەگوترێ (بەرگن)، واتا خوریی بەرخ بێ، چونکە خوریی مەڕ و بەران بەکەڵك نایەت و یەك ناگرێ،وەك لوا نەرم نییە، ئەو لوایەی بۆ ئەو کارانە دەست نیشان بکرێ، دەبێ پێش بڕینەوەی بەرخەکە بشورێ، بەپێچەوانەی خورییەکانی تر کە بۆ ڕستن وچنین بەکاردێن کەدوای بڕینەوەیان دەشۆردرێن. لوای لباد و بەرهەمەکانیتری هاوشێوە دەبێ ئەو کاتە بەبەرخەکەوەیە بشورێ و دوای بڕینەوەی لواکەش ئینجا پاگژ دەکرێتەوە، دواتر پەرە دەکرێ، واتا شیدەکرێتەوە، پاشان ڕادەخرێ. پێش قۆناغی ڕاخستن دەبێ بەپێی پێویست لواکە ڕابخەی، واتا ئەگەر بۆ لاکێش بێ یاخود بۆ لباد بێ یان بۆ فەرەنجی و قاپووت و کەپەنك و هیزەدان و سەرکڵاو یان بنکڵاو بێ، بۆ هەریەك لەمانە بەقەدەر گەورە و بچووکییەکەی لواکە ئامادە دەکرێ، بۆ نموونە وەك وەستا مەحەمەد مەلا کاکە گوتی: بۆ لباد لە دوو کیلۆ بۆ پێنج کیلۆ لوای دەوێ، بۆ کەپەنگ لە سێ تا هەشت کیلۆی دەوێ واتا هەمووی بەپێی پێویستی خاوەنەکەیەتی و دوای ڕاخستن و بەشانەی بچووکی دار ڕێکدەخرێ و ئاوڕشێن دەکرێ و قۆناغی پەستانەوە واتا بەگەڕخستن دەست پێدەکات، کە بریتییە لە لولدانی لواکە لەناو ڕایەخێك و بەستانی بەگوریس و پەستانەوەی بەپێلەقە،ئەویش دوو بەشە جاری یەکەم نیو کاتژمێر دەخایەنێ و جاری دووەمیش ڕەنگە ماوەی پێنج کاتژمێر بخایەنێ تا تەواوی لواکە بەرگەڕ دەکەوێ.




قاپوتی بێ کڵاو

## *هونەری هێڵکاری لەلباددا:

هەموو لباد و لاکێشێك لە ڕووی سەرەوەی واتا ڕووی دانیشتن چەندان نەخشی گۆشە گۆشەی تێکەڵی تێدایە، کە ئەو نەخشانەش هەر بە لوا کراون. وەستا عەبدوڵڵا دەڵێ: دەبێ سەرەتا پێش ڕاخستنی لواکە، ئێمە لوای نەخشەکان دابنێین کە هەندێکییان ڕەنگی سروشتیی خۆیانە بەتایبەتی ڕەنگی ڕەش، هەندێکیشیان ڕەنگکراون. دوای دانانی نەخشکردنەکە ئینجا لوای لبادەکە یان لاکێشەکە دادەنرێ و دوای پەستانەوەش نەخشەکان وەك خۆیان دەردەچن و هەندێجار وێنەو مێژوو و ژمارە

و ناویش بەشێوەی نەخشاندن دەنووسرێن لەسەر لبادەکان، ئەوەش بە ویست و داواکاریی کڕیارەکە دەبێ کە لبادەکە بەڕادان واتا بەکردن دەدات.

وەستا محەمەدیش کەبەهەمان شێوەی وەستا عەبدوڵڵا لەبەشێکی تری ئەو کۆنە خانە کار دەکات دەڵێ: بۆ کەپەنك و قاپووتیش زۆرجار ڕەنگی جیا دادەنرێ، بەڵام تەنیا ڕەنگی سروشتی، بۆ نموونە ڕەنگی کەپەنکەکە سپییە سەر شانەکانی ڕەش دەکەین بەلوای ڕەش. زۆرجاریش دوو ڕەنگی لوا بەکاردێت ڕەنگی بۆر بۆ ناوەوەی و ڕەنگی سپیش بۆ ڕووی دەرەوە دەبێ.

## *چەند تایبەتمەندییەکی بەرهەمی کارگەچییەکان:

یەکێك لەتایبەتمەندیی بەرهەمی لبادکەرەکان ئەوەیە کە دروینی تێدا بەکار نایەت، واتا لباد و لاکێش و قاپووت و کەپەنك و فەرەنجی و هیزدان و بەرلێفە، هیچیان دەرزی و درومانییان بۆ بەکارنایەت و تەنیا بەپەستانەوە دروستدەکرێن، ئەمەش شتێکی دەگمەنە، چونکە هەموو جلوبەرگ و ڕایەخێك تەقەڵ و بڕین و درومانی بۆ بەکاردێ.

تایبەتمەندییێکی تر لەو بەرهەمانەدا ئەوەیە کە ئاو دانادەن، بۆیەش شوانەکانی کوردستان هەمیشە قاپووت و کەپەنك و (فەرەنجی)ی لبادیان لە وەرزەکانی سەرماو باران لەبەر کردووە و زۆرجار بەدرێژاییی ڕۆژ باران لێیداون، کەچی جلەکانی ژێرەوەیان تەڕ نەبووە، چونکە لەلایەك مادەی خوری ئاودانەدەرە و گەرمیشە، لەلایەکی تریش بەهۆی زۆر پەستانەوە و چوونە باریەکی خورییەکە هێندە توند دەبێ وا دەکات ئاو دانادا.

## *کڕیارانی ئێستای بەرهەمی لبادچییەکانی شاری کۆیە.

هەر وەك ئەو دوو وەستایەی دروستکردنی لباد لەکۆیە ڕوونیان کردەوە، ئێستا کڕیاری ئەو بەرهەمانە زۆر کەمبووە،تەنیا ئەو کەسانەی دکتۆر بۆیان دەنووسێ کەلەسەر لباد بخەون، ئەوان داوای دروستکردنی لباد دەکەن و هیزەدانیش هەر نەماوە و پەتووی لبادیش بەکار نایە و زیاتر لەئێستادا کەپەنك و قاپووتی شوانەکان دروستدەکرێ و کڕیارەکان لە کوێستانەکان و لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆ کڕینی دێنە کۆیە و جارجاریش سەر کڵاو و هەندێجاریش بن زینی وڵاخ دروستدەکرێ.

## ئەوەی ئێمە لەمیانەی ئەوبابەتە پێی گەیشتین:

ئەو پیشە خۆماڵییە بەرەو نەمان دەچێ،چونکە هەموو بەرهەمی خوریی خۆمان بە کاڵای دەرەوە جێگرەوەیان بۆ پەیدا بووە.

## *سەرنجێکی پێویست.

هەرچەندە تەنیا بەلبادی ڕاخستن دەگوترێ لباد، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە لەخوری و لوای پەستراوە لای کارگەچییەکانەوە دروستدەکرێن، پێیان دەگوترێ لە لباد دروستکراون، بۆیەش کاتێك وەستایەك باس لە قۆناغەکانی دروستکردنی لباد دەکات، واتا هەموو ئەو شتانەی لەلباد دروست دەکرێن،لە دروستکردندا هاوشێوەی کارن.

# کلتوور و شانۆ

# ٢-٢





کەیفی ئەحمەد *

سەرهەڵدانی شانۆی تراژیدی یان (تراژیدیا)، بۆ سەدەی شەشەمی پێش لەدایکبوون دەگەڕێتەوە ، کە لە وڵاتی گریك و لەسەردەستی نەتەوەی گریکییەوە سەریهەڵداوە، پاش ئەوەی کە نزیکەی سەد ساڵ بەسەر ئەو لەدایکبوون و سەرهەڵدانەدا تێدەپەڕێت، ئەو ژانرە ئەدەبییە نوێیە زیاتر گەشەدەکات و پێشدەکەوێت و فراوان دەبێت، ئەو پێشکەوتنەش دوای ئەوە هاتووە، کە زانای بە ناو و دەنگی گریکی ( ئەرستۆ)، داب و دەستوور و یاسا و رێسا و بنەمای بۆ ئەو ژانرە ئەدەبی و هونەرییە دانا، لە دووتوێی کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی (هونەریی شیعر) یان (پۆیەتیکا)، (کە دەڵێین ئەدەبی و هونەریی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یاساکانی (ئەرستۆ) بۆ هەردوولایەنی نووسین و نمایشی تراژیدیاکان بوونە، چونکە پڕۆسەی نووسین و دەقی تراژیدیا کە دەچێتە چوارچێوەی بواری ئەدەبییەوە، بەڵام پڕۆسەی نمایشکردنی ئەو دەقانە لەسەر تەختەی شانۆ، ئەوا دەچێتە قۆناغێکی دیکە، کە ئەویش بواری هونەرییە، هەرچەندە لەو کات و سەردەمەدا بەزۆری وا باوبووە، کە نووسەرەکان بۆخۆیان دەبوونە دەرهێنەری دەقەکانی خۆیان، کە ئەمەش زیاتر خزمەتی کارەکانی دەکرد، چونکە زۆر شت هەبووە زیاتر بۆخۆی تێیگەیشتووە و توانیویەتی لە قۆناغی نمایشدا روونی بکاتەوە و پیشانی بدات)، کە دەشڵێین ژانری نوێ لەبەر ئەوەیە، چونکە پێش تراژیدیا ژانری دیکەی ئەدەبی لە مەیداندا هەبووە، کە

داستان و شیعری لیریکی بوو، کەواتە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی تراژیدیا دەکەوێتە دوای شیعری لیریکی و داستانەکان، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو دەقە تراژیدییانە بەزۆری پشتیان بە روداو و پاڵەوانی مێژوویی و کلتووری بەستبوو.

لێرەدا دەمانەوێت ئاورێک لە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی دەقی شانۆی کوردی و تراژیدیی کوردی بدەینەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بزانین تاچەندە ئەو داب و دەستور و بنەمایانەی تێدا رەچاوکراوە. دیارە کە بەرلەوەی دەقی نووسراوی شانۆی کوردی لەدایک ببێت، بەجۆرێک لە جۆرەکان شێوەیەک لە نمایش و شانۆ هەبووە، کە لە بۆنە و مەراسیم و ئاهەنگەکاندا نمایشکراون، بەڵام دەقێکی نووسراوی ئەو نمایشانە لەبەردەستدا نییە و تەنها بۆ ئەوکات و نمایشە ئامادەکراون، دیارە ئەو نمایشانەش هەردوو جۆرەکەی لەخۆ گرتووە، (تراژیدی و کۆمیدی)، بەڵام شێوە کۆمیدییەکە زاڵتر بووە، چونکە زیاتر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بووە، بەڵام کاتێ یەکەم دەقی شانۆیی نووسراوی کوردی لەدایک دەبێت، ئەو دەقە زیاتر لە شێوازێکی تراژیدی خۆی دەردەخات و پشتیش بە کلتووری کوردی دەبەستێت و ئاوڕ لە مێژووی کۆن دەداتەوە، ئەو دەقەش لە ساڵی ١٩١٩ لەلایەن (عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری)یەوە نووسراوە، لە گۆڤاری ژین لە ئەستەمبوڵ، بەناوی(مەمێ ئالان) بڵاوکراوەتەوە، هەر لە ناونیشانی دەقەکەدا بەدیار دەکەوێت کە روداو و پاڵەوانێکی مێژوویی و کلتووری کوردی وەبیر خوێنەر و بینەری دێنێتەوە، هەرچەندە هیچ پەیوەندی بە داستانی مەمی ئالانی فۆلکلۆرییەوە



ئەرستۆ

نییە، پێدەچێ زیاتر بۆ رەواجدان بێ بە پاڵەوان و روداوەکە و وەبیرهێنانەوەی ئەو بابەتە کلتووری و مێژووییە بێت، کە باس لە ماڵێکی کوردەواری دەکات، کە ژن بۆ کوڕەکەیان دەگوازنەوە، بەڵام هەر لەو رۆژەدا شەڕ رودەدات، ئەویش وەکو ئەرکێکی دینی و نیشتیمانی بۆ شەڕەکە دەچێت و بووکی تازە بەجێدێڵێ. دوای ئەوەی ماوەیەکی پێدەچێت و هیچ هەواڵێکی نابێت، شەوێک بەدرەنگانەوە دەگەڕێتەوە بێ ئەوەی کەسێک لە ماڵەوەیان ئاگادار بێت و ئەویش کەس خەبەر ناکاتەوە و ئاگاداریان ناکات، یەکسەر دەچێتە ژێر لێفەی ژنەکەی و دەخەوێت، چونکە زۆر ماندووی رێگا بووە، کاتێ دایکی خەبەری دەبێتەوە دەبینی کەسێک لەگەڵ بووکەکەی خەوتووە، ئەویش وادەزانێت کە بووکەکەی خیانەتی کردووە، بۆیە بە بێدەنگی دەچێت خەنجەرێک دێنێ و کەسە خەوتووەکە دەداتە بەر خەنجەران، کاتێ لێفەکە لادەبات دەبینێ




**مەم و زین**

ئەوە مەمۆی کوڕیەتی، جا لێرەدا دیمەنی تراژیدیاکە دەگاتە چڵەپۆپە و دایك و بووکەکە دەست دەکەن بە شین و رۆڕۆ و لاڵانەوە و پیاهەڵدان بەشێوەیەکی تراژیدیانە، لێرەدا بەتەواوی تێکەڵی دابونەریت و کلتوور و فۆلکلۆری کوردی دەبێت و مەراسیمی شین و نەریتی کوردی رەنگدەداتەوە. هەروەها دوای ئەوە پیرەمێردی شاعیر دێت و چەند دەقێکی وەکو( مەم و زین ١٩٣٢، مەحمود ئاغای شێوەکەل ١٩٣٦، شەریف هەمەوەند ١٩٣٧) دەنووسێت و بڵاویاندەکاتەوە، کە هەر هەموویان لە روداوانی مێژووی کوردی وەرگیراون و روخسار و ناوەرۆکێکی تراژیدییان هەیە و سودی لە مێژوو و کەلەپوور و فۆلکلۆر وەرگرتووە. هەروەها یەکێکی دیکە لە دەقە سەرەتاییەکانی شانۆی کوردی، بریتییە لە شانۆیی (هەڤەند)ی (میر جەلادەت عالی بەدرخان)، کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە ژمارە(٢٠)ی گۆڤاری (هاوار) لە شام بڵاوکراوەتەوە، کە دەقێکی مێژووییە و باسی مێژووی خەباتی سیاسی و واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نەتەوەی کورد لە بەشی باکوری کوردستان دەکات. دیارە ئەو دەقەش ناوەرۆکێکی تراژیدیی هەیە، چونکە باس لە مەرگەسات و روداوە تراژیدییەکەی شۆڕشی ئاگری داغ دەکات. ئەگەر سەرپێیی ئاوڕێك لەو دەقە نوسراوانەی شانۆی کوردی بدەینەوە ئەوا بۆمان رووندەبێتەوە، کە هەموویان پشتیان بە مێژووی نەتەوەکەمان و بە دابونەریت و کلتوور و فۆلکلۆر و مەراسیم و لایەنی رۆحی و دەروونی و... هتد نەتەوەکەمان بەستووە، بۆ نموونە هاوکاری و هاوخەباتی لەنێوان چینەکانی نەتەوەکەمان لەپێناوی بەرەنگاری و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنان، هەروەها رۆڵی ژنی کورد و هاوکاریکردنی باوك و برا و هاوسەرەکەی لە کاروباری رۆژانە و مەیدانی شەڕ و بەرخوداندا، هەروەها نەفرەتکردن لە خیانەت و خیانەتکاران. ئەمانە هەموویان خوو و نەریتی کوردانن و لەو دەقانەشدا رەنگیانداوەتەوە، بەوەش شانۆ دەبێتە رەنگدانەوەی کلتوور و فۆلکلۆری نەتەوەکەمان، دیارە ئەوەش خەسڵەتی فۆلکلۆرە هەر وەك (دکتۆر عیزەددین مستەفا)دەڵێت: دەتوانین بڵێین کە فۆلکلۆری کوردی،

زۆر شتی لە روخساری ژیانی گەلی کورد بۆ پاراستوین، گەلی کورد داهێنەری فۆلکلۆرەکەیەتی و زۆر لە روخسارەکان و تایبەتمەندییەکانی خۆی رژاندۆتە نێو ئەو فۆلکلۆرە، وەکو راستگۆیی و پیاوەتی و رووداوە گەورەکانی لە ژیانیدا روویانداوە، ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییە بناغەیەکی پتەوی دامەزراندنی ئەدەبی هاوچەرخی کوردییە، شاعیرە واقیعییەکانی کورد لە شێوە و شێوازە فۆلکلۆرییەکان و کێشی داستانەکان و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان و جوانیی زمانی پەندەکانی پێشینان وەرگرتووە و گوزارشتی پێکردوون و بەکاریهێناون لە ئەدەبە نووسراوەکەیدا. واتە لەدایکبوونی شانۆی نووسراوی کوردی شێوازێکی تراژیدیی هەبووە، بەوەش خۆی لەگەڵ شانۆی جیهانی دەگونجێنێت، جا ئەو لێکچونە بەرێکەوت یان بە پلان و مەبەست بووبێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، کە شانۆی نووسراوی کوردیش وەکو شانۆی جیهانی بە تراژیدیا و هەڵقوڵاوی کولتوورەکەمان لە دایکبووە. تایبەتمەندییەکی سەرنجراکێش لەو دەقە شانۆییە سەرەتاییانە ئەوەیە، کە هەموویان بەناوی پاڵەوان یان کەسێتییەکانە، (مەمێ ئالان) ناوی پاڵەوانی سەرەکیی دەقەکەیە، (مەم و زین) بەناوی هەردوو پاڵەوانە سەرەکییەکەیە، (مەحمود ئاغای شیوەکەل) بەناوی پاڵەوانی مێژوویی و سەرەکیی رووداو و دەقەکەیە، (هەڤەند) بەناوی یەکێك لە کارەکتەرە مێردمنداڵەکانی نێو دەقەکەیە.

گومانی تێدانییە کە هەموو بابەت و دەقێکی ئەدەبیی کۆن و نوێ پەیامێك لەخۆ دەگرێت و لەپێناو خستنەرووی مەبەستێکە، هەر لەو روانگەیەشەوە هەموو دەقێکی شانۆی تراژیدیش لە پەیامێك پێکدێ، ئەو پەیامەش وێنای دەقێك لەخۆ دەگرێت، کە گوتارەکەی لەسەر بنیاتنراوە، کە پێویستە بەشێوەیەك بێت، بتوانرێت لەسەر هەموو ئاستەکان شیکردنەوەی بۆ بکرێت، وەك ئاستی شێوازگەری و ئەدەبی و واتایی و زمانی و...هتد، بەشێوەیەکی گونجاو و لۆژیکی، بەڵام هێشتا ناتوانرێت بە تەواوی لەو دەقە بگەین، ئەگەر رەچاوی ژینگە و ئەو دەوروبەرە نەکەین، کە لێوەی دروستبووە، چونکە ئەو دەوروبەرە رێخۆشکەر دەبێت بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی دەقەکە. دەقە شانۆییە کوردییەکانیش خاوەنی گوتار و پەیامی خۆیانن و لەپێناو ئامانج و مەبەستێك نووسراون و نمایشکراون، وەکو پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی و کۆمەڵایەتی، کە پەیامە نیشتمانییەکە هەوڵدەدات رۆحی وڵاتپارێزی و خۆشەویستیی کوردستان لە دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی ئەو نەتەوەیەدا بچێنێ و هانیان بدات هەرگیز خیانەت لە کوردستان نەکەن و هیچ کاتێ نەچنە بەرەی داگیرکەر و دوژمنانەوە. هەروەها پەیامی نەتەوەییشی ئەوەیە کە هەموو کات شانازی بە نەتەوەکەی خۆی بکات و نەتەوەکەی خۆی بە کەمتر لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان نەزانێ و مافێکی شەرعی و یاسایی و سەرەتاییی خۆیەتی، کە وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی کیانی خۆی بێت. هەروەها پەیامە ئایینییەکەش ئەوەیە کە دەبێ شانازی بە ئایین و بیروباوەڕەکەمان بکەین و لەو پێناوەدا گیانمان ببەخشین. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە چەندین دابونەریتی کوردەواری و کلتووری جوان بە نەوەی نوێ دەناسێنێ و هەوڵدەدات کە بەزیندوویی

بیانهێڵێتەوە و دەستبەرداری خو و نەریت و کلتووره ناشیرینەکانیش بن و خۆیانی لێ بە دوور بگرن.

ئەو ژانره نوێیه (تراژیدا)، له زۆر رووی ترەوه جیاوازبووه له ژانر و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب، بۆ نموونه له تراژیدیادا هەندێ تەکنیك بەکارهاتووه، که تایبەتمەندییەکی زۆری بەو ژانره ئەدەبی و هونەرییه داوه، وەکو بەکارهێنانی ماسك (قیناع)، که ئەو ماسکه نزیکبوونەوەیەکی زۆری بەخشیوه به پەیوەندیی نێوان تراژیدیا و ئەو ئاهەنگه دەمامکپۆش و کەش و بۆنه و رێورەسمه ئایینییەکانی ئەوکات و پێش ئەو سەردەمه، که وەکو نەریتێکی باو لەنێو کۆمەڵی ئەوکات و پێشوودا پەیرەوکراوه، بەڵام ئەو ماسکانەی لەنێو نمایشه تراژیدییەکاندا بەکارهاتوون، لەڕووی ئەرك و مەبەست و سروشتدا، بەتەواوی جیاواز بوون لەو خۆگۆڕینه دینییانەی که بەهۆی ماسکەکانەوە دەکرا، لەبەرئەوەی ماسکی تراژیدیا بریتیبوو له ماسکێکی مرۆڤانه نەك خۆگۆڕین بۆ شێوەی ئاژەڵان، ئەرکەکەشی بەخشینی جوانی و گوزارشته نەك کەش و رێورەسم. هەروەها ماسك بۆ سوودوەرگرتن له زۆر بواری دیکەی نواندن بەکارهاتووه و هاوکاریی رەگەزەکانی تری تراژیدیای کردووه، بۆ ئەوەی بەجوانی ئەرکی خۆیان ببینن. بەڵام ماسك و روپۆش بەو شێوەیه و بەو ئەرکانه و بەو مەباستانه له شانۆی تراژیدیی کوردی هەڵنەستاوه، دەتوانین بڵێین بوونی کەم بووه ئەویش بەهۆی ئەوەی که سەرهەڵدانی شانۆی کوردی زۆر درەنگ کەوتووه، هەتا لەنێو شانۆی جیهانیشدا لەو سەردەمەی که شانۆی کوردی سەریهەڵداوه ئەو شێوازه کاڵ بۆتەوه، ئەوەش بۆ گۆڕانکارییەکانی نێو بواره جیاجیاکانی ئەدەب هونەر و بوارەکانی دیکه دەگەڕێتەوه.

هەموو ئەو دەستوورانەی (ئەرستۆ) بۆ تراژیدیا داینان، وکو هێلی سوور بوون، هیچ نووسەرێك نەیدەتوانی لێیان لابدات و پەیڕەویان نەکات، هەتا ئەو لیژنانەی که وەکو دادوەر هەڵسەنگاندنیان بۆ دەقەکانی بەشداربووی فیستیڤاڵەکانی ئەو کات دەکرد، بەپێی ئەو دەستوورانه مامەڵەیان لەگەڵ دەق و نمایشەکان دەکرد، هەتا ئەو ئاستەی که لیژنەی دەستنیشانکردنی تراژیدییه بەشدارەکان، ئەگەر دەقێك ئەو مەرج و یاسا و دەستورانەی (ئەرستۆ)ی پەیڕەو نەکردبا، ئەوا هەر له سەرەتاوه ماف و شەنسی بەشداربوونی وەرنەدەگرت و دەقەکەی رەتدەکرایەوه. بەڵام ئەگەر ئاوڕ له دەقه شانۆییه تراژیدییەکانی شانۆی کوردی بدەینەوه دەبینین که ئەو دەستورانەی به کەمی تێدا پەیڕەوکراوه، بۆنمونه یاسای سێ یەکێتییەکه (یەکێتی کات، یەکێتی شوێن، یەکێتی بابەت)، بەو شێوەیەی ئەرستۆ داوای کردووه، پەیڕەونەکراوه، چونکه دەقەکان لەڕووی کاتەوه رووداوەکان کاتێکی زۆر لەخۆدەگرن له(٢٤) سەعات تێدەپەرن، هەروەها رووداوەکان له چەند شوێنێکی جیا روودەدەن، لەبری ئەوەی له یەك شوێن روودەن. له ڕووی بابەتیشەوه، لەبری خۆبەستەوە به یەك تاکه بابەت، قسەکردن لەسەر زیاتر له بابەتێك لەخۆ دەگرێت. ئەرستۆ هێڵی سوری دانابوو بۆ ئەوەی که تراژیدیا و کۆمیدیا له یەك دەقدا تێکەڵ به یەکتری نەکرێن، بەڵام له دەقه تراژیدییه کوردییەکاندا ئەو مەرجەش فەرامۆشکراوه و زۆر ئاساییه که هەردوو شێوازەکه له یەك دەقدا

خۆیان ببیننەوە، ئەوەش شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە زۆر پێشتر ئەو شێوازە لەنێو شانۆی جیهانیدا پەیڕەوکرابوو، بۆ نموونە لەلایەن شکسپیرەوە، کە خۆڕزگارکردن بووە لەو یاساو دەستورە چەقبەستوانە، کە بۆ ئەو کات و سەردەمە باویان نەمابوو. ئەوەش شتێك نەبووە بە ڕێکەوت رووی دابێت، بەڵکو وشیاری و ئاگاداریی نووسەرانی کوردمان بۆ دەردەخات لە گۆڕانکارییە جیهانییەکان، لەهەمان کاتدا ئاگاداری یاسا و دەستوورەکانی سەرەتاش بوونە، چونکە هەدێك لەو یاسایانەشیان بەکارهێناون کە خزمەتیان بە دەق و نمایشەکە کردووە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (ئەرستۆ) یەکەم کەسە، کە بنەما و دەستووری بۆ تراژیدیا داناوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە باوەڕێکی پتەوی بە تراژیدیا هەبووە، ئەوەی جێگای لەسەر وەستان و تێڕامانە، کە (ئەرستۆ) شاگرد و خوێندکاری (ئەفلاتون) بووە، کەچی مامۆستاکەی تەواو لەو جیاواز بووە و باوەڕی بە تراژیدیا نەبووە، چونکە ئەو باوەڕی بە شاعیرانی تراژیدیانووس و خودی تراژیدیا نەبووە، لەبەرئەوەی بە لاساییکەرەوەی دەزانین و بە دوور لە هەقیقەتی دەزانین، هەتا لەبارەی کەسێکی وەکو (هۆمیرۆس)، کە ئەو خۆی زۆر ڕێزی لێدەگرت، بەڵام لەبارەیەوە دەڵێ: ئەو، (هۆمیرۆس)، هیچ شتێ نازانێ دەربارەی ئەو شتانەی کە تراژیدیاکە وەکو ناوەڕۆکێك لەخۆ دەگرێت، هیچ نازانێ لە بارەی شەڕ و پلانی شەڕ و سیاسەت، کە لەناو تراژیدیاکەیدا باسی کردوون، واتە ئەوەی باسی کردوون و باسیان دەکات هەمووی خەون و خەیاڵ و خەیاڵپڵاوییە، بۆیە دوورن لە ڕاستییەوە و هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵ و ژیان و بەختەوەریی کۆمەڵایەتی لێ نابینرێت. هەروەها دەڵێت، شاعیرانی داستاننووس و تراژیدیانووس هەموویان لاساییکەرەوەن و هیچ زانیارییەکی بنەڕەتی و هەقیقییان لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەینووسن نییە، هەمووی هەر رووکەشە و لاساییکردنەوەیە، تەنها قسەکردنێکی بێسوودە، کە ڕازێنراونەتەوە بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و جوانی و ڕازاندنەوە...، بۆیە ئەم کارە بە کارێکی سووك و بێکەڵك دەزانێ و پێیوایە، کە نابێ کەسانی ئاقڵ و سەنگین لەو کارانەوە بگلێن، چونکە نابێ بڵێ ئەو جۆرەیان داستانە و ئەو جۆرەشیان تراژیدیایە، بەڵکو هەمووی هەر یەك شتن و هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، ئەگەر هاتوو بابەتەکەی بەکێشی داستانی یان کێشی تراژیدیا بنووسێ، هەمووی هەر لاساییکردنەوە دەگەیەنێ. دیارە ئەوانە ڕای ئەفلاتونن، نەك لە حەقیقەتدا وابێ.

سەرچاوە و پەراوێزەکان لە لای گۆڤارەکە پارێزراون

# کەو
# لە فۆلکلۆری کوردیدا

نووسینی: باوکی ڕەسەن

« گەلی کورد، لە کۆنەوە گەنجینەیێکی گرانبەهای لە کەلەپووری نەتەوایەتی خۆی بووە، بەتایبەتی کەرەستەو بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆریی وەك چیرۆكو بەیت.»

لە ناو کوردەواریدا، بە داستانی هۆنراوەی فۆلکلۆری دەگوترێت (بەیت). جا ئەو داستانە، چ داستانی قارەمانیەتی بێتو چ داستانی ئەڤینو دڵداری. هونەری داڕشتنو شێوەی هۆنینەوەی (بەیت) یان بە شیعری هاوکێشو سەروادار هۆنراوەتەوە، یاخود بە جۆرە شیعرێکی کێش جیاوازی کورتو درێژی سەروا گۆڕاوی نزیك لە پەخشانی هۆنراوەیی داڕشتراوە کە پێی دەگوترێت (بەند). بەندی کوردی تەنیا هۆنراوەێکی شیعری فۆلکلۆری لەبار نەبووە بۆ هەڵبەستنی بەیتی قارەمانییەتیو دڵداری، بەڵکو لە کۆنەوەش جۆرە قالبێك بووە بۆ داڕشتنی گۆرانی پڕ سۆزو کەرەستەێکی سەرەکیی بووە بۆ لاوكو حەیرانو مەقامی کوردی. هیچ بەندێك بەبێ ئاواز نەماوەتەوەو هەردەم وێردی سەرزارو زمانی گۆرانیبێژان بووە.

جا بۆ کوردێکی چیانشین، جگە لە ئاسمانی شینو دارستانو شاخ وداخی سەر بە هەورو بەفرو مانگەشەوو دیمەنی ئەم گیاندارو دەنگو سەدایانە کەرەستەیەکی تری شیعری شك نابات، بۆ هۆنینەوەی بەندەکانی، پەنای بۆ بەرێت. مرۆڤ هەمیشە حەز بە لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانە دەکات کە لە سروشت دا گوێی لێبووە، وەك نەغمەی مەلە دەنگخۆشەکانو گرمەی هەورو وژەوژی باو هاژەهاژی ئاو....... کەواتە هیچ شکی تێدا نییە کە قاسپە قاسپو دەنگ وسەدای کەویش، وەك دەنگە خۆشەکانی مەلەکانی تر لە گوێی کوردا زرینگاوەتەوەو فێری سازو ئاوازو سەمای کردبێت. وەك (گۆران)ی شاعیر دەڵێت:

**قاسپەی کەوو نەغمەی چۆلەکەو بولبولی دەنگخۆش**
**پیاڵەی نەشئەی جەنت، بە گیانی بەردیش ئەکانۆش**

لە کۆنەوە دڵداری کورد، بە دولبەرەکەی خۆی گوتوو:

**ئەگەر تۆ کەوی ئەمن کەوبازم**

**سوندت لۆ دەخۆم هەر تۆ دەخوازم**

## - کەو لە گۆرانیدا:

ئەفسانەیێکی (چینی) دەڵێت:» مەلێکی نەناسراو چاوساغیی ئادەمیزادی کردووە بۆ دۆزینەوەی گۆرانی و مۆسیقا.» هەبێ و نەبێ ئەو مەلە نەناسراوە، لە کوردستانەکەی ئێمەدا (کەو) بووە. چونکە « گۆرانی فۆلکلوری کوردی کە لە هەڵبەست و هۆنراوەی فۆلکلۆری سادەو دڵڕەوێن داڕژاون، مۆرو سیمای دێهاتی پێوەیە، جێ پەنجەی شوان و ڕەوەند و ڕەشماڵنشینی دیارە.» جا چ شتێک هەیە بەقەد (کەو) لەو ژینگە خۆشەی ئەوانە نزیک بێت. کەواتە زۆر ئاساییە، کە (کەو) لە هەموو دەرگاو دەروازەو پەنجەرەکانەوە، بە ناز، هاتبێتە نێو ئاوازو گۆرانی کوردییەوە. (کەو) کەرەستەی ئەو هۆنراوانەیە کە « بۆنی غەم و غەریبیی و خۆزگەو خۆشیی و لەیل و مەیل و خوێن و خاکیان لێدێ پارچەیەکن لە ئەدەبی کوردی.»

خاڵی گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە: (کەو) وشەیەکی مردوو نەبووە هەر بۆ هێنانەوەی کێش و سەروای بەیت و بندەکان بەکار هاتبێت، بەڵکو وەسیلەیێکی زیندووی بەهادار بوو بۆ دەربڕینی سۆزو هەست و هزرو هۆشی تاکی کورد. ئەوان، هونەرمەندانە لەتەک هەموو پەڕو پەڕەمووچێکی ئەم باڵندەیە، زۆر جوان مامەڵەیان کردووە. کام گۆرانیبێژی ڕەسەنی کورد هەیە، گەرووی بە وشەی (کەوو ئەندامەکانی کەو) نەخارابێت و ئاشنا نەبێت؟ گۆرانی کوردی لێوانلێوە لە (کەو):

## دەنگی کەو:

هەمیشە مژدەهێنەری خێرو خۆشی و بەختەوەری بووە. هێورکەرەوەی دەروون و ئارامبەخشی دڵان بووە: نەبیستنی ئەو دەنگە، ڕەشبینی و نسکۆو نوشستی لەدوا بووە:



**لە کەل، سەرکەوتم، وەتەن دیارە**
**نە قاسپەی کەوە، نە دەنگی یارە**

قاسپەی کەو، بۆتە دەنگی نەرم وخۆش ئاوازی گەرووی یار. ناهەقیان نییە، چونکە هیچ دەنگێک وەک قاسپەکەی ئەو نابێتە پەلکەزێرینەی ئەو جوانییە:

**عاشقی دوو بڕۆی گیژێکم**
**جووت پەیوەستن پێکەوە**
**خودا لە قاقای ئەو کچە**
**قاسپەی دێ دەڵێی کەوە.**

چ شتێک وەک قاسپەی کەو مژدەی بوهاری پڕ ماچ و ژووان و ڕاموسانی بۆ دڵدارو عاشقان پێ نییە:

**بەهاران بەهارە...**
**ئایشلێی مامان**
**دەخوێنن کەوبارە...**
**وێمدە شەمامان**

لە وێنەی هونەری دەقە فۆلکلۆرییەکانی کوردیدا، کەو لە هەموو هونەرەکانی ئەو شێوازە ئەدەبییەدا خۆی فەرزکردووە: بڕوانن چەند جوان لە گەڵ بولبولدا لەم خوازەدا بەکار هاتووە:

**دوو کەو، دوو بولبول، دوو بەڵەک چاو دیم**
**دوو بەنەی بێ عەیب، لە ڕێی سەراو دیم.**



## پەڕی کەو:

لاوی کورد، ناتوانێت سەیری ڕوخساری دڵبەری بکاتو نیشانەیەکی کەوی تێدا نەبینیتەوە:

**چاوت، چاوی بازانە**
**برژانگت، پەڕی کەوێ**
**مەڕ، چیدەکرد لۆ بەرخی**
**هەندمان یەکدی خۆش دەوێ**

## کوڵکی کەو:

**بالیف لە کوڵکی کەوێ**
**بە جووت خەومان لێکەوێ**

## دەنووکی کەو:

**چاوت ئەستێرەی شەوێ**
**کولمت دەنووکی کەوێ**
**باسکت بکە بە سەر ین**
**بە جووت خەومان لێکەوێ.**

## خەت و خاڵ:

**یارێکم دەوێ، بچکۆڵەو منداڵ**
**وێنەی بارەکەو، تازە بدا خاڵ [٧]**

## چینەی کەو:

**کەوباڕێ بوایەم لە (جارەجۆ) دا**
**چینەم کردایە لە سینەی تۆدا.**

## ڕەوتی کەو:

**هاتە خوارێ وێنەی کەوە**
**یار ئەمان**
**وەکو ماینی خۆش جەڵەوە**
**یار ئەمان**
**کارمامزی، پێ بگرەوە**
**یار ئەمان**

خوێنەری ئازیز، جوانی هونەرکاریی و هونەرمەندیی وشەی (کەو) لە گۆرانی کوریدا، بە ڕاستو دروستی لە مێشكو هەستو دڵو دەروونداا، بەرجەستە دەبێ، ئەو کاتە کە خۆت گوێ هەڵدەخەی بۆ دەنگی هونەرمەندانی مەزنی وەك (حەسەن زیرەكو محەمەدی مامڵێو مەزهەری خالقیو تایەر تۆفیقو عەلی مەردانو ئایشەگوڵو گوڵبەهارو خاڵە سێوەو محەمەد عارف جەزیریو عیسا بەرواریو کەریم کابانو عەدنان کەریمو کاویس ئاغا .........تاد. ئەمانە تەنیا مشتێك لەو خەرمانە بە بەرەکەتەی ئەوانن:

**مانگە شەو خۆشە، هۆهۆی گاگێرە**
**قاسپەقاسپی کەو، مەڕ لەدو بێرە**

***

**قاسپە قاسپی کەو دێ، کەو لە بناری بەردوو**
**هەرمن بانگ دەکەم لێو ئاڵ، ئەو پێم دەڵێ دەردوو**

***

**بە کوێری دوژمن، بە دیدەی یاران**
**وەك کەو بخوێنین، لە پای نزاران**

***

**کەو یارێ و کەو یار، خاس کەویارێکی**
**دەم تەڕو لێو ئاڵ، عەجەب یارێکی**

***

**قاسپە قاسپی کەو دێ، کەو لە بناری بەردی**

**کەو کەوباڕ دەخوێنن، لە ئیزاعەی کوردی**

***

مەقامبێژی ناوداری کورد (سێوە) لە مەقامی (بەهار)دا، هێندە وەستایانە تەعریف کەو دەکات، بەو حەکیمو دکتۆرەی دەشوبهێنێت، کە هەر ئەو دەتوانێت دەردی دڵی ئەو تیمار بکات، بەڵام بەداخەوە ئەو کەوانەی ئەو هاواریان بۆ دەبات، لەو دیار نیین!

**ئەمن، بەهارەکم ئەوا گەیوەتێ**
**گەلی برادەرینە**
**خواکەی سەری من دەێیشی**
**دری منی مار وێران گەلەك بە کەوایە**
**ئەگەر کەوێ مار وێران**
**لەمن بوویتە تاقو جووتە**
**بەری سوێسکەی خانە خەراپ**
**لەمن بووین بە ڕەوایە.**

هونەرمەندی گەورە (خاڵە سێوە) لەم تابلۆ هونەرییەی خۆیدا. مەقامی شکۆداری (کەو)مان نیشان دەدات، کە ئەوە دەسەڵمێنی کورد بەو پەڕی ڕێزو ئیحترامەوە سەیری ئەو باڵندەیەی کردووە. «سێوەی عاشق لەم بەهارەدا لە هەموو بەهارەکانی تر پتر دڵی سووتاوەو بە سکڵو ژیلەمۆی ئەڤینو دڵداریّ، جەستەی داغو کەوی کراوە، ئەو چاوەڕوانی ئەوە بوو کە تاك تاك یان جووت جووت کەویاری نازدار و شۆخو شەنگ بێن دەرمانی دڵ ئەو بکەن، کەچی لە بێ بەختی ئەودا، ئەوا سوێسکە بە ڕەوەی دەوریی ئەویان گرتووە.» ئەمەیش ئاماژەیە کە سوێسکە خوازەیە بو کچەتیمو ناکەس بەچان، کە (سێوە) دڵی پێیان ناکرێتەوە، ئەو هەر بەتەمای هاتنی (کەوەکانە).

(کەو) دەنگو سەدای گۆرانی کوردی، لەژێیە سیحراویەکانی گەرووی هونەرمەندی مەزنی کورد (محەمەد عارف جەزیری)، گەیاندە هەر چوار ئیقلیمی دنیا، تا گۆرانییە بەناو بانگەکەی (کاڤۆکم لێ لێ) بوو بە ئاوازی چەندین گۆرانیبێژ بە زمانەکانی تر:

**کاڤۆکم لێلێ لێ لێ لێ لێ**
**کاڤۆکا ڕەشم وای وای**
**لسەریان و بن بانە**
**ئەز دێم دمەشم لو لو**
**لبن بانا قوربانێ**
**دێم دمەشم لو لو**
**ئەز ئاشقێ لێلێ**
**کچکا کەلەشم وای وای**

***

**کاڤۆکم لێلێ لێ لێ لێ لێ**
**کاڤۆکا سوورم وای وای**
**لسەریان و بن بانە**
**ئەز دێم دمەشم لولو**
**ئەز ئاشقی لێ لێ**
**چاڤێت ڕەشم قوربانێ**

***

**کاڤۆکم لێلێ لێ لێ لێ لێ**
**کاڤوکا شینم خودێوە**
**لسەریانا و بن بانە**
**ئەز دەخوینم لۆ لۆ**
**ئەز ئاشقی لێ لێ**
**کەچکا کەلەشم وای وای.**

(محەمەدی مامڵێ) چوارگۆرانی هەیە بە ناوی (کەو یار)و (کەومل) کە کۆی بەیتەکانیان (٥٣) بەیتەو تێیاندا دەڵێت:

**دینی لێ کردووم ، ئای، بە ئیمانەوە**
**ڕێم نییە هەڵیگرم، کەژاڵێ، بە جێ ویانەوە**
**کەویار ئەی کەویار، ئەردەلانییە**
**مەمکۆڵەت هەنار کەژاڵێ، ڕێی دەستم نییە**
**قاسیدم ناردبوو بە ئایەت بۆ جوابم نییە.**

***

**خودا دەیزانی، من بۆ تۆ چۆنم، ئاخ جەیران چاوەکەم**

**بۆ کزەی کەباب دێ لە دەروونم، ئاخ جەیران چاوەکەم**

**کەومل کەوملکە، دەسری هەوری لەملکە**

**من دەست دێنم خۆ شل کە، جەیران چاوەکەم**

**ئاخ جەیران چاوەکەم.**

(محەمەد سالح دیلان) یش دەڵێ:

**ئەم دەستەم ببڕن، ئەو دەستەم پێوە**

**دەست هەڵناگرم، لەم جووتە سێوە**

**لای لای لای**

**ئەرێ**

**کەوێ گەردن بە خاڵی**

**وای وای وای**

**تۆ**

**مندالی چواردە ساڵی**

## - کەو لە بەیتو حەیراندا:

ڕووبەری پانتای جوگرافیای حەیران لە دەشتی قەراج و کەندیناوە لە ناوەندی کوردستانی باشووردا تا دەم دەریاچەی (وان)و کەناری



مەهاباد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات داگیر دەکات. جا چونکێ ئەم دەڤەرە پانو بەرینە، هەموو جۆرە شێوازێکی سروشتی خاکو هەوای تێدایە، زۆر ئاساییە کە (کەو) وەك ڕەگەزو پێکهاتەیەکی زیندووو جوانی ئەم سروشتە، بوونو حزوورێکی بەرچاوی هەبێت لە بەیتو حەیراندا، حەیرانبێژان وەستایانە ئەویان ڕاکێشاوەتە نێو گۆبەندی گوتنی خۆیانو دەنگە خۆشەکەی ئەویان لەگەڵ ژێیەکانی گەرووی خۆیان ئاوێتە کردووە. ئەمەیش چەند نموونەیەك لە حەیرانی دەشتی هەولێر، کە (کەو)یان کردۆتە کەرەستەی بابەتەکەیان:

### (حەیران لە باسکە باسکان)

حەیران لەباسکە باسکان .... کەویەك دەخوینی لەگەر دوو سوسکان....ئەوا کیژ دەرێ ... کوڕەتیم حەیران ... دەوەر بەوێ بوارێ .... لەناو گیاو کنێران.... لۆخۆمان تێکهەر کەین سمێرو بسکان..... حەیران دەرێم ....نادری، وەلا بە من نادری.... لەچاوان بازی ....لە خوێندنێ کەوی... لە فڕینی کۆتری... دەمگۆ، ئەمن چجاران دەست لەبەژنەکی باریك هەرناگرم.... هەتا ئەوێ ڕۆژێ بە کۆمەرگی.... برادەران شۆڕم دەکنەوە .....لەبۆ خاکی گری.

### بەشێك لە حەیرانێکی تر:

ڕۆینی ڕۆینی مامزێ.... لە قاسپە دەتگوت کەوە.... غرمەی گوارەو شۆرابان، مەڕی دەرەواندەوە... گرتمو لە ئامێزم گرت، خۆم پێ گەرم کردەوە.... دەستم لەبۆ یەخەی برد شەمامەم نەدیتەوە... درم سارد بوو وەك بەفرێ... هەستام لەخۆم چوومەوە..... جاعێران لۆمەم دەکەن... بەبێ ماچ گەڕامەوە.

# ناوبانگی شوێن له بەرهەمدا



عەبدولوەهاب شێخانی

کوردستانی ڕەنگین و دلڤین، سروشته جوانەکەی، سەقا (ئاو وهەوا) ساف و زوڵاڵەکەی، چیا و دۆڵ و دەشته کاکی بەکاکییەکەی، دونیای زەوق و خۆشی دەبەخشێته دانیشتوان و مرۆڤەکانی، نەک خەڵکەکەی، بەڵکو مەل و پەرەندە هەردەم مەستەکەی بە بۆی گوڵ و دارودەوەن و گیاوگوڵ و ڕەنگ و بۆی.... وڵاتێك ئاوا ناسك و نازدار و دڵرفێن، به پیت و بەرەکەت بێ....دار و درەخت و بەروبومێك به بڕشت و بەتام و قەشەنگ و بەلەزەت دێنێته بەرهەم، که ناوبانگی به هەموو ناوچەکەدا بڵاو بێتەوە، ببێته دەوای زۆر دەردان... دانیشتوانەکەشی بەو هەوایه پەروەردە بوبێ، له ناو ئاوە سازگار و شیرین و سووك و خۆشه، دڵ و دەروون و مێشکی ئاودرابێ، چۆن بەتوانا و زیرەك و ژیر نابن؟ .... خاك و خۆڵه به پیت و بەرەکەتەکەشی بەرهەمێك دێنێته بەرهەم که جێگای سەرنج و تێڕوانین بێ و ناوبانگ دەربکات. جا سەیر لەوەدایه خاکی هەر دەڤەر و مەڵبەندی گوند و شارۆچکەیەك، بەرهەمێك دێنێته بەرهەم، که له شوێنێکی تر جیاوازە، شۆرەت دەداته ئەم شوێنه و شانازیی پێوە دەکرێت. یان له خواردن و کەلوپەل دروستکردن، یان له ئاژەڵ پەروەردەکردن، دەبێت به ناسنامەی هەموو خەڵکی ئەم جێگایه.... بەڵێ ئازیزان ئەوەیه هەروەك و شاعیر دەڵێت (وڵاتی باب و باپیرم، هەزارجارت دەبەر مرم). بەڕێزان ئەوە دڵۆپێکه

لە کانیاوی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەوی کوردستان. ئەو ڕۆژە لە ماڵی پلە مرۆتی مەولود سورامی بووم، خارە زیندین و تاژدینیش لە وێ بوون...هەر دەیانگوت کوڕە شێخانی دەبنووسە خۆ بە جەرباندن ئەو جێیانە ناوبانگیان بەو شتانە دەرکردووە با لەناو نەچێ، منداری ئێستا بیانناسن خۆ بە ناشوکری نەبی هیچی لێ نازانن!

دەفەرموون ئێوە و هەرشوێنێك و بەرهەمە بەناوبانگەکەی وەکو: (سێوە سەردەشت)، (هەناری شارەبان)، (گەنمی ناو کۆڕێ)، (ماستی هەولێر)، (گوزی مەلەکان)، ( تووی شەقلاوەی)، (گندۆرەی بەر حوشتری و کلاو قوت)، (ئەستوکە بەڕوونی کۆیە)، (هەناری نازەنینێ)، (کری بێتواتەی)، (برنجی ئاکرێ)،(هەنجیری شەرەبۆتی)،(برنجی باتاسی)،(توتنی شاورێ)، (گەنمی کەندێناوە و قەراجی)، (کفتەی رواندزی)، (دۆڵمەی هەولێریان)، (تەندوری کەرکوکیان)، (هەنجیری تەقتەقی لەناو دەوت دەتەقی)، (هەنجیری -هیژیری- شەنگالی بەناۋ و دەنگن)، (جەڕە و گۆزەی گەرمیان)، (خەنجەری کوردەواری)، (نیسکی عەنکاوە)، (شاڵ وشەپکی زاخۆی)، (سماقی ئاکرێ)، (توتنی زێوە و هەرتەلی)، (میوە و گوێزی خۆشناوەتی)، (داسی شەقلاوە و خەتێ)، (نانی تیریی کوردەواری)، (نانی هەورامی)، (شێلمبەترشی کۆییان)، (پەنیری هەرکییان)، (کلاشی کوردەواری)، (خەنجەری کوردان)، (نێرە کەری گەلیاوەی)، (رەشماڵ و چیغی و رەوەندان)، (فشەی بنەسلاوەی)، (هەوری سەری ژنی ڕەوەندان)، (تەحینی ئامێدی)، (زەیتونی هەرمۆتەی). خوێنەری بەرێز من هەر ئەوەندەم زانی بەڵکو زۆر لەوە زیاتریشە.



نانی کوردی

# پارچەشیعرێکی بڵاونەکراوەی
# (د. ئەبوبەکر خۆشناو)



**نووسینی: عبدالواحید ئیدریس**

کەمن  ئەو مرۆڤانەی لە چەندان بوارا جێ پەنجەیان دیارە و ڕۆڵی پڕ لە داهێنان  دەبینن. ئەبوبکرخۆشناو ئەو مرۆڤە بەخشندە و کەسایەتییە هەگبە پڕ و لێبڕاوەی کاروانی ڕووە و خۆری ئازادیی کوردستانە. کە زۆر بەبێ دەنگی، بەڵام بە شەونخونی و بێداری، دوێنی لەگەڵ وشە بێباکەکانی سنگەری بەرەنگاری و ئەمڕۆش گەڕانی بێوچانی بەدوای مێژووی شێواوی گەلەکەمان ڕۆژی کردۆتەوە. خۆشناوی نەمر ئەو پیاوەی هەڵگری  چەندان ناونیشانە.

**ئەبوبەکری شۆڕشگێڕ**

کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی بیستی شاری هەولێر، گەواهیی شۆڕشگێری و چاونەترسیی خۆشناو دەدەن لە خوێندنگا و کۆڕ و کۆبوونەوەکان.

ئەبوبەکری شاعیر

شیعری بەرەنگاریی رۆژە سەختەکانی نیشتمان و ئەو شیعرەی لێرەش بڵاوی دەکەینەوە پێمان دەڵێن شاعیری بەرەنگاری و سەنگەری گەل بوو.

ئەبوبەکری پێشمەرگە

پێشمەرگەیەك کە هەموو خەون و هیوای تەنیا ئازادی و سەربەخۆییی کورد بوو. هەر بۆیەش هەوراز و نسکۆکان لە شۆڕشیان دانەبڕی تامەرگ لە ئێمەی دابڕی.

ئەبوبەکری نوسەر و وەرگێر :

ئەو وەك مرۆڤێکی ئاشنا بە خەمەکانی نیشتمان، دەیزانی قۆناغەکان چی لێدەخوازن، هەر بۆیەش، بەشێکی کاتەکانی ئەم سەردەمەی بەخشییە وەرگێرانی ئەو پەیڤانەی لەسەر کورد نووسراون و تائێستاش کورد نەیدیوە.

ئەبوبەکری ئەکادیمی

لەم بوارەشدا رۆڵی زانستخوازانەی خۆی هێندە بەبەرزی خستە ڕوو، کە وەلامێکی جوانی ئەو کەسانەی پێ دایەوە کە بەچاوی مرۆڤێکی پەراوێز لە پێشمەرگە دەڕوانن.من لێرەدا کۆتایی بە وشەکانم دێنم و شیعرێکی شاعیر و پێشمەرگە (د. ئەبوبەکر خۆشناو) دەخەمە بەرچاوی ئێوەی خوێنەری بەرێز، کە لە یادی (٩) ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ لە ئاهەنگێکی خنجیلانەی گوندی (مورتکە)ی دەشتی هەولێر، لەساڵی ١٩٨٤ پێشکەشی کردووە کەماوی ٣٢ ساڵە کاسێتی ئەم ئاهەنگە لای من پارێزراوە.

سروودی بەرەنگاری

سەردەمێك بوو ڕەشە بایەك

هەڵیدەکرد

بەگوڕ دەهات و

شاباڵی لە چیا بەندەکان دەدا

باڵی ڕەشی بەسەر دەشتەکان دا دەدا.

ڕەشەبا هات

درەختی پیری کەناری

لەگەڵ تەوژم ڕاپێچا

ئەی درەختە زەلامەکە

بۆ چیا و ڕووبارت بەجێهێشت؟

بۆ هەلاّتی

بۆ لێگەڕای

دەستگیرانە بریندارەکەت

بەدیل بگرن، بۆ هەلاّتی؟!

ئێمەی جۆگا دەڕۆین دەڕۆین

تا بە ڕووباری خوێنی شەهیدانمان دەگەین

پێیان دەڵێین:

ڕەشەبایە و هاشەی زریان

گوندەکانمان دەتاسێنێ

دیسان هەمان ڕەشەبایە

ئەو ڕەشەبایەی ئەوێ ساڵ
درەختی پیری ڕاپێچا
دیسان هەمان ڕەشەبایە
بەڵام ئێمە خۆ بەفر نین
لەبەر هەتاو بتوێینەوە
تەم نین هەتا چێشتەنگاوان
بۆ سەر لوتکەکان هەڵکشێین
ڕووباریش نین سەر بەرە و خوار
ملمان نابێ و
پێمان نەکرێ بگەڕێینەوە سەرچاوەکان
دارەبەنین لەبەردەم ڕەشەبادا
گوللەین لەوەرامی ستەم
لوتکەین لە دژی زریان
پێشمەرگەشین بۆ وڵاتێ
کە کاروانی تێکۆشانی
لە ڕێگایە و
نە لورەی سەگ دەیوەستێنی
نە تیرۆری فاشستەکان
سەری بەرزی دادەنوێنی

کورتەیەك لە ژیاننامەی شاعیر

لەساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لەدایك بووە.

لەساڵی ١٩٧٤ دەستی بە نووسین کردووە.

بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە.

زیاتر لە (٢٠) کتێبی چاپکراوی هەیە لە شیعر و نوسین و وەرگێڕدراو.

بەشداریی شۆڕشی نوێی کردووە تا ڕاپەڕین بەردەوام بووە.

بەداخەوە لە ٢٠١١/٧/٢٧ بەنەخۆشییەکی کوشندە، دوامالئاوایی لەژیان کرد.

( ٢– ٢ )

# يارییە فۆلكلۆرییەكان



هۆشیار بەكر عەزیز
كەركوك

**یاریی قەرەهات**:

ئەم یارییە بە شەوان دەكرا تایبەت بوو بە پیاوان و لاوان، چەند كەسێك خۆیان دەشاردەوە كە بیانزانیبا قەرەهات(قەرە وشەیەكی توركییە بەمانای ڕەش)، بەڵام لێرە مەبەست لە كەسێكی شەڕانگێز و خراپە، كە قەرە نزیك ئەبوەوە لە شوێنەكە، وەك ئەوەی ئاگاداریان بكاتەوە، دەیوت قەرە یەك، چەند چركەیەك ئەوەستا دەیوت قەرەدوو، چەند چركەیەكی تر ئەوەستا لە سێیەم جاردا دەیوت قەرەهات، ئەوانەی خۆیان شاردووەتەوە زیاتر ئاگاداری خۆیان دەبوون، ئەگەر یەكێكیانی بدۆزرایەوە ئەوا كەسە بە دۆڕاو ئەژمار دەكرا. ئەم یارییە لە شێوەی چاوشاركێدابوو.

**یاریی ناوخەتێن (هەنگڵەشەلێ)**:

ئەم یارییە چەند كەسێك دەیانكرد، بە هێڵ چوار گۆشەیەك یا بازنەیەك دەكێشرا، یاریزانەكان ئەچونە ناوییەوە، یەكێكیان بە ڕۆیشتن لەسەر پێیەك و بەرزكردنەوەی ئەوی تر، واتە بە هەنگڵەشەلێ یاریزانەكانی تری ڕاو دەنا، یاریزانەكانیش لێی دوور دەكەوتنەوە، كە بگەیشتایە یاریزانێك، بەو قاچەی كەبەرزی كردووەتەوە، شەقێكی بدایە لە یاریزانەكە، ئەوا دەدۆڕا و لە یارییەكە دەچوە دەرەوە، جاری وا هەبوو یاریزانێكی تەنگاو دەكرد ناچار دەبوو ڕابكاتە دەرەوەی هێلەكە ئەویش بە

دۆڕاو ئەژمار دەکرا.

## یاریی چەپۆك لێدان:

ئەم یارییە لە نێوان چوار پێنج کەسێکدا دەکرا، یەکێك لە زەوی دادەنیشت، ئەوانیتر بە چواردەوریدا دەسوڕانەوە، هەوڵیان دەدا بە چەپۆك بدەن بەسەریا. ئەگەر بیاندایە لە سەری، ئەوا هەر بەدانیشتویی دەمایەوە، ئەویش هەوڵی دەدا بە شەق لێیان بدا، بۆی نەبوو لە جێگەی خۆی هەڵسێ. دەستێك و قاچێکی لە زەوی دەما و بەقاچێکی شەقی بۆ دەوەشاندن، ئەگەر شەقێکی لە هەر کامیان بدایە، ئەوا ئەو کەسە دەهاتە جێگەی ئەو و هەڵئەسا لەجیاتیی ئەو یاریی دەکرد، ئیتر بەو شێوەیە یارییەکە بەردەوام دەبوو.

## یاریی حەبلێن (پەتپەتێن):

ئەم یارییە تایبەت بوو بە کچان و هەندێ جار کوڕیش دەیکرد، پارچەیەك پەت (گوریس)، کە درێژییەکەی بە گوێرەی گەورە و بچوکیی مناڵەکان دەگۆڕا، مناڵێك هەردوو سەری حەبلەکەی بە دەستەوە دەگرت، لە پێشەوە بای ئەدا بۆ دواوە، لە کاتی بادانا هەڵدەبەزییەوە بۆ ئەوەی حەبلەکە لە ژێر پێیەوە تێپەڕ بێت. بەو شێوەیە یاریی دەکرد هەتا ژمارەیەکی دیاریکراو، پاشان هاوڕێکەی یاریی دەکرد. بەشێوەیەکی تریش یاری دەکرا، دوو مناڵ هەریەکەیان سەری گوریسەکەی دەگرت، بەیەکەوە گوریسەکەیان دەسوڕاندەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، مناڵێکی تر خۆی ئامادە دەکرد، لە کاتی هاتنە



یاری پەتپەتێن

خوارەوەی گوریسەکەدا بازی دەدا بەسەریا، تا ژمارەیەکی دیاریکراو یاریی دەکرد، دوایی مناڵێکی تر یاریی دەکرد، جاری واهەبوو مناڵەکە پێی لە گوریسەکە گیردەبوو. ئەم یارییانە تەنها بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بوو، دۆڕا و براوەی نەبوو.

## یاریی ئاشکان و باشکان:

ئەم یارییە لە نێوان کۆمەڵێك مناڵ دەکرا، دوانیان دەبونە سەرکردەیان، وشەی نهێنییان بۆ یەکتری دادەنا، بۆ نمونە یەکێکیان قەڵەم و ئەویتریان کتێب، دەبوایە مناڵەکانی تر بە وشە نهێنییەکە نەزانن. دوو سەرکردەکە دەستی یەکتریان دەگرت و بە لای ڕاستدا دەیانبردە ئاسمان و دایان دەگرت و بەهەمان شێوە

بەلای چەپدا، لەگەڵ جولانەوەی دەستیان دەیانوت ئاشکان و باشکان... کاروان و کاشکان، منداڵەکانی تر بەڕیز دەوەستان، یەکە یەکە لە ژێر دەستیانەوە تێپەڕ دەبون، لە منداڵی دوایی دەستیان دادەگرتەوە، منداڵەکە لە نێوان دەستیان بەند دەبوو نەیدەتوانی تێپەڕ بێت و بە هێواشی پێیان دەوت: کتێبت دەوێ یان قەڵەم؟ ئەگەر بیوتایە کتێب ئەوە بەریان دەدا و دەچووە پشتی ئەوەی کە وشەی نهێنییەکەی کتێبە. ئیتر بەو شێوەیە یارییەکە چەند بارە دەکرایەوە، منداڵی کۆتایی چی نهێنییەکی بوتایە دەچووە پشتی ئەوەی کە نهێنێکە هی ئەوە، بۆیە مەرج نەبوو منداڵەکان بە یەکسانی بچنە پشتی هەردووکیان. جاری وا هەبوو وشە نهێنییەکە ئاشکرا دەبوو دوو سەرکردەکە وشە نهێنییەکەیان دەگۆڕی. کە هەموو منداڵەکان دەچونە پشتی هەردووکیان، واتە دەبوون بە دوو کۆمەڵ، هێڵێك لە نێوان دوو کۆمەڵەکەدا دەکێشرا، هەر کۆمەڵەی دەستی یەکتریان دەگرت سەرکردەکانیان لە پێشەوە، پێش ئەوەی یەکتر ڕاکێشن دوو سەرکردەکە دەستی یەکتریان دەگرت، دەست دەکرا بە یەکتری ڕاکێشان، چی کۆمەڵەیەك کۆمەڵەکەی تری ڕابکێشایە دیوی هێڵەکەی خۆی، ئەوا براوە بوو. ئەم یارییە کوڕان و کچانیش دەیانکرد.

## یاریی حەمامە قوڵێ:

بۆ ئەم یارییە خۆڵێکی شێداری پاك و نەرم، لە وردەبەرد پاککراو، ئامادە دەکرا، چینێك خۆڵ ڕادەخرا، باش دەیانپەستا. دوای ئەوە چینێکی تر خۆڵیان دەکرد بە سەریا، دووبارە دەیانپەستا. ئیتر بەو شێوەیە چەند بارە دەکرایەوە، هەتا ئەبوو بە تەپۆڵکەیەکی بەرز وەك گومەت، پاشان دوا چینی پاش پەستانەوە ئاو پرژێن دەکرا، دەمایەوە هەتا کزردەبوو، ئینجا لە لاکانییەوە، لە سێ لایەوە یان زیاتر، وەك دەرگای لێدەکرایەوە، هێواش هێواش خۆڵی لێدەردەکرا هەتا بە تەواوی خۆڵی تێدا نەدەما تەنها بنمێچەکەی دەمایەوە، دوای ئەوە بە پوش و پەڵاش و وردە دار، ئاگری تێدا دەکرایەوە هەتا بە تەواوی بنمیچکەی وشك دەبوو، ئیتر منداڵەکان شتیان تێدا دادەنا.

## یاریی حەوت بەردینە (حەوت پاتری):

حەوت بەردی تەخت و پان یان حەوت پاتری (ئەمە چوار گۆشەی تەنك بوو لە ناو پاتری گەورە دەردەهێنرا کە کەر و جاشیان پێیئەوت) لە سەر یەکتری دادەنرا، دوو کۆمەڵ، هەر کۆمەڵی لە سێ کەس یا زیاتر پێکهاتبوو، هەر کۆمەڵەیان بە دووریی ماوەیەکی یەکسان بەرامبەر یەك لەمدیو و ئەودیوی بەردەکانەوە دەوەستان، تەڕ و وشك دەکرا بۆ ئەوەی کام کۆمەڵە ببێتە یەکەم. کۆمەڵەی یەکەم کە یارییەکەی دەست پێدەکرد تۆپێکی لە پەڕۆ دروستکراو یا هەر تۆپی ئاسایی، یەکێك لە یاریزانەکانی دەیهاویشت بۆ بەردەکان، ئەگەر هیچ بەردێکی نەخستایە، ئەوا یارییەکە دەکەوتە دەست کۆمەڵەی دووەم و یەکێکیان تۆپی بۆ بەردەکان دەهاویشت. بەڵام ئەگەر یاریزانی کۆمەڵەی یەکەم چەند بەردێکی بخستایە تۆپەکە هەر

دەکەوتە لای کۆمەڵەی دووەم، یەکێك لە کۆمەڵەی یەکەم هەوڵی دەدا بڕوات بەردەکان بخاتەوە جێگەی خۆی، بەڵام ئەو کەسەی لە کۆمەڵەکەی دووەم کە تۆپەکەی دەست کەوت هەوڵی دەدا نەهێڵی ئەوەی کە دێ بەردەکان بخاتەوە جێگەی خۆی، تۆپەکەی بۆ دەهاویشت، ئەگەر لێیبدایە ئەوا ئەو کەسە لە یارییەکە دەکرایە دەرەوە، لە کاتی کردنە دەرەوەیدا یەکێ لە هاوڕێکانی بۆی هەبوو لە جیاتی ئەو بچێت بەردەکان بخاتەوە جێگەی خۆی، ئەگەر تۆپەکەی بەر نەکەوتایە ئەوا بەئاسانی بۆ خۆی بەردەکانی بە ئیسراحەت دەخستەوە شوێنی خۆی و دەبوون بە براوە، کۆمەڵەی یەکەم لە یاریکردن بەردەوام دەبوون. کە تۆپەکە دەهاوێشترا، لای کۆمەڵەی دووەم نەدەما، بۆیە یەکێکیان بەڕاکردن دەڕۆیشت بۆ ئەوەی تۆپەکە بهێنێتەوە نەهێڵێت کۆمەڵەی یەکەم بەردەکان بخەنەوە جێگەی خۆی، ئەگەر توانیان بە تۆپەکە بدەن لە هەموو یاریزانانی کۆمەڵەی یەکەم و بەردەکان نەخرابنە جێگەی خۆی، ئەوا یارییەکە دەکەوتە دەستی کۆمەڵەی دووەم. ئەم یارییە زیاتر لاوان دەیانکرد.

## یاریی چەڵەمەشکێنە:

ئەمە ئێسقانێك لە ناو سنگی مامردا هەیە لە شێوەی ژمارە حەوت، دوو کەس دەیانشکان، هەر یەکەو لایەکی دەبرد، لە دوای ئەوە ئەگەر یەکێکیان شتێکی بدایە دەست ئەوی ترەوە، ئەوەی شتەکەی وەردەگرت یەکسەر نەیوتایە لە بیرمە ئەوەکەی تر ئەیوت نەمبردەوە؟! ئیتر ئەوە بە براوە دەژمێردرا، زۆر جار لە سەر شت دەیانکرد جاری وا هەبوو لەسەر شتی بەنرخ دەکرا.

## یاریی قولان :

ئەم یارییە تایبەت بوو بە لاوان و پیاوان لە نێوان چەند کەسێکدا دەکرا، هەریەکەیان قاچی ڕاستی هەڵدەبڕی، لە پشتەوە دەستی چەپی دەبرد، پەنجە کەڵەی قاچی ڕاستی دەگرت، دوای ئەوە هەریەکەیان بە هەنگڵەشەلێ (هەڵبەزین) تاوی دەدا لەوی تریان، بە دەستی ڕاستیان لە یەکتریان دەدا ، ئەوەی بکەوتایە سەر زەوی ئەوە بە دۆڕاو ئەژمار دەکرا.

## یاریی سیفۆن:

ئەم یارییە لە نێوان دوو کەس دەکرا بە خواردنەوە گازییەکان وەك بیبسی یا سێڤن یا کۆلا. بتڵێك لەو خواردنەوەیان دەهێنا، دوابەدوای یەك هەریەکەیان چەند هێڵیکی دەکێشا، بوتڵەکەیان باش ڕادەوەشاند هەتا غازەکەی ناوی حەسر دەبوو، بە ڕاوەستاوی لە زەوی دادەنرا، بە کلیلی سەرقاپکردنەوە سەرقاپەکەیان دەکردەوە، ساردییەکەی فچقەی دەکرد و دەهاتە دەرەوە، لەسەر هێلی کامیان ڕاوەستایە ئەو کەسە براوە بوو و چەندی ساردی لە ناو بوتڵەکە بمایەوە ئەو دەیخواردەوە، دۆڕاوەکە پارەی ساردییەکەی دەدا.

## یاریی شەقان:

ئەم یارییە تایبەت بوو بە لاوان و مێرد منداڵان، دەبوون بە دوو کۆمەڵەی یەکسان، لە جێگەیەکی

تەختدا بە بەرد هەر لایەکیان گۆڵیان بۆ خۆیان دادەنا، هەموو یاریزانەکان هەر یەکەیان دارێکی بە دەستەوە بوو کە بەشی خوارەوەی چەماوە بوو، یەکێك لە هەر کۆمەڵەیەك بەدارێکەوە ئەرکی پاراستنی گۆڵی کۆمەڵەکەی بوو، بە دارێکی خڕ وەك تۆپ یان تۆپی لە پەڕۆ یان لە پەتك دروستکراو یارییان دەکرد. هەر یاریزانێك کە تۆپەکە بگەیشتایە لای، بە دارەکەی دەستی لێیدەدا و هەوڵی دەدا بیگەیەنێتە لای گۆڵی بەرامبەر و بیکاتە گۆڵەکەوە، ئەمەش ئاسان نەبوو، چونکە یاریزانانی بەرامبەر ڕێگرییان لێدەکرد، ئەگەر تەنگاو بوایە ئەوا تۆپەکەی ڕەوانەی یەکێك لەو هاوڕێیانەی دەکرد کە لە شوێنێکی شیاو بوایە، ئیتر بەو شێوەیە یاری دەکرا. ئەوەی گۆڵی زیاتری تۆمار بکردایە ئەوا براوە بوو. شێوازی ئەم یارییە وەك یاریی تۆپی پێی ئێستایە.

یاریی پەڵێن: ئەم یارییە لە (پەڵ)ەوە هاتووە واتە (بەرد)، بەمانای بەرد هاوێشتن دێت، لە نێوان دوو کۆمەڵە دەکرا، هەر کۆمەڵەی لە سێ کەس یان زیاتر پێکدەهات، هەر کۆمەڵەی سێ بەردیان بە ڕاوەستاوی ڕیزدەکرد و بەردی چوارەم لە پێشیانەوە، نێوانی بەردەکانی هەر کۆمەڵەیەك نزیکەی سەد مەتر دەبوو. دەستپێکردنی یارییەکە بەم جۆرە بوو: بە پێی ڕێککەوتن کۆمەڵەیەکیان دەبوو بەیەکەم و یاریی دەست پێدەکرد. هەر یەکێك لە کۆمەڵەی یەکەم لە لای بەردەکانی خۆیانەوە سێ بەردی دەهاویشت بۆ بەردەکانی کۆمەڵەی دووەم، ئەگەر بیانتوانیبایە هەموو بەردەکان بخەوێنن، ئەوا بە براوە ئەژمار دەکران و یەك خاڵیان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکرد، بەڵام ئەگەر بە هەموویانەوە نەیاتوانیبا هەموو بەردەکانی کۆمەڵەی بەرامبەر بخەن ئەوا خاڵیان بۆ نەبوو. پاش ئەوە نۆرەی کۆمەڵەی دووەم دەهات بۆ بەردهاوێشتن، بۆیان هەبوو جێگۆڕکێ بکەن کاتێك جێگەی بەرامبەرەکەیان باشتر بوایە، هەر یەکێك لە کۆمەڵەی دووەم دەستی دەکرد بە هاوێشتنی سێ بەرد بۆ بەردەکانی کۆمەڵەی یەکەم، ئەگەر بیانتوانیبایە بەردەکانیان بخەن ئەوا ئەوانیش خاڵێکیان مسۆگەر دەکرد. بەو شێوەیە یارییەکە چەند بارە دەکرایەوە هەتا بێزار دەبوون. لەکاتی یاری کردندا ئەگەر تەنها یەکێك هەموو بەردەکانی بخستایە ئەوا پێویستی نەدەکرد ئەوانی تر بەرد بهاونەوە و کۆمەڵەکەی خاڵی مسۆگەر دەکرد.